# تارمایەک
# لەبەر باراندا

کتێب: تارماییەك لەبەر باراندا

نووسەر: فەرهاد مستەفا

بابەت: کورتە چیرۆك

وێنە و نەخشەسازی بەرگ: ڕۆستەم ئاغالە.

پیتلێدان: نووسەر

چاپخانە: بینایی

ساڵی چاپ: ۲۰۱۰

تیراژ: ۵۰۰

لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی(۱۲۵۹)ی

ساڵی (۲۰۱۰)ی پێدراوە

# تارماییەک لەبەر باراندا

## کورتە چیرۆک

فەرهاد مستەفا

پێشکەشە بە:

# غەریب

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| وەرزی دووەمی ونبوون | ٠٩ |
| .. من و پێكەنینەكانی سەگ | ٢٧ |
| خانمی مردوو | ٤٧ |
| كەسێك ئیتر هیچ نالێت | ٨١ |
| نیگا پایزانیێكی پیر بوو | ٩٥ |
| تارماییەك لەبەر باراندا | ١٢٣ |
| سەربازی شەترەنج | ١٣٥ |
| لەوسەری تەمەنەوە.. ئاهێك | ١٥٩ |
| ماڵێك لە ژێر زەمین | ١٧٧ |

# وەرزی دووەمی ونبوون *

* لە گۆڤاری( ئایندە) ژمارە (٨٨) دا بڵاوکراوەتەوە.

مـن.. چـیرۆکگێڕەوەی کەسـێکم، سـالآنێك لەمەوبـەر مـرد!. مـردن بــەمانا فیزکییەکــەی نــا، ئەوکەســە ئێســتاش لەوانەیــە هــەر پاڵکــەوتبێت، یــان پاڵکــەوتبێت وهەوڵبــدات بیربکاتــەوە، یــاخود بەپاڵکەوتنــەوە خــواردن بکــەن بەدەمییــەوە، یابیــەوێت بــە پاڵکەوتنەوە بڕوات. لەوانەیە زیندووبوونـەوەی ئـەو لەگـەڵ مردنـی منـدا دەسـتپێبکات. دەشـێت مردنـی مـن وئـەویش هـیچ مانایـەك نەبەخشێت، چوون مردنـی ئـەو سـەدان ئینسانـەی ڕۆژانـە دەمـرن و کەسێکیش بەپێویستی نازانێت بەسۆراخی مردنیانەوە بێت.

نازانم ئەگەر کەسەکە بمرێت، یادەوەرییەکان چ بارستێکیان هەیـە؟ چجای ئەوەی، بیرەوەرییەك پڕبێت لە نەووتن!!.

بەرلــەوەی، بگەمــە ئاقــاری ئەوکورســییە ســەندەڵییەی لەســەری دانیشــتبوو. کۆکــە بــە دواییەکــەکانی، ڕاســتی هــەموو ئــەو باسـکردنەی بۆسـەلماندم، کـە پێشـوەخت زیـاد لەپێویسـت بۆیـان گێڕابوومەوە!.

**بەرلەوەی بیبینم، جارجارە ناویم ژنەڤتبوو، ئەمما.. ئەوەی هەرگیز لەپانتایی نووسیندا هەڵوێستەیەکم لەسەرینەبوو،(سەرگوڵپاشا) بوو.**

**ماوەیەکی زۆرە بە فەرمانێکی تایبەت گواستراومەتەوە بۆ ماڵی سەرگوڵپاشا. بەڕێوبەرەکەم، بەمنتەوە هەواڵی گواستنەوەکەی پێدام، هاوڕێیانی ژوورەکەشم، سووربوون لەسەر ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا یەك کەسیان ناناسمەوە.**

**هەموو ڕۆژێك، لە کاتژمێری١٠ ی سەرلەبەیانی ــ جگە لە ڕۆژانی سێ شەمموان وهەینی ــ دەگەمە بەردەم دەروازەگەورەکەی ماڵی سەرگوڵپاشا. بەرلەوەی لە دەرگاکەبدەم، پیاوێك دەرگاکەم لێدەکاتەوە. هەمووکاتێکیش دەرگاوان ئەو پیاوە بووە و بەس. تەنیا ئەوەندە لەگەڵ یەکدەڵێین:**

**ــ بەیانیت باش.**

**ــ فەرموو.**

**نە من لێمپرسیوە ناوت چییە، نەئەویش بەچاوێکی ناجۆر لێمدەڕوانێت، زۆرینەی ڕۆژەکان، دروست... لە سەروەختی گۆڕینی چەپکە گوڵی نێو گوڵدانەکەی بەردەمی سەرگوڵپاشا و دانانی قاوە و پەرداخەئاوەکەی بەردەمم، ئەو دێتە ژووریٚ، چاوم لێیە، بەگۆشەنیگایەکی ترسنۆکانەوە دەڕوانێتە سەرگوڵپاشا. نازانم، هاتنی بەدیاریکراوی لەمساتەوەختەدا بۆچییە!. نەهیچ دەڵێت، نەکارێکدەکات مایەی سەرنجدانبێت.**

بەڕاست بۆ تەنیا ناوی ئەوم هێنا؟. حەرامسەرا پڕن لەو پیاوانەی ئەگەر لە شوێنێکی ناجۆردا ڕووبەڕوویان ببیتەوە، دەخوازیت تووشی چورتمێکت نەکەن.

ئەگەر ئەوساتەوەختەی دەگەمە بەردەروازەکە، ئەم پیاوە پێینەوتمایە: فەرموو. گرەوم لەگەڵدا دەکردیت، کەکابرایەکی کەڕولاڵە. خۆ ئەگەر وەك من تەماشایی بکەیت، گومانت نامێنێت گەر بڵێیت هەرگیز دەمولێوی پێکەنینی بەخۆیەوە نەبینیوە.

نە من لەبەڕێوبەرم پرسی بۆچی بۆئەویٚ! نە ئەویش هیچی وت. هێندەم وت:

ـ چۆن لە خۆمەوە دەتوانم بچم بۆ ئەویٚ؟!.

ـ خۆیان دێن بۆ ماڵەوە بۆلات، وردەکاری کارکردنەکەت پێدەڵێن.

هیچیتری نەوت، ڕەوتاریشی بە ئاشکرا پێیدەوتم بچۆرە دەرەوە لەژوورەکەم، هەرواشمکرد.

ئەگەر سەرلەبەیانی یەکەم، لەنێو ترسێکی چاوەڕوانکراودا ئەو ئازایەتییەم هەبوو بەچاوی سەرنجەوە لەو کاروانسەرایە بڕوانم، کەدەبوو.. چەندین باخەوانی بەسەلیقە بەتەنگ بەخێوکردن وچاودێریکردنی ئەوباخەوە لەئامادەباشیدابن. بەهەڵەدا نەچووم، گەربڵێم لەژێر دارپرتەقاڵێکدا ئەو هونەرمەندەم بینی ـ ئێستا کەم تازۆریٚ هاوڕێمە، یەکەمین کردارێك کە دەیویست لێیبسەلمێنم هاوڕێیەکی دڵسۆزمە، پۆرترێتە کێشراوەکانی سەرگوڵپاشای نیشاندام ــ زۆر بەغەڕاییەوە لێیدەڕوانیم. سۆنگەیەکی بەجێم

نەدەبینی کە بەفیز و لەخۆبایبوونەکەی ڕازیببم. وەك پاشتر بۆم دەرکەوت، هێندەی زمانی بەبڕشت وکارایە، ئەوەندە لە تێکەڵکردنی ڕەنگەکانداشارەزا نییە!. هاوڕێ هونەرمەندەکەم لەنێو ئۆتومبیلەکەدا پێیووتم:

ـ مەگەر بەخت تۆی نەهێنا بۆئێرە؟.

کە بۆ یەکەمینجار چومە ژووری، یەکەمین هەنگاوی چوونە ژوورەوەی من، دوایین هەنگاوی چوونە ژوورەوەی تەواوی کوڕەکانی بوون. نازانم بۆچی ئەوکاتە هەنگاونانی ئەو کەسانەم هاتەوەیاد، کەبەرەو پەتی خنکاندنیان دەبەن؟!.

ژوورەکە شێوەی مۆزەخانەیەکی وەرگرتبوو، ڕوناکییەکی سەیر ژوورەکەی لە ناوەندەوە کردبووە دووبەش. بەشە ڕوناکەکەی لەشوێنی دانیشتنی منەوە دەستیپێدەکرد و بەدەرگای هاتنە ژوورەوە کۆتایی پێدەهات. دیوارەکان ئەگەرچی جەنجاڵی و قەرەباڵغییەکی زۆری بە شتە هەڵواسراوەکانی ڕووکارەکەیەوە دیاربوو، لێ.. نەتدەتوانی بابەتێك هەڵبژێریت بۆ سەرنجدان، بابەتەکەی پەنایی بەلەز کەمەندکێشی خۆیی دەکردیت.

کەهاتنە ماڵەوە بۆلام، پێیان وتم: پرسیارکردن بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە!! هەوڵبدە کەمترین وشە بۆ وەلامی پرسیارەکانی ئامادەبکەیت!!.

ڕۆژانە بەخۆم وڕێکۆردەرێکەوە بە دووری دووهەنگاو، لەپشتییەوە دادەنیشم.

لەوەتـەی لـە نزیکـەوە، وتـەکانی سەرگوڵپاشـا دەژنـەقم، بـۆ تـەنیا جارێــك ڕووی تێنــەکردووم. بەرلــەوەی هەســتی بــۆنکردن لــە دەستبدەم، دەمزانی بۆنێکی نەرمی لێدێت.. بۆنێك بەبۆنی شـانیل دەچوو. لەوانەیە ئەو بۆنەش نـەبێت. چیرۆکی ئـەو بۆنـە هەمیشـە یادەوەرییــەکی جــەغاراوییم دێنێتــە یــاد. بــۆ ئــەو ســاتەوەختانە نەمردم؟. ها؟. ئا... یادەوەرییەك، لەو یادەوەرییانـەی کـە چـەندیٚ بخوازێـت زەمـەن تیایـدا لەکاتـژمێرێکی وەسـتاو بچـێت، هێشـتا بڕواناهێنیت کە خۆتیت. بۆنـەکانی سەرگوڵپاشـا جۆراوجۆربـوون. وەك (جان باتیست گرنـووی) ئامادەیی کردبێـت. لیٚ.. هـیچ شـتێك بۆنی (باران)ی لێنایەت. چیبکەم... ئەوئازایەتییـەم نییـە چـۆنێتی مەرگی خۆم هەڵبژێرم؟!.

هەتاکوئێســتاکیٚ تــەنیا ٢٨ لاپــەڕەم بــۆ نووســراوە. دەیــان ٢٨ لاپەڕەییم نووسی و پاش تـەنهاجارێك لەخوێندنـەوەی، کەوتومەتـە دڕانــدنی. ئیدی(باران)ئامادەنییــە بیانخوێنێتــەوە.. بێبەزەییانــە، بکەوێتە ڕەشکردنەوەی ئەو دێڕانەی کـە بـە ڕەوانـی ماناکـان نـادەن بەدەستەوە. باران فێریکـردم، ئـەو نووسـینەی گومـانم لێیهـەبوو، بێخەمانـە بیانـدڕێنم. کێیـە دەگـەڵیان بـژیٚ و نـەزانێت.. ئـەوەی لەلایان سانایە: قۆرخکردنی ژیانە؟.

ئای..خودایە، ژیان بۆ ئەوەندە سەختە؟!.

سەرگوڵپاشـا لـەکاتی قسـەکردنیدا، پشـتی بەسـەندەڵیەکەوە توونـد دەکـات.. وەك بڵێیـت ئـەوجۆرە پاڵدانەوەیــەی هاوســەنگییەك بــە

وتەکانی دەمی دەدات. لەسێیەهەمین ڕۆژەوە تێبینییەکەم نیشانی خۆیی پێکاوە: دەربڕینی دەسپێکی وشەکانی، هەمیشە ناساز و ناحەز دەیانڵێت، دواتر وەك خوێندنەوەی کتێبێك، ڕستەکانی یەکبینن.

پێموایە... چاویلکەکەی چاویشی پەیتا پەیتا دەجوڵێنێ، ئەگەر کەسێك جەسارەت بکات و سێ هەنگاو دوور لەدانیشتنی من و بەئاراستەیەکی پێچەوانە سەرنجبدات، هەستدەکات.. چوارچێوەی چاویلکەکەی، سەنگێکی نائاسایی هەیە و شانی لووتی لەعۆیەی هەڵگرتنی نایەت.

ئەوەندەی هونەرمەندەکە زانیاری پێداوم، دوابەدوایی گێڕانەوە سەیرئامێزەکانی بۆ من، دەستبەجێ پاڵیدەخەن و ڕادەکشێت.

یەکەمین هاتنیان بوو، کە پێیانوتم:

دەبێت گێڕەرەوەیەکی ڕاستگۆبیت! گەورەیی نووسەریش لە ڕاستگۆیی و سڵ نەکردنەوەیدایە.

پێیانوتم:

چەند سانایە.. کەسێك خوڵقی پەپوولەیی بێت.. ئەندێشەکانی سیخناخ لەشەرم ونیەتی پڕلەچاکەکاری.

لە پێڕێوە دەستبەرم بۆ هەرشتێك چوون بەردێکی خوڵاوی ، خۆیان ئەخنێننە نێو پەنجەکانمەوە! هەر بەئەنقەست بەبێ کەوچك بەکارهێنان برنجەکەم خوارد، نەمویست کەسییان پێمبزانن، چوون زیخو وردەچەو.. دەهاتە بەرپەنجەکانم، دەترسام دانم لەعۆیەی

نەیەت!. چەندسەختە وێنای کەسێك بکەیت کەخۆت نیت! ئەی ئەگەر وتیان شێت بووە؟. کەس لێمدەسەلمێنێت کەشێت نیم؟!.

سەیرە.. چۆن دەتوانێت ئەوهەموو جنێوانە کۆبکاتەوە. سەیرتریش لەوادەی ئەو دووکاتژمێرەدا، ئەسڵەن جنێوێك دووبارە ناکاتەوە!.

من دەترسم، درۆزنترین چیرۆك بگێڕمەوە!!. ئەو لەگوڵێك دەچێت.. بەکۆڵانی ئەندێشەکاندا پیاسەیەك نەکات، لەفریشتەیەك دەچێت، پاوپووزێك سەرنجی نیگای هەوەسی نەبزواندبێت. سروشتی لەبەرد دەچێت، هەرگیز پەنجەی بۆ گەڵۆزەی ڕانەکێشابێت. بۆیانباسکردم:

چیرۆکەکانی ئەوپیاوە لەگەڵ لەدایکبوونیدا، خۆیان نووسیوەتەوە ــ ئەمە زیادەڕۆیی نییە ــ ئاخر ئەو بەرلەوەی هیچ خوولێك ببینێت، یان ڕشتەیەك تەواوبکات. وەك.. میرزادەیەك.. فەرماندەیەك، چاوانی هەڵهێناوە. وەك فەرماندەیەك شیری دەخواردەوە، وەك فەرماندەیەکیش پاکدەکرایەوە.

بیهێنەرە پێش چاوانی خۆت، فەرماندەیەك لەپۆلێکدا قوتابی بێت، بەو مەبەستەی فێری ناسینی پیتەکان ببێت! دەبێت مامۆستاکەی چەند بەحەزەر وتۆقینەوە، وانەکانی بڵێتەوە؟. ئەو مامۆستایەش زەندەقی چووە. ئەمێستا.. ئیرەیی بەجوامێری ئەو مامۆستایە دەبەم، مەگەر سەرپێچیکردنێکم تەواوی خۆم و وشەکانم ناسڕێتەوە؟. کێ ژیانم پێدەبەخشێتەوە؟!. بۆ بمرم؟. کێ

سوپاسگوزاری مردنم لێدەکات؟. ئەو بەفرزەندی ڕەوتاری وابووە!!
دێتە بەرچاوی زەینم... وەك فەرماندەیەك گەمەکانی دەکرد.. شەپلاغە ومستەکوڵەکانی، چوون هاوتەمەنەکانی نەبووە، ئەو وەك فەرماندەیەك، زللەکانی دادەهێلا.
هەڵبەت، ئەو لەتەمەندا زۆر لەمن گەورەترە.. تەنانەت وەك ئەمان پێیان وتوم: ئەوانەی لە بیرەوەرییەکانی سەرگوڵپاشادا کەسایەتییەکی دیاریان هەبووە، هیچییان لە ژیاندا نەماون!.
من، خەممە دۆست وناسیاوەکانم بە خەفیەم بزانن، زۆرینەی ئەو سەرچاوانەم دۆزیونەتەوە، کەوەك مێژوویەك باسی ڕووداوەکانی سەردەمی سەرگوڵپاشا دەکەن. ئەوانەی نووسیبوومن زۆرتر لە ڕاپۆرتێك دەچوو تا گێڕانەوەی یادەوەری کەسێك، کەخۆی بەشێك بووبێت لە ڕووداوەکانی ئەوسەردەمە.
گومانم نییە لەماڵەوەم، ئەوپەڕی ئارامی بەخۆیان دەبەخشن، تا هێمنیم لە دەستنەدەم. ئەگەر(باران) بە کارکردنەکەمی دەزانی، بێپرینگانەوە دەیوت:
ــ سندانمدا لەنووسین.
نووسین ژیانی لێسەندومەتەوە. وەختایەك تاکە شتێك خۆشنودی پێدەبەخشیم، خۆدۆزینەوەبوو لەناو وشەکاندا. لەوساتەوەی لێرە کارەکانم دەکەم، هێندە لە نووسین تێدەگەم.. کە وشەی درۆزنانە لە شوێنی درۆزنانە دابنێم، ئەوکات ڕستەکان خۆیان دروست دەبن. کێ دەزانێت، من درۆزنترین نووسەری دنیام؟ وەکچۆن

ناشـزانن سـەیرترین گـوێگری دنیـام!. تـەنیا ئارامییـەکی قـوڵترم پێویستە.. دڵنیـام سـاتەوەختێك دێتـەئارا جنێـوێکی نامێنێـت بـۆ وتن!!.

تەواوی ئەم ماوەدرێژە، تەنها یەکجار ڕستەیەکی واتادارم لە سەرگوڵپاشا بیست، ئەگەرەکو زەینم بە هەڵەمدا نەمبات، یەکەمین ڕۆژ ویەکەمین ساتەوەختی گوێبیستی دەنگی، پێیووتم:

ــ بە تەواوی تەمەنم دەمخواست نووسەر بوومایە، ئیرەییم بەکەس نەبردووە.. بە مەعشەری نووسەران نەبێت!.

هاوریێ هونەرمەندەکەم دەڵێت:

ـــ جگـە لـە پـۆرترێتی سەرگوڵپاشـا، یـەك تـابلۆی دیکـەم بـۆ ناکێشرێت!.

هونەرمەندێکـە.. پێخۆشـە پـڕی لاجانگـەکانی قـەرەبووی ڕووتـی تەپڵە سەری بۆبداتـەوە. یەکێك لـەو تابلۆیانـەی هەرکەسێك بیدیبا دەیـووت.. خەیاڵـەکانی تووشـی غەفڵـەتییان کـردووە. ئـاخر.. سەرگوڵپاشـا بەسـەر ئەسـپێکی سـپییەوە چـوون هاوشـێوەی نـاپلیۆن، هەوڵیـدابوو ئەسـپەکەی سمکـۆڵان بکـات، ئێستاشـی لەگـەڵبێت گومـانم هەیـە، ئـەویش ڕووخسـاری سەرگوڵپاشـای نـەبینیووە و ڕووخسـاری یـەکێك لـەکوڕەکانی سەرگوڵپاشـا دەکێشـێت، ئـەوان بەبێپـەردە.. چـەندیێ شـانازی بـەباوکبوونی باوکیانەوە دەکەن، هێندە هەستبەبوونی خۆیان پێمەبەست نییە.

لێمپرسی: بەڕاست بۆچی ڕەوایە ڕووخساری ببینیت، من نا؟!!.

پێیـووتم: خۆزگـەم بـەخۆت، خـۆت باسـی نەکـەیت، کـێ دەزانێـت هـەموو گێڕانەوەیـەکی یادەوەرییـەکانی، بریتییـە لـە جنێـودان بەجەنابت؟. دەی.. من تائێستا یەك وشەم لێنەبیستووە، ئەسڵەن بڕواناکەم کە لاڵ نەبێت؟.

هونەرمەندەکە دەیووت: لەبەرەی ٣ ژن،٧ کوڕی هەیە.

وەك ئـەو باسـی کچـەکانی نـەکرد، هـیچ شـتێك نایسـەلمێنێت، ئافرەتێك لەمەملەکەتی سەرگوڵپاشادا بوونی هەبێت!.

پێیدەڵێم... ئیدی ونبووم. تۆباران دەناسیت؟. کەبینیت، پێیبڵێ: هێندەی پاڵەوانی چیرۆکێکی خۆی، ئازایەتی نەبوو. پێیبڵێ.. تۆ یەکـەمینجار لێیخۆشـبوویت! ئـەی ئـەمجارەیان؟ هـا؟ لێبپرسـە.. نەهاتوونەتە کنت؟.

هونەرمەندەکـە بۆیگێڕامـەوە زیـاتر لـە دەیانجـار بـەبیانووی بێسـەلیقەییم تابلۆکانیـان دڕانـدووم، کـەم کـارم هـەبووە، وادەی دوومانگیان لەتەمەنم نەسڕیبێتەوە.

پێمدەڵێت: خۆشبەختیت، یان دەتخوێننەوە یان ناتخوێننەوە!!.

پێمـدەڵێت: چ خوێنـەرێك دەزانێـت، تـۆ داڕێـژەری داسـتانەکانی ژیانی سەرگوڵ پاشایت؟.

پێمـدەڵێت: نووسـەرێکیت دەتوانیـت ناپـاکی لـە وشـە بکـەیت و شەرمیش نەکەیت!!.

پێمدەڵێت: من.. ناهونەرمەندترین هونەرمەندی دنیام!.

شەوێکییان لەو بارەی لێیدانیشتبووین، هێشتا ئەو خواردنەوەیەی داوایکردبوو تەواو نەببوو، دایە پڕمەی گریان، بەخۆم نەبوو بەشەرمەوە دەمڕوانییە ئەوکەسانەی لەملاو لەولامانەوە دانیشتبوون، وامزەندەکرد کەسێکی بەدمەستبێت و زۆرتر لەپێویست بخواتەوە. هێندە بەکوڵ دەگریا، حەزمدەکرد لەگەڵیدا بگریم. دەمزانی شەرمنانە هاتۆتە ناخمەوە، ئەو دەیویست.. دانەدانەی فرمێسکەکانی زەلیلی ودەستەپاچەییم بسڕێت! بۆچی شەرمە؟. کەیفم بە گریان دێت. پێیدەوتم:

لە هیچ شوێنێك لە کوڵم نابێتەوە! کە هاوسەرەکەشم دەستدەکاتە ملم، واهەستدەکەم سەرگوڵپاشایە ودەیەوێت لەگەڵما بنوێت.

من.. بارانم هاتەوە یاد. باران تەنیا لەبەر خۆشویستنی وشە، منی خۆشدەویست. باران چەندین بیرۆکەی پێبەخشیم، گەلێکجار لەباتی خۆم دەکەوتە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کەپێویستن لێیبەئاگابیت، ئەو هەوڵیدەدا تەواوی خوێندنەوەکانی لەدانیشتنێکدا بگێڕێتەوە. چاوی دووەمینی خوێندنەوەی من بوو. پێمشەرمە بڵێم چ نووسەرێکی بودەڵە وترسنۆکم! ئەوەی دەیڵێم جیاوازە لەوەی کەدەبێت بیڵێم.

هونەرمەندەکەی هاوڕێم.. یەقینانە ئاماژەی بە سەرگوڵپاشا دەکرد کە لەلێواری پێکەکەم دانیشتووە! چیتر گومانم نەما!!. لەبەرچاومەوە خۆی هەڵدەدا بۆ قاپی زەیتوونەکە، لەوێوە بەدەم هاوارێکی ناسازەوە، دەچووە ناو جاجکەکانەوە، پاڵیدەنا بەقاشی

لیمۆکانـەوە!. وەك وتنـەوەی هـەموو جنێـوە دزێوەکـانی، کەوتـەوە بەخشـینەوەی جنێوەکـانی. چـاوم لێبـوو دەسـتی دەهێنـا بەقـژە تەڕەکـەی بـاران دا، هەسـتامە سـەرپێ، هێنـدە ئاگـام لـەخۆمبوو، کەپێیدەوتم:

ــ کەهێندە بەدمەستی بۆئەوەندە دەخۆیتەوە؟ تەماشاکە سـەیرمان دەکەن!.

ئـەو ڕۆژەی پێیـانووتم... بـەیانی شـەبەقی دێـین بـەدواتا، لـەوادەی دیاریکراودا ئامادەبووم. شۆفێرەکەمان پێیوتین: ئەگەرجادەکە، قیر بووایە، بە ٢ سەعات دەگەیشتینە ئەوێ، بەڵام درەنگ دەکەوین.

هاوڕێ هونەرمەندەکەم زیاتر لە چەندجارێك بەکامێراکەی وێنـەی ئەوبـەردەی گـرت، کەسـالآنێکی زۆردوور لەمـەوپێش، سەرگوڵپاشـا لـە پەنایـدا برینـدار بـووە. بەردەکـە، چـوون شـێرێك، پیربـوون ماندووی کردبێت، شێرێك.. بێـزار لـەوەی داستانەکانی دڕنـدەیی بگێڕێتـەوە. تـاك وتـەنیا کـەوتبووە تـەختایی وەردەکـەوە. تـەواوی ئەوشـوێنە وەك هــەموو شـوێنێکی ئاسـایی شـتێکی نـاجۆری لێنـەبوو، کـە هەڵوێسـتە بەسـەرنجی بینینـت بکـات. لەمەودایـەکی زۆردوور، گوندێك دیارە... شاخێکی دوورتر لەپشتی گوندەکەوە.. چـەند گردۆڵکەیـەکیش بەوبەرمانـەوە، گژوگیاکـەش وەك ئـەوەی دیمـەنی تـابلۆی سروشـت بـەناکاملی بەجێنـەهێڵێت، تـەواوی ڕووبـەری تابلۆکـەی داگیرکـردووە. وابـزانم باسـکردنی کۆمـەڵێك دارچـنار لـە خـوارووی جەمبوونمانـەوە وچـەندین داریـش

بەلاپاڵەکەوە، لە زۆرینەی زۆری دیمەنە سروشتییەکەی خۆمان دەبینرێت.

ــ بۆکەیفوسەفا ئەوهەموو ڕێگەیەمان نەبڕیووە؟!.

ــ نووسینیش بوو بەپیشە؟!.

ــ.................. !!.

هەریەکێك لەکوڕەکانی بەنیمچە هەڕەشەیەکەوە چۆنێتی سەردانکردنەماکانی پۆلێندەکرد. دەمخواست ڕووخساری سەرگوڵپاشا لە دەموچاوی یەکێکیاندا بدۆزمەوە، ئەوان دەیانویست گێڕانەوەکانی باوکیان هێندە زیندووبێت، کە بۆن و هەیبەتی باوکیان بەیانبکات.

ئێ.. نەدەکرا بڵێم باوکتان ئەو بریندابوونەی بۆ نەگێڕاومەتەوە، ئەسڵەن، بوونی بەردێکی بەوگرنگییە باسنەکردووە.

ئێستا دەزانم زەحمەترین نوسین ئەو نوسینەیە کەبەتۆبزی بنوسرێت. هەموو هەفتەیەك ٥ کاسێت لەجنێوەکانیم گرتووە. نازانم، ئەگەرەکو ئێستاکێ گوێکانیشم توانای بیستنی لە دەستنەدایە، نەمدەتوانی جارێکیدیکە گوێ لەوتەکانی سەرگوڵپاشابگرم. ڕاستر گوێکانم توانایی بیستنییان لەدەستداوە. ئێستاکێ بەپێی جوڵانەوەی ڕووخسارەکان.. یان دەخنێمەوە یان شێوازی سەرسوڕمان یان چاوەڕوانی دەخەمەڕوو.

ئەگەر پەیوەندییەکی شەیتانیانەم لەگەڵ خوێندنەوەدا نەبووایە، چۆن ڕێکەوتیم دەکرد؟. ها؟. ئەی ئەگەر هەرنەچوبامایەتە قوتابخانەو ..؟.

ئەلبومێکی قەبارە گەورەیان، خستە بەردەمم.. ئەلبومێکی لەزگەدار.. بەشێوەیەکی ئەندازەیی وێنەکانی سەرگوڵپاشای تیا ڕیزکرابوو. ئیٚ.. خۆناشکرێت بڵێم: چ حیکمەتێکە تەواوی ڕوخسارەکانی سەرگوڵپاشا بەسەمغێکی کاغەزی شاردراونەتەوە؟! بۆ هێندە بێمتمانەم، کەمەحروومبم لەبینینی؟. ئەوەندەش ساویلکەنیم، دەتوانم دەیان پرسیار چێبکەم؟!!.

دیقەتم دەدا... کابرایەکی دیلکراو لێیدەپاڕێتەوە.. کابرایەکە، ئاوا تەمەنی لە ٤٠ ساڵ زیاترە، هەترەشچوون بەڕووخسارییەوە دەبینرێت، بەزوبانی حاڵ لێیدەپاڕێتەوە، تا ئازادی بکات.. لە وێنەیەکیکەیدا.. پێموایە، لەڕاوکردن بێت، بەچوارمشقی دانیشتووە وچەندەها ماری شێوەی کولەوەیبابی بەدەستەوەگرتووە، سەری مارەکان ئەوەندە نزیکن، کتومت وەك بڵێیت وێنەگرەکەی پێدەترسێنێت!. لەکەناری ڕوبارێك دانیشتووە و شانەی تفەنگەکەی پڕدەکاتەوە لەفیشەك... تەسبیحێك بەدەستییەوەیەتی وکۆمەڵێك مرۆڤی ڕیشدار گویٚ لەقسەکانی دەگرن... لەپشت سوکانی ئوتومبیلێکەوە دانیشتووە، پشتەوەی ئۆتۆمبیلەکە ڕوون نییە چی تیادانراوە. سەرگوڵپاشا لەداوەتە.. لەپرسە.. لە بوارێك شەڕواڵەکەی هەڵکردووە ودەپەڕێتەوە..

پووزەوانــەی هەڵکێشــاوە و بەفرەکــە لەپێشــەوە دەشــکێنێت.
چاکەتوپانتۆڵی لەبەردایــە وتــەلارێکی بــەرز لەپشــتییەوە دیــارە... لــەمیترۆدا.. لــە مەلەوانگــەدا.. ڕاســتر ئەوەنــدەی ڕەوتــاری بەگۆرانیبێژێکی هەرزەکار دەچێت.. کەکەیفی بە گۆڕینی جلـەکانی بێــت، هێنــدە بــە ســەرکردەیەك ناچــێت، کەفەرمانــدەیی دەیــان کارەساتی گەورەیی کردبێت.
بەرلــەوەی بۆیەکــەمینجار، جنێــوە بێکۆتاییــەکانی سەرگوڵپاشــا ببیستم، زۆر بەخێرایی کێوماڵێکی کورتخایەنی ژیانمیان بۆکردم. عەجەبا، ئەوهەموو زانیاریانەیان لەکوێوەوە دەستکەوتبوو؟!!.
ئەوەنـدەی ئـەوان شـارەزاییان بـەژیانم هـەبوو، خـۆم زۆرینـەی ئـەو ڕووداوانــەم لــەیاد چــووبوونەوە!. تاکــە خــاڵی ســەرنجی ئــەوان ئەوەنـدەبوو: لـە زۆر بـواردا نووسـینم هەیـە!. تەنانـەت نـاوی ئـەو سۆزانییەشــیان پێــوتم، کەلەگــەڵ هاوڕێیەکمــدا چــەندجارێك چووبووینە کنی!! تەواوی ئەو ناوە خوازرەوانەشییان پێووتمەوە، کە پێموابوو کەس گومانی لێمنەبووە کەمن خاوەنی بووبم!!.
یـەکێك لەوگریمانانـەی کـەماوەی مانـەوەی مـن بەمـەوداتربووە، لـە نووســەرەکانی پێشــخۆم، ئەوەیــە کــە ئــەوان نــەیانتوانییوە ئــەو ئارامییەیان هەبێت گوێبگرن لەبیرەوەرییەکانی سەرگوڵپاشا، بەڵکە زۆرینـەیان، ناڕاستەوخۆ بەگـەلێك لەیاساکانی مـاڵی سەرگوڵپاشـا ڕازی نەبوون. هونەرمەندەکەی هاوڕێم پێمدەڵێت:
ـ سەرسەخترین و بە ورەترین نووسەر تۆیت.

دەڵێت:

نووسەرێکم نەبینی سێ ڕۆژ لەبەردەم دەرگای ژوورەکەی سەرگوڵپاشاوە بچێتەوە ژووریّ.

دەڵێت:

نووسەرێکییان یەکەمین ڕۆژ، ڕازی بوو بەگوێگرتن، وایزەنکردبوو شۆخی لەگەڵدەکەن، هەربەوساویلکەییەوە، پێداگریکردبوو، کە لە بینینی ڕووخساری سەرگوڵپاشا بێبەشنەبێت!. تەنانەت کە بۆی ئاشکرابوو، کەسێك لە ژوورەکەدا نییە، ئامبازی بووبۆوە.

تاکە ئینسانیش بوو بیبینم کەدەتوانێت ئەوهەموو شەق وپێلەقەیە بخوات وناڵەوهاواری لێبەرز نەبێتەوە.

هونەرمەندەکە دەڵێت:

ئەو نووسەرە جەستەی تەسلیمی مردن نەدەکرد.. پڕ بەگەرووی، جنێوی بەسەرگوڵپاشا دەدا. کوڕەکانی فریانەکەوتن چاوەکانی لێزەوتبکەن، وەك نادیدەیەك دەستی دەکوتا!.

من.. نامەوێت هیچیتری لێببیستم! تاکە شتێك دڵخۆشمدەکات.. وادەیەکیان بۆ دیارینەکردووم.. کەنگێ بیرەوەرییەکانی سەرگوڵپاشا بنووسمەوە!!.

# من و ...

# پێکەنینەکانی سەگ

(١)

شتێك نەما لەنێوان لەزەت و بێمانایی. ئەو هێڵەی سنووری وەڕین و وتن بوو، سڕایەوە. نا.. بڕوام بەوە نییە.. دەڵێن: سەگ لەهەر شوێنێك ژیا، بە میزی خۆی سنووری نیشتەجێبوونی دیاریدەكات، تا مەودای هاوكەوشەنی خۆیی لەگەڵ سەگەكانی دی جیابكاتەوە. ئەسڵەن، سنوورەكانم هەستپێنەكردووە، وەكچۆن نەمدەزانی.. ئا.. لەم شوێنە نەفرەتیەدا، ڕۆحم دەچێتە نێو لاشەی ئەو بوونەوەرەی كە هەرگیز بیر لەمن ناكاتەوە، تەنانەت (جەودەت)یش.. (عیزەت)یش هەروا، دایكم بێباكتر لە هەرهەموویان.

(٢)

من، ناوی دەنێم: عیزەت!. ناشزانم، بۆ؟!.

ئەگەر دۆنادۆن شتێك لە ڕاستی تێدابێت، كەواتە ئەو كەسەی پێشتر ئەو ڕۆحە نەفرەتییەی منی هەڵگرتووە، كابرایەكی سەگ و سەگباب بووە. من ناوی دەنێم: عیزەت.

ئەگەر سەگیش نەبووبێت، خەسڵەتی سەگی هەڵگرتووە، تاکە جیاوازییەکیش لەنێوان من و عیزەت و سەگدا.. بەتەنیا وەفادارییە. جەودەت.. بێوەفا، عیزەت.. سپڵە، خۆم.. خەمساردتر لەهەردوکییان.
عیزەت نەپرسی پێکردم و نەناسیوومی ونەپێشیووتم. بەر لەوەی ئەو ناپیاوییەم لەگەڵبکات، چیکردووە و چۆن بووە و لە کوێ بووە؟!.
ئەو ڕۆژەی ئەو مردووە، ڕێکەوتی ئەو ڕۆژەی کردووە، کە من لە دایکبووم. من لە ١ی مانگی تەموز لە دایکبووم. سۆراخی مردنی هەموو ئەو کەسانەی لە ١ی تەموزدا مردوون، کارێکی شێتانەیە. ڕاستییەکەی کارێکی ئەو پەڕی بێمانایە. بێماناتریش زۆرینەی لە دایکبووانی هاوشارییەکانی ئەو ساڵەم، ڕێکەوتی هەمان ڕۆژییان کردووە.
وەك هەموو هاوشارییەکانم دەزانن، بە پێی بڕیاری میری، بۆ سەرژمێری نوێی دانیشتوان، دەبووایە پێناسەی باری کەسێتی نوێ بکرابایەتەوە، پێموایە، ئەو فەرمانبەرانەی کە ئەو کارەیان لە ئەستۆ گرتووە، لەبەر ئەوەی تووشی کێشمە و دەردیسەری نەبن، پێشوەخت بڕیاریان داوە.. تەواوی هاولاتییان، بەرواری لە دایکبوونیان ڕۆژی ١ی تەمووز بێت. هەرواشیانکرد.
ئەگەر بمانتوانییایە ساڵوەگەڕی یادی لە دایکبوونمان بکەین، دەبوایە ئاهەنگی باوکم و دایکم و خۆشم، پێکەوە بە یەکڕا،

سازمان بکردبایە و هەرگیز نەشمانکرد. ئەگەر ئێرەم بە جێهێشت، پەیمانم بە خۆمداوە، ئاهەنگێك بۆ خۆم بگێڕم و میوانداریيەکی قەشەنگی خۆم بکەم، کە شایستەی خۆم بێت، هەموو کەس بانگ بکەم، جەودەتی سەگباب بانگ ناکەم.

(٣)

.. ترسانی من لە سەگ پێشینەیەکی دووری هەیە! گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەش لەوەوە دێت وەك دایکم باسیدەکرد بۆم... ئەو کاتە تەمەنم لە دەوروبەری شەش ساڵیدابووە، هۆگرییەکی سەیرم بۆ ئەو سەگە هەبووە کە باوکم ڕایگرتووە. بەو تەمەنە کەمەمەوە توانیومە ئەو سەگە بخەمە ژێر بڕیار و داواکارییەکانی خۆمەوە. وەك ئەوەی.. بوەڕە.. بێدەنگ بە.. لەسەر پاشووت بنیشە.. زمانت دەربهێنە.. واز لەخواردن بێنە. بچۆرە لای دەرگای حەوشە.. بخەوە. هەموو ئەو شتانەی بۆ کردووم، کە بەتەنێ لەپانتایی خەیاڵدا جێگەیان هەیە. دەیانجار ئەو ڕووداوەم بەدایکم گێڕاوەتەوە.. بەرلەوەی بیگێڕێتەوە، دەمزانی چی ڕوودەدات، وشەیەکی زیاد و کەمبکردایە دەمخستەوە بیری دایکم. هەموو جارێکیش وەك یەکەمینجاری بێت بۆمبگێڕێتەوە، زۆر بەتاسەوە گوێم بۆ ڕادەگرت. ئەوکاتە، نازانم بۆ ئەوەم بەخەیاڵدا هاتووە کە پێمخۆشنەبووە سەگەکەی ماڵی هاوسێکەمان بوەڕێت. بەدایکمم

وتووه: با ئەو سەگە بێدەنگ بێت و نەوەڕێت. ئەو کاتە، دایکم گەلێك هەوڵیداوە کەبڕوام بەوە پێبێنێت ئەوە لەژێر ڕکێفی ئێمەدانییە و واز لەو خەیاڵە نەفرەتییە بێنم,

بەپێیی گێڕانەوەکانی دایکم، سەگەکەی خۆمانم فێرکردووە، بچێت دەنگی ئەو سەگە بۆ هەتاهەتایی ببڕێت و بیخنکێنێت.

سەگەکەمان فێڵێکی سەیری دۆزیوەتەوە، ئەو چێشتەنگاوە یەکبین وەڕینێکی نەرمی دەکرد. باوکم هەرلەماڵەوە بوو، دەیزانی شتێکی ناجۆر ڕوویداوە. جریوە جریوی چۆلەکەکانیش هەرهەبوونی مارییان باسدەکرد.. سەگەکە، خۆی گەیاندە ناو داری هەڵوژە و هەنارەکان. مارەکە نزیك بەداری هەرمێکە بوو.. کوڵوەیبابێکی بۆرە بوو.. سەگەکە وەڕینەکەی خێراتر و بەرزترکرد.. مارەکە بەهەستان و بەرزکردنەوەی ملی، دەیویست بەسەگەکەوە بدات. باوکم بێڵەکەی بەدەستەوە بووە.. سەگەکە پەلاماری مارەکەیدا.. بێئەوەی باوکم بێڵەکەی بەرزبکاتەوە.. لەشی مارەکە بەبێ سەر هەڵدەبەزییەوە و دەڕۆشت.. باوکم زۆر دڵی پێیخۆشبووە.. دەرودراوسێ کۆبوونەتەوە.. بەئاڵهاوە ئازایی و ئاگایی سەگەکەمانی بۆ گێڕاونەتەوە.. سەگەکە لەبەردەم باوکمدا کلکە لەقێی بووە و هێشتا خوێنی مارەکە بەدەمییەوە بووە.. لەلای ئەستێڵەکەوە، سەگی ماڵی دراوسێکەمان وەك هەرپیاوێك لە کارێکی قورس گەڕابێتەوە هێواش هیواش دەهات وهەموو ڕۆژێکیش هەروابوو.. سەگەکەمان بەرەو ڕووی دەچێت.. وەك

ئەوەی ئەو سەگەی قەت نەبینیبێت و بڕیاربێت لە دێیەکدا، تەنیا جێگەی یەك سەگ بێتەوە.. شاتاوڵی بۆ برد.

ئەو سەگەش سەگێکی بێوەج و ڕیوەڵە نەبووە، سەگێك بوو مانەندی خۆیی. تەنانەت ئەو لە گوجیلەییەوە گوێچکەیەکی بڕابوو، سەگەکەمان پەلاماریداوە و زۆر زوو ئەو سەگەی لەپەلوپۆ خستووە و باوکم و ئەوان چاوییان لەو دڵۆپە خوێنانەوە بووە، کە لەژێر کەڵبەی ئەم و بەرگەردنی سەگەکە هاتۆتە خوارەوە. باوکم هێشتا بێڵەکەی بەدەستەوە بووە، کە کێشاوییەتی بە قەپۆزی سەگەکەماندا.

دایکم دەیووت: زوو تۆپینی ئەو سەگە لەوانەبێت زەهری مارەکە بووبێت بەکەڵبەکانییەوە، دەنا ئەو سەگە ئەوەندە زوو خنکا، هەروەك ئەوەی ملی بێچووە سۆنەیەك بگریت بۆخنکاندن و مردار بێتەوە.

باوکم بۆ ئەوەی نەبێتە سەرەتایی شەڕێکی درێژخایەن، کەوتە تۆپاندنی سەگەکەمان. تۆ دەگریایت.. هەموو قیژەو هاوارەکانت نەیکردە ئەوەی لە بێڵ هاویشتنی بخات. سەگەکە تەماشایی تۆی دەکرد. من نازانم ئەو سەگە بۆ نەدەڕۆیی.. بۆ ڕاینەکرد؟.

دایکم هەموو جارێك لەگێڕانەوەکانیدا کەدەگەیشتە حانای ڕوحدەرچوونەکەی، دڵی پڕدەبوو.. سەگەکە نەیدەتوانی خۆیی بۆ ڕابگیرێت و بەدەنی بۆ کێش نەدەکرا، بەلأم دەمانزانی بەرەو تۆ

خۆیی تاو دەدا. کە دەستت هێنا بەسەریا، وەك بنیادەمێك چاوێکی هەڵبڕی و لەو کەمە جوڵەیە کەوت.

نیوەڕۆش و ئێوارەش نانت نەخوارد.. گریانەکەت، خەوی لەبیری هەمووامان تاراند.

باوکم چەند زللەیەکیشی لێداوم و من دانەساکاوم. دایکم دەیووت:

دوو ڕۆژ لەوە بەدوا، باوکت گفتەکەی بەجێهێناو لەو ناوچەی گەرمیانە، گەماڵێکی ڕەشی هێنایەوە ماڵەوە.. تووڕەیی لەچاویا قەتیس بوو.. بۆخۆشم لێیدەترسام.. چاوەکانت پڕبوون لەگریان.. دەمزانی خۆشیت لێنایەت، بەرەو پیری چوویت. باوکت پێیوتیت: کوڕەکەم جاریێ نامانناسێت، توخنی مەکەوە.

تۆ، ئەوکەللەڕەقییەت لەپێش ئەو تەمەنەتەوە هەڵگرتبوو.. بەرەو پیری چوویت.. کوێربم، زریکەت پڕ بە ئاسمان بەرزبۆوە.. وەك پەڕۆکۆنێك بیت و فڕێتبدات. یەکەمینجارم بوو ببینم باوکت.. ئەوەندە هۆگرتە، لە من زیاتر هاواریدەکرد.. شکم نەما، کە قاچی خواردوویت... .

(٤)

سـەگ هـەر سـەگەو هەرشـێوە و پلەیـەکی هـەبێت هەرسـەگە، ئـەو سـەگەی هــەموو ڕۆژێــك بەباشــترین جــۆری خاوێنکردنــەوە

دەشـۆردرێت، لەگـەڵ ئـەو سـەگە بەرەڵایـەی هـەرگیز دەسـتی سـۆز بەقـەپۆزیا نـەهاتووە، چ جیاوازییـەکی هەیـە؟. مەگـەر سـەگێك لـە کولانەیەکـدا زنجـیر بکرێـت و پێیبڵـێن: نابێـت بوەڕیـت.. خـەو ببینیت.. هەڵبمیزێیت؟.

سەگ نەهامەتییەکانی خۆی، بۆ کێ دەگێڕێتەوە؟!.

(٥)

بە عیزەتم وت:

کـوڕێکی جوانخاسـم بینـی.. هەفتـەی پێشـووتر، کـە لـە ژوورەکـەی خۆیـدا بینیمـی، بـڕوای نـەکرد، زاتـی نـەدەکرد لەگـەڵما بـدوێت. هێشــتا لێمدەترســا، بــڕوای نــەبوو بەنــدکراوێکبم وەك خــۆی، لێمدەسـڵەمایەوە، مـن.. شـەرمم لێـدەکرد، بـە سـەگێك دەچـووم ناسـپڵەیی بەرانبـەر خاوەنەکـەی کردبێـت، وەك ئـەوەی قـەپاڵێکی ناچـــاوەڕوانکراوانەی لـــە منداڵەکـــەی گرتبێـــت، وەك ئـــەوەی چـــاوەڕێبێت تونـــدترین ســـزای بـــدەن.. نـــا.. هیچـــی نـــەکرد.. نەیدەتوانی.. دروستر.. بڕوای نەبوو. ئەگـەر گوێم لێبگریت، هـەر ئـەوەم بـۆ دەگێڕایتـەوە. بـەڵام بـۆ بـە تـەنیا ئـەو؟!. مەگـەر یەکـەمین نێچیر و دوایین نێچیر بوو؟.

ئـاخر بەتــەنیا ئــەوم بینییــەوە. هــەرگیز بەخێرهێنانەکــەی وەك بەخێرهێنانی هاوژوورەکەی نەبوو. ترسی ئەشکەنجەدانەکەیم تیا دەبینییەوە.

عیزەت.. ئەو کاتەی کە هێنایان، هیچ سۆزێکم بۆی نەبوو. ئەوەشم دەزانـی، بتدیبایـە دەتـووت.. ئـەو ڕوومەتانـەی هـەرگیز زللەیـەکی بەرنەکـەوتووە. هـیچ شـوێنێکی بـە پیـاوکوژ نەدەچـوو.. هێنـدەی گوجیلەیــەك بەرهەڵســتکردنی تیانــەبوو.. بەقــەدەر پشــیلەیەك ئازایەتی تێدا نەبوو.. خۆمم بیرکەوتەوە، کە دایکم جێی هێڵاّم و لە مردنەکەیدا لەباتی نەگریانم بۆ مردنی باوکیشم، گریام.

گـەلێکجار ئـەو سـاتەوەختەم بیردەکەوێتــەوە.. زۆر شـتم لــەیادە، بەتەنیا قەپ هاویشتنی ئەو سەگە نەبێت. جارەهایجار ئەو پەڕۆ پیســەم بیردەکەوێتــەوە.. کـە بەهــەموو لایەکــەوە خـول دەدرێـم و کەسێك ئامادەنییە لووتە چڵمنەکەیم پێبسڕێت. بەڵام نەشمدەزانی گرتنی منیش وەك ئەمانە، ئاساییە ودەبێت ڕووبدات.

دایکم دەیووت:

ڕۆژم بوو، وەك و ئەوسەگە پەلاماری باوکت بدەم.

دەمووت:

کەوابێت پێتخۆشبووە، سەگەکە گرتومی؟.

دەیووت:

وامەڵێ.. کوڕی خۆم بەقەدەر بالاٌم تالاٌویکرد بەڕوحما. بەقەدەر ئەو سەگە خۆشی نەدەویستم. بەقەدەر سەگێك ڕێزی لەباوکم و دایکم نەدەگرت.

دەمووت:

دایکە.. زۆر گریام؟ کەی چاکبوومەوە؟ بۆ قاچم چاك نەبۆوە؟ ئەگەر ئەو کاتە نەتهێشتایە، بچمە لای ئەو سەگە.. تا ئێستا دەگریام؟.

دایکم دەیووت:

کوڕی جوانم.. چەندان شەو لە خەستەخانە ماینەوە. هەموو دکتۆرەکان دەیانناسین.. نەخۆشەکان چاك دەبوونەوە و دەڕۆشتنە دەرەوە و ئێمە دەماینەوە. کە تۆ دەلاٌلاٌیتەوە.. من دەمردم و دەژیامەوە.

دایکم بۆی دەگێڕامەوە... نەتدەتوانی بەدارشەق بڕۆیت.. ئاخر.. تۆ وەك جاران دەتویست هەڵبەز و دابەز بکەیت. باوکت هەر بە دارشەقەکەی دەستت بیرازی دەکردیت.. نازانم. چ خوویەکت گرتبوو.. خوایە تۆبە، وەك تووتکێك.. بەمنداڵەکانی دەر و دراوسێ دەوەڕییت.. منداڵەکان نەیاندەوێرا یاریت لەگەڵبکەن! تۆ قەپت لێدەگرتن، باوکت لەوکاتەوە فێری بیراز کردنت بوو. ئەوکاتە فێر بووم بەگژیدا بچمەوە.. چەند خەمم بوو، توشی هاری بووبیت. کەم مەزرگا ومەرقەد هەبوو، نەچوومایەتە زیارەتی. دانەدەساکایت.. پەڕۆ سەوزەکانت لێدەکردەوە.. بەردی گەورەت دەهێنا و دەتنا بە کێلەکانەوە، بیگرێت. دەگریایت. دەتووت.. بۆ

بەردەکانی منی پێوە نانووسێت.. بە لیك بەردەکانت تەڕ دەکرد و دەتنا بەکێڵەکانەوە.. من تاکە شتێك لێمدەزانی، گریان بوو.. ئەوەندە گریاوم.. کە بێ گریان بوومایە.. عاجبایەتییم لە خۆم دەهات.

(٦)

سەگیش وەك مرۆڤەکان، هەیانە بەختەوەر و هەیانە بێبەخت. سەگ هەیە، وەك فەرماندەیەك ڕێزی لێدەنرێت و وەك میوان بەخێرهێنان دەکرێت. هەیانە هەتا دەمرێت پڕ بە ورگی تێر ناخوا و ... .

هاوکارەکەم ناوی جەودەتە. پێمدەڵێت:

سەگ خۆشبەخترە، چ خەمێکی هەیە؟!.

وەك ئێمە دەخوا و دەنوێت و خەو دەبینێ و تووشی دەڵێکیش هات.. نەشەرمی لێدەکاو... .

جەودەت دەیووت:

تەنانەت لە چەند و چوونی ڕۆژی پەسلأن خەمی نییە.

جەودەت دەیووت:

کوا لێیدەپرسن چەند گرتکە گۆشتی حەرامی خواردووە و چەندێ لە پێوەبوونە نامەحرەمەکانی، پەشیمانە؟!.

(٧)

دەمووت:

دایکە  تاکەی وابووم؟.

دایکە.. ئەو شەلبوونەم کەی کۆتایی پێدێت؟. دەمووت دایکە.. کەس منی خۆشناویێت؟. ئێستاش، وەك منداڵەکەی جاران بەسەگی شەل، بانگم دەکەن.

دەمووت.. دایکە.. گوناهی ئەو سەگە چیبووە؟. خوادەیزانێت باوکم ئەو گەماڵەی لە کێ دابڕاندووە؟. دایکە.. چ ژانێك هێندەی ئەشکەنجەی دابڕان بەسوێیە؟. دەمووت... دایکە.. خۆزیا.. ئەو سەگە، هەلاهەلای بکردمایە.. نەترسی لێپێچینەوە و پرسیار و سزا دەبووم.. نە دەمزانی.. سەگ هێندە بەستەزمانە و مرۆڤیش ئەوەندە سەرگەردان و بێخاوەن.

(٨)

فیلمێکم بینی، پاڵەوانەکە هەر ئەوەندەی شەو دابهاتبا و مانگ ونبووایە دەبوو بەگورگ. ئەو فلیمەم پێخۆشنەبوو، کەڵبەکانی ترسناك بوون. ڕقم لەگورگە، وەلەو سەگیش لەو بنەماڵەیە بێت، ئەوان سەنگینترن.. ڕووپاماییان بۆ ناکرێت و پاسەوانی بۆ هیچ کەسێك ناکەن. ئەوەشم بیستووە چاوێکی تیژیان هەیە و زۆر دوور

دەبیـنن و وەفایـان بـۆ خۆیـان نییـە، هـەر ئەوەنـدەی یـەکێکییان بریندarبوو، هەرخۆیان دەیخۆن ولەناوی دەبەن. تەنیا لوورەکەیان جاڕسم دەکات. لێیان دەترسم.
ئـەوەی دەیـزانم بیسـتنە تـا بیـنین، ئـەوەش ناکاتـە ئـەوەی بـبم بەگورگ.
بـەعیزەتم وت: کـە کیسـەڵ نـەتوانێت بفڕێـت، چـی بکـات؟.
مراوییـــەکان، گاڵتــەی پێبکــەن و لـــە هەڵــدێری نــێن و هەلابەهەلایبکەن؟.

(٩)

بە عیزەتم وت:
تۆ باسی خۆتم بۆ بکە. چەند کەس لە مڕەت ترساوە و لە بەردەم چەند کەسدا قرووسکاندووتە؟!.
وتم:
عیـزەت ئەمـەیان زۆر بەسـتەزمانە. دەمزانـی بەرگـەی مڕەیـەك ناگرێـت. قـەپاڵێکی پیابکـەیت لەشـوێنی خۆیـدا میـز دەکـات بەخۆیـدا. بـەدەنی سـپی سـپی. چـنگێکی بەربکـەوێت.. تووشـی خـوێن بـەربوون دێـت.. لـە کیـژێك دەچـێت، یەکـەمینجاری بێـت بکەوێتە بێنوێژییەوە. ئەو بڕواناکات.. مرۆڤەکانیش دەخورێن و گۆشتیشیان بۆ خواردن شیاوە.

پێمووت: کەست خۆشویستووە؟
وتی: دایکم.
وتم: گەوجە.. مەبەستم ڕاموسان و... .
ڕووخساری سوور هەڵگەڕا.. لە سۆنەیەك دەچوو فێری فڕین نەبووبێت.
دەمووت: چیی دەزانیت ئەوە بڵێ.
دەیووت: چیتپێخۆشە ئەوە بنووسە. بڵێ ئەوەی کردووە، بەس ئەشکەنجەم مەدە.
چوومە لای، وتم:
گەورەم.. بەهەڵە هێناومانە.. ئەوە، سەگێکی بۆ ناتۆپێنرێت نەك مرۆڤێك.
هێندە پێکەنی. کاکیلەکانی بەدەرکەوتن، وەك ئەوەی نوکتەیەکی تازەم بۆ گێڕابێتەوە، چوون سەگێك باوێشکی بێزاری بداتەوە، وتی:
ــ بە ماچ، نهێنی نادرکێنرێت.
وتم:
زللەیەکی بەرکەوت، میزی کرد بەخۆیدا!.
وتی:
ــ مەوەڕە.

(١٠)

من و جەودەت، بەو سەگبابەمان دەوت: عیسا. ئاخر، لە(عیسا)ی فیلمەکە دەچوو.. موویەکی سووری هەبوو.. وەکو خۆم شەل بوو.. نا، کەسێك کە.. قاچی چەپی کورت و قاچی ڕاستی گێڕ بوو. خودایە چ هێزێك لە دەستیا بوو. جەودەت فریام نەکەوتایە، بەدڵنیاییەوە دەیخنکاندم. تاکە جنێوێك دەیانجار گوێم لێیبوو، دەیووت: بەر نەفرەتی خودا بکەویت.

چ جەستەیەکی تۆکمەی هەبوو, ئەو وەك ئەوەی پێیخۆشبێت، ئەشکەنجەی بدەین، وەك ئەوەی بخوازێت ڕوحی بکێشین. سەگبابێکی ئازابوو. ئەو نەدەپاڕایەوە. من.. لەبەر خۆڕاگرییەکەی خۆشمدەویست. ڕووخساری جوان و ئاودار بوو. کوا جەسارەت دەکەین، ئەو قسانە بکەین؟. نازانم، ئەو خەڵکانە، ئەو هەموو قسە جوانانە لە کوێوە دێنن؟ کتومت.. پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکان؟. ئیێ.. پاڵەوانی فیلمەکانیش، جوان قسەدەکەن.

بۆ جەودەت نازانێت ئەو قسانە بکات؟. جەودەت پێمدەڵێت: بەم حاڵەوە چۆن پەیمانگات بۆ تەواوکرا؟. هیچ شتێك نازانیت، بەتەنیا وشەی سەگباب و باسی فیلم نەبێت!.

جەودەتیش ئەوە دەزانێت هەر قسەکانیان سنووری مردن و ژیانیان دیاری دەکات. وەك ئەوەی لە ناخمدابێت و بزانێت پێمخۆشە چ جنێوێك بدەم.

دەمەو ئێوارەیەك زۆرم پێکرد.. یەکەمینجاربوو ببینم جنێو بەخۆم بدات، ئەویش کتومت جەودەتە سەگباب، پێیووتم: سەگە شەل.

سەرەتا وامزەندەکرد، یەکێك بێت لەوان و بێزی نەیەت خۆیم پێبناسێنێت. ئەوە گریمانەیەکی هیچوپوچانەبوو، ئەوەی کە ئەشکەنجەدەدرێ، لەخوای دەوێت کەمێك ئازارەکەی کەم بکرێتەوە.

ئەو، وتی: بۆ ڕووخسارم دادەپۆشن؟ مەگەر لێمدەترسن؟!.

داواکارییەکی گەوجانە بوو. ڕاستر ئێمە گەوج بووین، ئەوە داواکارییەکی ئەو پەڕی کەرانەیە. (عیسا)ئیتر بەتەنیا نەیدەوت: سەگە شەل. دەیوت: لەسەگ ناشرینتر پێدەکەنیت.

دەیووت: گوو بە ژیانت.. گوو بە موچەکەت.. .

من دەبوایە تەمبێی بکەم. دەبوایە فێری بکەم مرۆۋ یەکجار دەژی و کە ڕوحی بەخشی.. ئەوسا چی؟. دەبوو پێمبووتبا.. پشیلەیەکیش بێچووی خۆی ناخنکێنێت. کە من نەمام، ژیان مانای چی؟.

ئەو، کابرایەکی کەللەڕەقی سەگوسەگباب بوو، وایدەزانی ئازایەتی ئەوەیە لەبەردەم ئەشکەنجەداندا زۆرترین ورەت هەبێت و نەبەزیت. پێمووت.. کەرێکیش ورگی بەشیشی سوورەوەکراو بدڕە، ناڵێت بۆ وادەکەیت. لەوانەیە پێکەنینی بەو جۆرە ئەشکەنجەیە بێت. شتی سەیرم بۆ دەوت. چوون، ئاوەڵێکم بێت و لەوپەڕی سەرخۆشبووندا خۆمان بدەینە دەم خەیاڵی مەستیمانەوە. ئەو جار جار پێدەکەنی. چەندێ جنێوم بدایە، ئەو زیاتری دەوت.

دەیووت:

لێمدەترسیت؟.

دەمووت: نا!.

دەیووت:

تۆ لە وەڵامدانەوەی مندا درۆدەکەیت، تۆ چاوەڕێی چیم لێدەکەیت؟.

دەمووت:

حەز دەکەم بە زیندووی بتخۆم؟.

دەیووت: بەڵام کەس لێت مەمنوون نییە! وەك سەگێکیت، هێندەی توانای وەڕین و قەپلێگرتنت هەبوو، هەیت، دواتر دەتۆپێنرێیت.

دەمووت:

چاکبزانە ڕایان نەسپاردووم، ئاوا بتکەم بەسەگێك و تەشقەڵەت پێبکەم، تەنیا لەزەت لەوە دەبینم وەك سەگێکی خوێڕی بقروسکێیتەوە.

جەودەت دەیزانی خۆشمدەوێت، دەیزانی سەگێکە، لە ناو گێڕانەوەکانمدا دەژی. نازانم.. چەند بە ڕۆژ بمبینیایە، شەوان خەوی ناخۆشم دەبینی، کەوتبوومە گومانەوە.. ئیتر مرۆڤە و لەوانەیە خەڵکی باشیشی تیا هەڵکەوێت.

دوعایەکی کەفتەکاربوونم لێبکات، چیبکەم؟ سەدان هەن، بێئەوەی پێشتر نەخۆش بوون، لەپڕدا دێن بەلادا ودەمرن.

(١١)

تەنانەت(جەودەت)..تۆش؟!.

(١٢)

نەمووت: جەودەت سالآنێکە پێکەوە هاوڕێین.
بیرمنەخستەوە.. جەژنی ڕابردوو نانی جەژنم لە ماڵی ئێوە کرد و منیش دەستی دایکت و باوکتم ماچ کرد و پێکەوە چووینە سەر گۆڕی دایکم و وتت:
ئافرەتێکی بێبەخت ونەگبەت بوو... .
پێمنەوتیت: دەتوانیت ئەشکەنجەم نەدەیت و واخۆت نیشان بدەیت، خراپت پێکردووم.
پێمووتیت: بەهەناسەکانتا دەزانم، جەودەتیت!!.
وتم: ئێستا دەتوانم وەك مرۆڤەکان پێبکەنم و لە وەڕینەکانتان تێبگەم.
جەودەت.. ئەگەر گریابیت، لێتمەمنوون نیم. ئەگەر میهرت بۆم ببێت، سوپاسگوزارت نابم.

(١٢)

ئەوەی من لێیدەترسم سەگە نەك گورگ.. نە ئەو پڵنگی سێرکانەی بە کلۆیەك شەکر ڕازین و شکۆمەندییان دەدۆڕێنن.. ئێستا دەزانم

سەگ ئەوەندەی لە سەگ دەترسێت ئەوەندە لە بوونەوەرێکیتر ناترسێت.
من.. لە جەودەت ناترسم. جەودەت دەبێت.. سنوورەکان بە خوێنی خۆی دیاریبکات. مەهێڵە.. بیر لە وەڕینەکانم بکەمەوە. دەمەوێت وەك مرۆڤەکان بگریم و پێبکەنم.

(١٣)

عیزەت بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟!.
جارجارە دەترسم. ئێستا دەزانم، بۆ دەڵاڵانەوە تا نەمرن!.
ڕقم لە جەستەمە و ناتوانێت مردنم لێ دووربخاتەوە. هیچت بۆ باسنەکردم. نازانم چی ڕوو دەدات!.

(١٤)

دەبێت هەتاکو نیوەشەو، چەند کەس لە دایك بێت؟. دڵنیام جەودەت بۆم دەگری. ئیتر عیزەت دەڕوا و هەنگاو دەنێت و ئاوڕم بۆ ناداتەوە.

# خانمی مردوو

پــایزی ســاڵی ١٨٨٨، لــە کــاتی تــەدارەکی بەخاکســپاردنی کەیخوسرەوی کوڕی قوٚیتاس شا، موزەفەرخان زوٚر بەگوستاخی و نهێنی، خوٚی گەیاندە ژێر تابووتەکەی، کەیخوسرەوی شازادە.

ئــەو کەســەی لــە دەستەڕاســتی پێشــەوە، قــوڵی تابووتەکــەی لەسەرشان نابوو، کوڕە ناوەنجییەکەی قوٚیتاس شابوو. لەوکاتەدا نــەك ســەرنجی ئــەوەی نــەدا کــە ئــەو کەســە کــێ بــوو وا بــەپرتاو جێگەکــەی پێگــوٚڕی، بــەڵکو ئەگــەر بەتــەواوی شــارەزا بــە نــاخو بیرکردنەوەکانی بویتایە، کتومت، قوٚیتاس شای باوکی، بیری لەو مردنــە کتــوپڕەی کەیخوســرەو دەکــردەوە، کــەهیچ نیشــانەیەکی پێشــوەخت نــەبوو بــوٚ مردنــی. هــەموو ئەوانــەی کــە ڕووخســاری کەیخوسرەویان لەکاتی شوٚردندا بینیبوو، ڕەنگییان بە زارگوٚنێکی پیروٚزەیی چواندبوو.

گەیشـتنی موزەفـەرخان پـاش ١٥ سـاڵ ونبـوون، ئـا لەوکاتـەدا، بەقەدەر مردنی کەیخوسرەو، پرس و سەرنجی لەگەڵ خۆی هێنا. ڕاستر سەرانسـەری خەڵکەکـە کـە لـەوێ ئامـادەبوون، تەنانـەت بـە کوڕەکـانی قۆیتـاس شـا شـەوە، نەیانناسـییەوە، بەتایبـەت ئـەو گەنجانــەش کــە بەشــێکی تــەواوی قــەرەباڵغی تەدارەکەکــەیان پێکهێنابوو، نەیاندەزانی، موزەفەرخانی ناو چیرۆکەکان ئەوەتانێ، بـەزرت و زینـدوویی، بەشـدارە لـەو ناشـتنە و وەك هـەر خـاوەن پرسەیەك غەمگینی و ماتییەك بەڕووخسارییەوە هەیە.

دوابەدوای بەخاکسپاردن و تـەڵقین دادانـی، یەکـەمین کـەس داوای لێخۆشـبوون و بەهەشـت مـەئوای بـۆ کەیخوسـرەو خوێنـد لـەپاش مامۆسـتای خانـەقاوە، موزەفـەرخان بـوو، کەئەوەنـدە دانەوییـەوە، تاکوتەرایـەك لەوانـەی موزەفـەرییان دەناسـییەوە، پێیـان وابـوو، دامێن و کاڵەی قۆیتاس شا ماچدەکات.

قۆیتاس شا، دیارە سیمای باوکێکی کۆستکەوتووانەی پێوە دیار بـوو، ئـەمما ویقـار و شـکۆمەندییەك لـە ڕووخسـارە ماتەکەیـدا کۆبووبـۆوە، بتـدیبا دەتـووت.. ئـەم کابرایـە حـیلم و داناییەکـەی باڵاترە، لە تووڕەبوون و پێزانین بە مەودای دەسەڵاتی.

هیچی نەوت.. تەنانەت دەستی نەهێنا بەسەریا.. بەخێرهێنانیشـی لێنـەکرد، تـەنیا شـتێك کـە وتـی و زۆرتـرین بیرکردنـەوەی بـەدوای خۆیـدا هێنـا و پاشـتر بـۆ مـاوەی دە سـاڵ زێـتر لـە نـاخ و خـەیاڵی موزەفەرخاندا دەنگی دەدایەوە، بەتەنێ وتی:

ــ خودا جەزات بداتەوە.

هاتنەوەی موزەفەر شا، ئا لەو کاتەدا چەندان مەغزای ئاڵۆزاوی لەگەڵ خۆی هێنا، ئێمە تەنیا هەڵوێستە لەسەر بیرخستنەوەیەك دەکەین.

یەکێك لەو نەریتانەی کە لەگەڵ باڵادەستی مەولا شای باپیرەی قۆیتاس شا داهاتبوو، وەك دابێکی گشتیش سەرجەمی خەڵکەکە پێوەی پابەند بوون، ئەو کەسەی کەسێکی بکوشتبا، ئەگەر ئەو کەسە بیتوانیبا لەکاتی تەدارەکی کەسی کوژراودا بەفریای چوونە ژێر تابووتی کەسە کوژراوەکە بکەوتایە، یاخود لەکاتی مردنی کەسی هەمان خانەوادەدا بەواتە برای یان باوکی کوژراوەکە، هەمان نەزمی بەئەنجام بگەیاندبایە، ئەوا بێهیچ لێپرسینەوەیەکی ئەوتۆ، دەکەوتە بەر یاسای لێخۆشبوون و گەردن ئازادییەوە و هەمو مافەکانی وەك بەر لەڕوودانی کوشتنەکە دەگەڕایەوە و شتەکە ئاسایی دەبووەوە. بەڵام ئاخۆ هەموو بکوژێك ئەوەی لەدەستدەهات؟. پێنج لەسەدی بکوژەکان، نەیاندەتوانی بەو خەونە بگەن و بەخت یاوەریان نەدەبوو، چونکە پەیڕەوکەرانی ئەو یاسایە، بۆ خۆیان بەرنامەڕێژییەکی زیرەکانەیان دەکرد بۆ بەتاڵ کردنەوەی ئەو گرێبەستە، بەواتە ئۆینێك بوو بۆ خێرا تۆڵە سەندنەوەی مافی کوژراو لە بکوژ، بەوەی بەر لەگەیشتن بۆ ژێر قۆڵی تابووتەکان، ئەو بکوژەیان لەهەنگاو نان دەخست و کوشتنەوەشی لەو کاتەدا، کارێکی سەروو ئاسایی بوو. کە گەلێك

چیرۆکی ئازاراوی لەو چەشنە سەرئەنجامە تالآنە لەمێژووی ناوچەکەدا بوونی هەبوو. بەلآم هاتنەوەی موزەفەر شا لەو کاتەدا، پرسیارێك بوو بەتەنیٚ لە هەناوی قوٚیتاس شاوە سەرچاوەی نەگرت، بەڵکو دواتر ڕژایە ناو بیرکردنەوەی هەمو ئەوانەی ناوی موزەفەرخان و بایەزید یان بیستبوو، تاکە جیاکارییەك لەنێوان ئەوان و قوٚیتاس شادا هێندەبوو، کە وەك بڵێیت مردنی کەیخوسرەو، کارێکی ئاسایی بێت و دەبوایە ڕوویبدایە و بەبارتەقای هاتنەوەی موزەفەر، پاش ١٥ ساڵ سەرنج و ماتی نابەخشێت. ئەگەر ئەو کاتە بەهەر سوٚنگەیەك بێت، ئاگات لە ناخ و بیرکردنەوەی قوٚیتاس شا بوایە، دەتزانی ئەو ڕوٚژە تاڵەی بەیاد دەهاتەوە کە بایەزیدی کوڕە گەورەی کوژرا. ئەو ڕوٚژە سەختەی یەکێك لە ڕەعیەت و گوێڕایەڵە بەئەمەکەکانی، ئەو موزەفەرەی تاکە ئاوەڵی پەسەندکراوی کوڕە گەورەکەی وخوٚشی بوو، کوڕە گەورەکەی کوشت.

قوٚیتاس شا، ئەوە یەکەمینجار بوو هەست بە سەختی ئازاری کوڕ کوژران بکات. چەندان شەو نەخەوت و چەندینجار، بە نیوەی شەویٚ یا بەربەیان.. بە ئاگادەهاتەوە، زیاتر لەوادەی پێویست خەوی دەزڕا. ئەو بوٚ ماوەیەکی درێژ وازی لە ڕاوکردن هێنا و نوێژی جەماعەت و بەزمی گوٚیندەکانی دیوەخانەکەی تەرك کردبوو. گەر سەرزارەکییانە لەدەربارەدا ڕوونکردنەوەیەکیدا... تاوانی ئەو هیچ پەیوەندی بە باوك و بنەماڵەکەیەوە نییە. بەلآم

ئەوە ئاماژەیەکی وریاکەرەوە بوو، کە ئەو کارە، کارێك نییە هەروا تێبپەڕێت، مەگەر مرۆڤ دەتوانێت دووجار بژێت؟.
بەتەنێ نەك شا، تەواوی دەربار دەیزانی ئەگەر هاوڕێیەتی بایەزید نەبوایە، هەموو ئەو کارئاسانییەی لە خودی قۆیتاس شاوە بە باوکی موزەفەر کەرەمکرا، دەبوو خانەوادەکەی موزەفەریش وەك سەدان گوندنشین لەوسالأنی قات وقڕیەدا بۆ جارێکیش بووایە، تامی خواردنی گوێدرێژ و سەگ و پشیلەی بچێژتبایە و وەك سەدانی دی، خەونییان بەخواردنی خەپلەیەکی قەندەهاری ببینیایە، ئەگەر منەتیش نەبێت، سەدان ئاش و زلێاوی ڕۆنەزەنگێك، لە بوونی ئەو برادەرێتییەوە، لە ئاشپەزخانەکەی ماڵە باوانییەوە، دەیووت: برسێتی بوونی نییە.
ئەو سالأنی گرانییە، چەندان کەس کچەکانییان لە هاوسەنگی قزناغێك گەنم هەرزانفرۆشکرد، ڕاستر شا نەیدەویست سالأنی قات وقڕی بیربکەوێتەوە، کە هێندەنەبوو، بەخۆیاندا هاتبوونەوە.
سەیریش نەبوو.. بەر لەیادی چلەی بایەزید، تەواوی خانەوادەکەی موزەفەرخان ئاسەوارییان نەما، وەك بلێیت بۆ ونبوونی هەموو خانەگومانێك، قۆیتاس شا خۆی سەرپەرشتی پرسەکەی دەکردن. تا ئەو منداڵەی بەدزییەوە هەواڵی کوژرانی بایەزید دەبیستێت، کە کەسێك پڕکێشیکردووە ناوی موزەفەر خانە.

دەیـان پرسـیار لـەپای كـوژرانی بایەزیـد بـوونی هـەبوو، سـەدان چـیرۆكیش لـە شـێوە و چـۆنێتی كوژرانەكـە داڕێـژرا. كـە خـودی قۆیتاس شا، چەندان چیرۆكی جیاواز جیاوازی بیست و هیچییان بـای ئەوەنـدە نـەبوو، موزەفـەر دەسـتی بچێتە بایەزیـد و لـە نـاوی بەرێت.

چـیرۆكەكان كـە بـەیانكران، هـیچ هێزێـك ناتوانێـت زەفـەر بـە سـڕینەوەی بـەرێت. موزەفـەر لـە پاڵـەوانی زۆر چـیرۆكدا هێنـدە زیادەڕۆییـان پێـوە لكانـدبوو كـە چـیرۆكەكە هـیچ پەیوەنـدی بەچـیرۆكی كوشـتنی بایەزیـد و بكـوژیی موزەفـەرەوە نـەمابوو، هێنـدەیی ئەوەیی لەناو گشت چیرۆكەكاندا پاڵـەوانی خێرەومەنـد بەر موزەفەر دەكەوت و لایەنی شەڕو خراپەكاریش بۆ بایەزید. هەر ئەو ڕۆژەی بایەزید كوژرا، ونبوونی موزەفەر دەستپێكرد.

ونبوونی موزەفەر و دۆزینەوەی تەرمی بایەزید لە بێشەلانی نزیك بە گوندی (كاولاخ) مردنێكی ئاسایی نەبوو. دەرچوونی موزەفەر و بایەزیـد بەبێ هـیچ پاسـەوان وغـولام وقەرەواشێك، شتێكی نـاجۆر نـەبوو، دەیانجـار پێشـتر بـوونی هـەبووە، گـەلێكجار ئـەو چـوونە لێـڕەوار و سـەیران و ڕاووشـكارانە، حـەوتووی دەخایەنـد و هـیچ ئاماژەیەك نەبوو بۆ سڵەمینەوە و پرسیاركردن.

قۆیتاس شـاش نـە خـەونێكی پێشتری بینیبـوو، نـە خـەیاڵێكی لـەو جۆرانـەی هـەبوو. مەگـەر زیـادەڕۆیی چـیرۆكەكەمان نـەبێت، یـەك

دووجارێك، زەماوەندی (شیلانێ)ی تاقانە كچی، بۆ موزەفەر، لە پانتای بیركردنەوەدا خەیاڵێكی ڕاگوزەری قۆیتاس شابوو.

كوشتنی بایەزید بەو ئاسانییە، لە نێوان كوڕی فەرمانڕەوا و كەسێكی زەنگین نە هەروا سانابوو، نەگرێی چیرۆكێكە، كە مەودایەك بە درێژبوونەوەی گێڕانەوەكان بدات. یان هەموو كەس توانای كوشتنی هەیە و دەتوانێت ببێتە بكوژ؟ بەمانا هەموو كەسێكیش گریمانەی كوشتنی لێدەكرێت؟.

ئەگەر كوشتنەكە پێنج شەش ساڵێك لەوەبەر ڕووی بدایە، بێهیچ شەنوكەوێك لە ئەستۆی قاتوقڕی و برسێتی ونەهاتندا، دەیانقەبلاند. یان بە پیلانی ناحەزانەی قاجارییەكان لە هەمبەر والی عوسمانییەكان دایان دەنا، كە زۆر بە ئاسانی تووڕەیی و غەزەبی قۆیتاس شا بەرانبەر یەكێكیان لەبەرانبەر بەرژەوەندی ئەویتریان بڕژێت و تا ماوەیەكی درێژ سەرقاڵبوونێكی بێتامییان لەلابخولقێنێت و پێیانەوە غافڵگیربن، كە ئەو ڕوانینەش سۆنگەیەكی پەسەندی زۆرینەی كاربەدەستەبالاكانی قۆیتاس شابوون .

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئەو ساڵانەی بەر لەو ڕووداوە، لێوەشاوەترین ومەردترین پیشە، جەردەیی و چەتەگەرێتی بوو. تێر بوونی هیچ سكێك بری سكێك نەدەكەوت و ژیانیش كەوتبووە ناو لرفكردنی بابۆڵە و ژەمەخواردنێكی هاكەزاییەوە. ئەگەر بیرتیژی و سەلیقەی قۆیتاس شا و ڕەندی و جوامێری پیاوەكانی

نەبوایە و لەپای غەنیمەی شەڕی عەرووس نەبووایە، تەواوی خەڵکەکە بە هیلاك دەچوون و دەفەوتان.
ئەو ڕۆژەی موزەفەر ونبوو، هەر ئەو ڕۆژەش بێهیچ پێشینەیەکی پێشوەخت ناوی بکوژ بەسەر موزەفەر دابڕێنرا. قۆیتاس شا.. لەمەیاندا پەلەیکرد و تەواوی تەتەر و جاڕچییەکانی دابەشکرد بەسەر چەند گروپێکدا. بەشێکییان بەرەو حەڵەب ڕۆشتن، بەشێکییان بە رەو شیراز، بەشێکییان بەرەو بەغدا و تاقمێکیش بەرەو ئەستەنبوڵ.
زۆر بەکورتی هیچییان سۆراخێکییان دەستنەکەوت، بێنەرە پێش چاوت، بە دوومانگ و بەرەوژوور بەچاوەڕوانی هەواڵ و سۆراخێکەوە بیت، بەرئەنجامیش بێسەرئەنجام، ئەمە چیرۆکێکی ناجۆرە.
سەختر، وەك سەرکارەکان دواتر دەهاتنەوە.. دەیانووت فلآنمان کە گەیشتینە بەغداد، نەهاتەوە لەگەڵمان، فلآنییان لە شیراز، خۆی لێمان دزییەوە.
هەڵبەت، قۆیتاس شا هەتا دەساڵ زیاتریش، کەسێکی ڕەوتەنی بیووتبا، کەسێکمان بینیووە، لە فلآن شوێن بە موزەفەر دەچوو، بەپەلە ڕاسپێرێکی دەنارد و لە ڕاستی ئەو دەنگۆیە خۆی ئارخەیان دەکرد. هەرخۆشی بەدەست وخەتی خۆی لە یەکەمین ساڵی کوشتنی بایەزیدەوە، نامەی بۆ باب ئەلعالی و موشیرپاشای

ئـەرزەرووم وشـای قاجـار نووسـی و لـە سـۆراخکردنی بکـوژی کوڕەکەی، گەلێك تکاکاربوو.
ئەوەی لەو سەردەمەدا لەدەرباردا بژیایە و لە خەزێنەی قۆیتاس شـا، سـوودمەند ببوایـە، ئـەو خەیاڵـەی قۆیتـاس شـای بـەبیردا دەهـات.. هـەر کەسـە و کێیـی ویسـت بیکوژێـت و دواتـر هـەڵبێت، ئەمـە هـەموو دەسـەڵاتێك دەخاتـە مەترسـییەوە. لـەوەش گـرنگتر قۆیتـاس شـا، نـەتوانێت خـوێنی کـوڕی بسـەنێت و بکـوژی نەدۆزێتەوە، چۆن پارێزگاری ئەو ڕەشە خەڵکەی بۆ دەکرێت؟.
موزەفەر خان، ئاخۆ بەر لە کوشتنی بایەزید پلانێکی وایەهبوو، کە پێشتر خۆی بۆ گەشتێکی وا ئامادەبکات؟ یان کوشتنێك ڕوویدا، لە جۆری ئەو کوشتنانەی لەساتەوەختێکی کورتدا لەسەر شتێکی سـادە بنیـاد دەنرێـت و هاوکێشـەکەش بـە بـەبکوژی کەسـێك و کـوژرانی بەرانبـەر خۆیـان دەنووسـنەوە؟. هەڵبـەت، گریمانـەی دووەمیان ڕاستر بوو.
ڕۆشـتنی موزەفـەر بـەو پـەڕی نهێنـی و گەیشـتنی بـە کۆڵانـەکانی (ئاکسـەرا)ی ئەسـتەنبوڵ، چـەندین پـەڕەی چیرۆکەکەمان دەگرێـت. بـۆ کورتکردنـەوەی .. دەسـتدەدەینە پـەلی موزەفـەرخان و لـە قەڵـەمڕەوی قۆیتـاس شـاوە هەڵیـدەگرین و لـە (بـەیرەم پاشـا) دایدەنێین!.
ئـەو کەسـەش تـرس وەك پۆشـاکەکەی بـەری بەڕووخسـارییەوە ببینرێت و ناشارەزا بە زمانی تورکی و بە تولی عومری خۆی جگە

لەچەند سەفەرێکی کورت بۆ ماڵی خاڵوانی لە(تەورێز)، شوێنێکی ئەوتۆی نەبینیبوو، ڕاستر وەك تاقانەی دایکوباوك بوو، هەمیشە مەترسی لە فەوتبوونی بێهۆ، خاڵێکی زەقی دیوی دووەمی ژیانی بوو، کەدەشێت ئەمە یەکێك بێت لەو خاڵە لاوازانەی خوێنەر بەسانایی بڕوانەهێنێت. کە هەموو ژیان لەسەر گریمانەی ڕێکەوت بەڕێوە ناچێت وهەموو ڕێکەوتێکیش بەسەرئەنجامێکی دڵشادکەرانە ناگەڕێتەوە!.

ئەگەر ئێمە یەکێك لەو گریمانە خەیالاَوییانە بە موزەفەرخان ببەخشین، دەکرێت بڵێین، موزەفەرخان.. هەر لەئەزەلەوە ڕووخسارێکی شەنگ و قۆزی هەبوو، بونیادی جەستەی سەرنج ڕاکێش بوو، بلیمەتییەکی ناوازەیی هەبوو، تخوبی ئەو پاڵەوانانەی تیادا کۆببوۆوە، کە ساکارانە ئاستەنگ و هەڵەمووتی نائاسایی بەجێبهێڵێت.

ئەگەر بەشێك لەنهێنی بکوژی موزەفەر و کوژرانی بایەزید بە خانمێکەوە ببەستینەوە، لەوێش دەستگرتنی موزەفەرخان کە هاوسەنگی ڕیتمی چیرۆکەکەمان نەشێوێنێت، بە ئاقارێکدا بەرێت کە درێژە بەمانەوەی چیرۆکەکەمان بدات، هەر خانمێکە، پێش ئەوەی موزەفەرخان بیناسێت، پێیان دەووت: خانمی مردوو.

کە ئەو خانمە گەر سۆنگەیەك بێت بۆ درێژکردنەوەی چیرۆکەکەمان، هاوکات هەرخۆشی خاڵێکی لاواز بە چۆنێتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەمان نابەخشێت؟.

ئەوانەی لە چیرۆکدا جێگەیان دەبێتەوە، زۆرجار لە ژیاندا دەبێتە خەیاڵبازی و هەندێجاریش ئەوەی لە ژیاندا جێکەوتی هەیە، لە چیرۆکدا دەبێتە خەیاڵ پلاوی. وتراوە.. مرۆڤ لەوکاتەوەی فام دەکاتەوە، تا ئەو وادەیەی هۆش لەدەستدەدات، چواردەوری پڕە لەچیرۆك، دیارە خۆشی بەشێکە لە چیرۆك. هەموو هەوڵەکانیش لە پێناوی بە پەرچووبوونی گێڕانەوەکاندایە. با چیرۆکەکەمان نەگاتە ئەو ئاستەی هەر لەئێستاوە بە دوای عوزری زیادەڕۆیی و سوێندی ڕاستبێژی وتنمان بنووسینەوە.

موزەفەرخان ، ئێستا بە مانای سەرسامی و ئەبڵەقبوون، دەڕوانێتە دار وسەرای ئەستەنبوڵ. ئەگەر ترس و ڕاکردن لەمەرگ، مەودایەکی نەبەخشی بە موزەفەر تا بە چاوی سەرنجەوە هەنگاو هەڵنەگرێت، ئەوا لێرەدا سنوورێکی دانا، کە دوایین مەودای شاربەدەربوون بێت. هەڵبەت، کە پڵنگێك دەنیشێتە سەر کارمامزێك، کارمامزەکە ئەوەندەی بیر لە مان و نەکوژرانی دەکاتەوە و هەموو بڕست و هێزێکی لەخێرا ڕۆشتندا چڕدەکاتەوە، ئەوەندە بەخەمی ئەوە نییە، چەند شاری مێروولەی کاولکرد و چەند گوڵی پلیشاندەوە و چ باڵندەیەك لە دیمەنی ڕاوەدوونان و ڕاکردنی غەمگینە.

ئێستا، گەر ترسی ناسینەوە و دۆزینەوەش لێینەگەڕابێت و هەژاری و نامۆیی وەك سمێڵە خورماییەکەی بەڕووخسارییەوە گەش بنوێنێت، هێندە فێربووە لە (ئاکسەرای)ەوە بەرەو (لالەلی) و

(بایەزیـد) تێهەڵکێشـێت، هـەتا (ئـەمین یونـوون) لـە هـەنگاونان چ خەمێکی نەبێت، یان بە ئاراستەی پێچەوانەوە لە (ئاکسـەرای)ەوە تا (بەیرەم پاشا) لەوێوە بە (مەجید یـەکیویی)ەوە هـەتا (عوسمان بەی) خەمی بەونکردنی جێهەڵگرتنی هەنگاوەکانی نەیەت.

ئـــەو ڕۆژەی موزەفـــەرخان گەیشـــتە (ئاکســـەرای) ١٠١ ڕۆژ بـــوو موزەفەر کوژرابوو، ١٠١ ڕۆژ لەهەواڵی باوك ودایك، بێهەواڵ و.. .

ئەوەنـدەی لـەم ١٠١ ڕۆژەدا شـتی بینـی و چـیرۆکگەلێکی سـەیر و بێمانایی تووشهات، لەخەونی شەوانەیدا ڕێکەوتی نەکرد. هەڵبـەت وەك پێشـتر سـەرنجێکماندا، نووسـینەوەی هـەموو ئەوانـە چـەندین لاپـەڕەی چـیرۆکەکەمان دەبـات، تاکـە بیرخسـتنەوەیەك پێویسـت بکـات تـا ئـەو ڕۆژەی خـانمی مـردووی ناسـی هێشـتا(٤)لـیرەی ڕەشـادی پێمـابوو، ئـەوەش بـۆ کەسـێك بونیـادێکی خاسمـەیی هەبێت، چجای ئەو سەردەمی ئاخۆران و بخۆرانە، نەختینەیەکی زۆربوو.

ئەو کەسانەی خوازیاربن، مێـژووی تورکیای کـۆن بخوێننـەوە، یـان شتێکیان لە کتێبەکانی (تەئریخی جەودەت) و( تەئریخی خەیروڵڵە فەنـــدی) و( تـــەئریخی ســـوڵاق زادە)ی خوێندبێتـــەوە، دەزانـــن، ئەستەنبوڵی ئەوسا، کە پایتـەختی خەلافـەتی ئیسلامی بووە، وەك هـــەموو شـــارە قەرەباڵغـــەکانی دونیـــا، ڕۆژانـــە هـــەزاران کـــەس ڕوویانکردۆتە ئەوشارە و هـەزارانیش لێیهاتوونەتـە دەرێ. ڕاستر بە پورە هەنگێك چووە وهەریەکەو بەجۆر و بە شێوازێك، بە ژیانـەوە

ئـالآوه. کـهوابێت، بـۆ بهدهستخسـتنی سـهرهداوێکی گـوزهران بـه پاڵـهوانی چـیرۆکهکهمان، سـهرنجێك دروسـت ناکـات، تاغهفڵـهت بـه گێڕانهوهکهمان ببهخشێت.

بـهو پێیـهی موزهفـهرخان، لهدهڤـهرێکی بهرتهسـکهوه هـاتبووه ئـهم سنووره بهرین و کراوهیه و بـۆ خۆشـی وهك خێزانـدارێکی هـهبوو و ساماندار ناسراوبوو، حۆجهی بهوه نهبوو هیچ جـۆره کارێك بکـات لهو کارانهی که به بازنی ئاڵتونی نـاوزهد کـراوه. کهمـه شـارهزاییهك کـه هـهیبوو، ئـهو بازرگانییـه سـهرپێیانهبوو، کـه لهشـوێنێکی وهك ئهسـتهنبوڵ، نـهك پێیـان نـهدهوت: بازرگـان و تـاجر، بهڵکـه بـه عومدهفرۆشـێکی گچـکهڵهیان لهقهڵـهم دهدا، کـه کۆمـهڵێك کڕیـاری دیاریکراو، مامهڵهی لهگهڵ بکهن.

بێگومـان (موزهفـهرخان) بـه خـهیاڵیش بـیری لـهو ڕۆژگـاره نـهدهکردهوه، کـه پیایـدا تێدهپـهڕی. بـه بهڵگهیـهکی زۆر سـاده، تهنانهت بۆینهکرا بۆ دواجار ماڵئاوایی له باوکی بکات.

ئهگهر دووساڵ لهتهمهنی غهریبی موزهفهرخان بسڕینهوه و گوێ له قسـهکانی بگـرین، بـای ئهوهنـده بـهتورکی دهدوێـت، کـه جنێویـان پێدا، ناحاڵی نـهبێت. کـه پێویسـتی بـه گێڕانـهوه هـهبوو، ئهوهنـده بڵێت، که لهمهبهستهکانی حاڵیببن.

ئێسـتاکێ.. لـهلای ئـهو خانمـه گیرسـاوهتهوه کـه ناونیشـانی چیرۆکهکهمانی هەڵگرتووه: خانمی مردوو.

بەر لە ناسین و خستنەڕووی ڕەهەندەکانی ئەو کارەکتەرەمان، دەکرێت بڵێین بەشێك لە ڕەوتاری (ژۆزفین)ی لەمەڕ (ناپلیۆن)ی هەڵگرتووە، جیاوازی بەرچاویش ئەوەیە کە موزەفەرخان نەك نەیتوانی شوێن پێی ناپلیۆن هەڵبگرێت، تەنانەت خاڵێکی هاوبەش نییە لەنێوانیان بۆ بەراوردکردنییان، هێندە نەبێت کە بڵێین: هەردوکییان مرۆڤ بوون.

لەوانەش تێپەڕێت ئەو خانمەش لەم دواییانەدا ئەوەندە سەنگ و ئیعتیباراتێکی نەبوو کە بەتەنها کاربەدەستە باڵاکانی باب ئەلعالی لێینەشئەبەندبن.

ڕەوتارێك بەو بەرچاوقایمییە بۆ ئەو سەردەمە، گەلێکجار دەچێتە خانەی باڵابڕینێکی زیادڕەوییانە، یان بەدیوەکەیتردا، گەر سەرچاوەی بەخشینەوەی لوتکەی چێژ و ئارەزووەکان بێت، وەك هەموو سەردەمانێك هێشتا ئەو چینەیان پێکنەدەهێنا کە لە بەشخوراوی و سوکایەتیپێکردن هەڵوێستە بەباڵادەستەکان بکەن. کە بۆ خۆیان چاترین کڕیار و گەورەترین میوانی ژووره شەهوانییەکانییان پێکدەهێنا.

ئەوانەی لە مێژوونووسەکانەوە، سەبارەت بەو مرۆڤانە بە ئێمە گەیشتوون لە چەند ئاماژەیەکی سەرپێی تێناپەڕێنێت، یان وەك پێویست نەیانخواستووە بە قەرەی بابەتێکدا بڕۆن، کە پرسیاری ناچیزە یخەبگیرییان ببێت.

ئەگەر خانمی مردوو، شاجوانی ئەو ژووره داخراوانە بووبێت، ئەوا لە پەسترین ڕۆژی تەمەنیدا موزەفەری ناسی.
موزەفەر گەر ڕیشی قەڵەمدان نەکردبوو، چاوی وەك پیاوانی ئەو ڕۆژگارە نەڕشتبوو، بۆنی نائومێدی و ترسی لێدەهات و پەژارەیەکی قوڵ لەناو چاوەکانیدا شانی دادابوو. هێشتا بە حەماڵ باشییەك دادەنرا، کە بەخت و ڕۆژگار هەردوکیان ناچیزەن پێیی.
دوو ئێوارە لەوەبەر، یەکێك لەو فەرماندارانەی تازەکی لە جەنگی (باڵقان) گەڕابۆوە، نەك نەکەوتە مەفتوونی و ڕووپامایی لەبەردەمی خانمی مردوودا، بەڵك و زۆر بێئینسافانە، نزمتر لەوەی لەگەڵ لەشفرۆشێکی پەککەوتەدا هەڵسوکەوت بکات، خراپتری پێکرد.
خانمی مردوو سەدان شەوی لەگەڵ پیاوانی باڵادەست و ئەعیان و ڕەشۆکیش لەسەر باڵینێك بە ڕۆژ گەیاندبوو، لێ.. هەرگیز ڕێکەوتی پیاوێکی وا ناجسن و سەرشێتی نەکردبوو.
وەك خۆی، ڕووخسارێکی هێندە شەنگی هەبوو، بە چەشنێك هەموو ئەوانەی دەیانبینی، ئاڵهایەکی هێندە سەیریان تیاجەمدەبوو، پێشوەختە، ڕازی بوون بەوەی هاوسەرگیری لەگەڵبکەن. ئەگەر پەسنێکی فیشاڵبازییانەی لەقەبەڵ نەخەین، دەکرێت بڵێین.. ئەمڕۆی جوانتر بوو لە دوێنێ.. جوانییەکی ئەفسوناوی هەبوو.. نە بۆن و نەسەرنجدانی، بەو سۆزانییانە نەدەچوو، کە لەسەرەتای تەمەنی لادانیانەوە نەهامەتییەکان لە

ڕووخساریان کۆبکەنەوە و سۆنگەیەك بێت بەوەی پیاوانی شەهوانی، بەتاقەت نەبن زیاتر لە جارێك لەگەڵیاندا جەم بن.

ئەوانەی باسی خانمی مردوویان بە حەسرەتەوە دەگێڕایەوە، دەیانووت:

خاتونێك بوو.. ئەوەی لەگەڵیدا دەنووست، سەروەختێك ڕووداو و بەسەرهاتی جووتبوونەکانی ئەو شەوەی بگێڕایەتەوە، لێیان نەدەسەلماند.

ئەوانەش بەسۆراخییەوە بوون و دەستی جووتبوونیانی نەدەگەشتێ، کورتەی ژیانییان لەوەدا چڕ دەکردەوە:

کە پێشوەخت هاوسەری قۆماندارێکی پلە بەرزی باب ئەلعالی بووە، گوایە.. بەزۆرە ملێی بنەماڵەی خەلیفە بەتەڵاقدان دراوە و پاشتر بۆ ئاشکرانەبوونی ئەو تاوانە، هەرخۆیان دەریانکردووە و تۆمەتی زیناکردنییان لە ئەستۆ ناوە.

دەوترێت.. ویستوویانە داری حەدی لێبدەن و لەبەر دەستنەکەوتنی (٤) شاهیدەکە، سزاکەیان بە تانە و دوورخستنەوە لە کۆشك و کەنیزە و غولام، چێکردووە.

ئەوەی ئێمە لەم چیرۆکەدا هەوڵی گێڕانەوەی دەدەین، مێژووی ژیانی خانمی مردوو نییە، وەك ئەوەی تانوپۆی کەوتنە زەلکاوی لەشفرۆشییەکەی بگێڕینەوە، ئەو توانابالادەستییەشی دەربخەین، تاچەندێ، داواکارییە خەیاڵاوییەکانی بەئەنجام گەیاندراون.

تـەنیا دەمانـەوێت ئـەو چێشـتەنگاوە پەسـتە بخەینـەڕوو، کـە موزەفەری ناسی.

نە موزەفەر دەیزانی، کوڵ هەڵگرتنێکی سادە سەرلەبەری تەمەنی دەگۆڕێت، نە ئەو خانمەش دەیزانی ئەو کەسەی هەڵگری خەم و ئەشکەنجە بەردەوامەکەی ناخی لە ئامێز دەگرێت، کابرایەکی کوڵکێشی غەریبەیە.

وتمان: دوو شەو لەوەبەر توشی ئەو فەرماندە سەربازییە بوو، کە بۆنی ئارەقێکی ناخۆش و بۆنی بارووت و بۆنساردی خوێنی لێدەهات.

پیاوێك بوو لەو پیاوانەی ژیان ومردن، وەك ددان ئاژەنینێك.. وەك خوراندنی ئالۆشی ناو گوێچکە، یان بیرکردنەوەیەکی کورتی سەر پێشئاوێك دەچوێنن. یان بابڵێین چۆنێتی کارەکەیان ئەوەیان فێردەکات.. هیچ شتێك لە ژیان هیچوپوچتر نییە.. مرۆ بژی یان بمرێت.. کارێکی ئەوتۆنییە خەمی لێبخورێت، بەو مانایەی ئەو کەسە مەحکومە بەمردن، بەتەنیا پێشکەوتن و دواخستنەکەی تەمەنی، فێڵ لە خەیاڵی کەسەکە دەکات.

جارێکییان خانمی مردوو بە موزەفەری وت:

ـــ بۆ ئێستا هەر هەموویان چاوی هەوەسم تێدەبڕن.. بۆ کە پیربووم قێزم لێدەکەنەوە؟ بۆ.. من، هەمان ئەو کەسە نیم؟!.

ئەو کابرا قۆماندارە.. پێدەچێت لە نێو ئارخەیانی و بە دەستخستنی ئەو هەموو دیل وکەنیزانە، فێری ئەو خووە نالەبارە

بووبێت، یان بابڵێین، بۆ خۆی سەروسەودایەکی سەیری لەگەڵ خوێندنەوەدا هەبووە و چەندین زمانی زانییوە.. کەسێك توانایەکی عەجیبی لە زانینی زمانەکاندا هەبووە، زمانەکانی ئیتاڵی و فەرەنسایی و گریکی و عیبری و ئینگلیزی بەڕەوانی زانییوە.

لە سەروەختی فەرمانڕەوایی (سوڵتان عەبدولمەجید) بۆ ماوەیەك لەلای (مستەفا ڕەشید پاشا) وەك تەرجومانێکی پلە(یەك) کاریکردووە, هەر لەلای ئەویش میملییە دێرینەکەی کە هۆگربوونە بەکتێب، زیاتر تەشەنە دەسەنێت, کە دەشێت ئەو ئاکارەشی، لەکتێبی(قوتابخانەی داوێنپیسی)ی(مارکیز دی ساد)ەوە سەرچاوەی گرتبێت، وەك خانمی مردوو دواتر بۆ موزەفەرخانی دەگێڕایەوە... تەنانەت بۆخۆی نەیدەزانی پیاوانی لەوجۆرە هەن. داوای لێکردبوو بە ڕوت وقووتی وەك سەگ هەڵنیشێت و لەبەردەمیدا بقروسکێنێت.. یان هەوڵیدا بوو، مۆمی تواوە برژێنێتە گەڵۆزەیەوە، جارێکیش وەك لە دوواوە چووبووە لای.. هەوڵیدابوو میزکردنەکەی بەڕووخساریدا بپرژێنێت.

دەشێت.. ئەوانەی بۆ ماوەیەکی درێژ تەمەنیان لەگەڵ یاسا سەربازییەکان بەسەر دەبەن و ئەرکیشیان بەجێهێنانی کار و فەرمان و یاسای سەربازییە، لە دەرەوەی ژیانی سەربازیشییان ڕەوتاریان هاوشێوەی ژیانی سەربازییەکەیە بێت و ئاکارییان هەمان خەسڵەتی فەرماندەبوونی ناو سەربازگەی بێت و تەواوی شتەکان وەك نەخشە و پلانێکی جەنگ تەماشا بکەن.

داواکارییەکانی ئەو شەوە، کاریگەری کەم نەبوو کە خانمی مردوو، هەتا تەمەنێکی درێژ لەبیری بچێتەوە. بەڵکە سالأنێك لەوە بەدوا، هەرجارە و بەشێك لەو ئەتوارەی قۆمەندانی بۆ موزەفەر باسدەکرد.

ئەمە بەرز ڕاگرتنی موزەفەر نییە، لەسالأنی دواتردا هەرگیز لە دوای هیچ گێڕانەوەیەکی خانمی مردوو، موزەفەرخان پرسیارێکی دروستنەکردووە کە خانمی مردوو درێژە بەگێڕانەوەکانی بدات.

خانمی مردووش ئەو چێشتەنگاوەشی لەبیرنەدەچوەوە کە موزەفەر بەشەرمەوە، کەلوپەلەکانی خستە زەمیلەکەیەوە و بە پێی هەنگاوەکانی خۆی، هەنگاوی دەنا.

ئەگەر لەیەکەم ساتەوەختەوە ئەو ڕوانینە ناشاز و ناجۆر و بەردەوامەی بە پێوانەی نیگاکردنی خانمی مردوو لە موزەفەریش ورد دەبوونەوە، دەبوو موزەفەر هەڵوێستەیەکی پێویستی بکردبا، یان لەئەزەلەوە بۆ ئەوە خوڵقا بوو، کەدەبێت گەلێك کار قبوڵ بکات، کە شایانی نەبوو؟.

ئەو ساتەی گەشتنە بەر کۆشکەکە، دروست.. یەکێك لە کۆشکەکانی گەڕەکی (بەیرەم پاشا) بوو.

خۆزیا، خانمی مردوو، چارشێوەکەی لانەدابا و موزەفەریش سوور نەبوایە لەوەی مەجیدییەکان بداتەوە بە خانمی مردوو. بێگومان یان ئەم چیرۆکە نەدەنووسرایەوە. یاخود ئاراستەی چیرۆکەکە بە ئاقارێکدا دەڕۆشت، وەك کۆیی چیرۆکی هەموو سەرهەڵگرتن و

ئـاوارەبوون و ڕاکردنێـك، کـە هەمیشـە کۆتاییـەکی تراژیـدی سەرئەنجامی چیرۆکەکان کلۆم دەدەن.
دەشـێت، ئـەو پێشـنیوەڕۆیە، زەللـە و لاوازی وتنـەوەی سوپاسگوزارییەکەی موزەفەر، لەئاستی خانمی مردوودا سەرەتای درێژبوونەوە و ناسینەکان بێت، ئەوا سەرنجدانی خانمی مردوو لە موزەفـەر، لـە نیگـای ژەمبووردەیـەك دەچـوو کـە بەتاسـەوە چـەند قوومـە ئاوێـك بخواتـەوە. یـان بـە پەسـنێکی دیکـە، ڕوانینەکـەی ڕوانینی کەسێك بوو بەدرێژای تەمەنی بەحەسرەتی بینینەوەی ئەو کەسە بێت کە لێیدابڕاوە.
ئەوە یەکەمین نیگابوو، خانمی مردوو لە پیاوێك بڕوانێت و خۆشی بووێت. وەك ئەوەی پەی بەوەبەرێت.. پیاوێکی شەرمن لە ژێر نیگا غەمناگەکانی، جوانترین عەشقی شاردبێتەوە.
موزەفەر بە منداڵێکی شەرمن دەچوو لە پڕ بکەوێتە بەر شالاوی کۆمـەڵێك منـداڵی چـەتوون وچـاوقایم. ئەگـەر ئـەو کاتـە بتـدیبا، واتزەند دەکرد دەگری. پیاوێك هەر سیمای نێرینەی هەڵنەگرتبوو، وەك ڕوانینەکانی خانمی مردوو بەیانی دەکرد، لە هیچ پیاوێکی دنیا نەدەچوو.
ئەگـەر خـانمی مـردوو ڕێکـەوتنێکی لەگـەڵکرد.. هـەر بـەدوو ڕۆژ جارێك لـەم وادەیـەدا، تـەواوی ئـەو شـتانەی بـۆ بێنێتـە ماڵـەوە کـە پێویستییەتی، ئەوا هەر ئەو ساتەوەختەش پارەی شتومەکەکانی دوو ڕۆژ لەوە بەدوای وەرگرت.

لەلایەکی دیکە، ئەگەر موزەفەرخان، سەر ڕاست نەبوایە و دروستر، لەو کاتەدا ئەو شمەکانەی نەبردبایەوە بۆ ماڵی خانمی مردوو، پێنەدەچوو، خانمی مردوو ئەوەندەیدی شەیدای بووایە و درێژەی ئەو پەیوەندییەش پاش ساڵانیکی درەنگ، دوو کوڕ، لە داوێنی چاوان هەڵهێنن.

وەنەبێت موزەفەرخانیش هێندە ئاساییانە لە خانمی مردووی ڕوانیبێت، یان ترس لەوەی کە هەموو ئاماژەکان دەیانووت.. ئەو خانمە یەکێکە لە خانمی کاربەدەستە گەورەکان، گەیشتنە بەر کۆشکەکە و هاتنە خوارەوەی بەپەلەی غوڵام و قەرەواش، دڵنیایی بە گومانەکەی بەخشی. ئەوە جگە لەوەی لەکاتی لێکردنەوەی چارشێوەکەی، حەقی بەهەموو ئەوانەدا کە بەناجۆرییەوە تەماشایان دەکرد.

خۆبەخۆ، کە دووەمجار چوەوە بەر ماڵەکەی خانمی مردوو نەیتوانی ئەو بەدەنە ماسییەی هیچ پەنجەیەك لە عۆیەی گرتنی نەدەهات، خەیاڵێکی درێژی سەرجێگەی بەرلەخەوتنی پێنەبەخشێت.. چەندێ بەنەرمی دەستی بەگەڵۆزەی دەهێنا، هێندەش نەشئەی بەوە دەهات خەیاڵەکانی درێژتربێت وەك لەوەی خێرا لەبەردەم خەیاڵە داڕێژراوەکانی ونببێت و بسڕێتەوە.. جارەهایجار وێنای پیاوێکی کەتە وناقوڵاو سمێڵ بابڕی بە شووەکەی دەبەخشی و بەپرتاو دەرگای لەسەر خۆی و خانمی مردوو دەکردەوە.. خانمی مردوو دەیقیژاند و تفی لەو پیاوە

سمێڵ بابڕە دەکرد, بەرلەوەی بکەونە بیرازکردنی، ڕستی خەیاڵەکانی دەپچڕاند و ئەمجارەیان خانمی مردوو خۆی دەکەوتە لێکردنەوەی پۆشاکەکانی بەری و... .

ئەو ڕۆژەی خانمی مردوو بە موزەفەری وت:

ــ هەندێك جلوبەرگ و دیاریم بۆداناویت، هیوام وایە کە بەدڵت بێت.

موزەفەرخان موتەحیرما، نەیتوانی سروشتییانە سوپاسگوزاری بێت، هیچی نەوت، هەرهیچ.

تەنها کاردانەوەیەك کەسەرسوڕمانی بەخشی و خانمی مردوو وەخت بوو، باوەشی پێدابکات و شێتانە لەئامێزی بگرێت، چەند دڵۆپە فرمێسکێکی گەش وئاشکرای ناو چاوەکانی بوو کە بەسەر ڕوومەتە پانەکانی موزەفەرخاندا ڕژانە خوارێ. ڕاستر لەعۆیەی شاردنەوەی نەهات.

بۆ دڵی پڕبوو؟!. شایانی وەرگرتنی گەدایی و سەدەقە نەبوو؟. یان پاش(٢)ساڵ غەریبی وئاوارەیی، کەس میهری بەرانبەر نەنواندووە، یاخود دوایین نیگای ماتی(سەعادەت)ی بەیاد کەوتەوە؟ کە جگە لەچەند جامولکە دۆ و چەند چڵە ڕیحانەیەك، شتێکیتری پێنەبەخشی؟.

سەروەختێك (سەعادەت) سەرلەبەری ئاراستەی ژیانی ئاوەژووکرد و نەهامەتییەکان لە چارەنووسیدا خۆیان نووسییەوە، بە

دۆزەخێکی سپارد کە بەتەنیا لە پەسنە خەیاڵوییەکانی (مەلامەحمودی حیکایەتخوان)بوونی هەبوو.

مەگەر سەعادەت دواین کیژی ئەم دونیایە بوو، کە بایەزیدی لە پێناودا بکوژێت؟. بایەزید چی ووت؟!. هێندەی هەموو شازادەکانی ئەم دنیایە ڕاستگۆ بوو! وەك هەموو شازادە و کاربەدەستێکی باڵای ئەم دونیایە، گەر بەڕاستیش نەیسەلمێنێت ئەوا وەك خەیاڵێکی ساکار دەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە داوابکات.. کیژێکی سادە وئاسایی، لەپێخەفیا ڕۆژبکاتەوە، هێندەی ئەوەی بایەزید بەلاقرتێوە پێیووت:

ـــ ئەم هەموو خۆ سەرگەردانکردن و بێدەنگبوونەت لە پێناوی سەعادەتدا؟! گاڵبدەم هەر باوکی بۆم بێنێت و لەبەرچاوی هەردووکتاندا.. ڕووتی بکەمەوە؟!.

ئالێرەدا گەر لایەنگری نەبێت لە بایەزید، کێ ناڵێت هەمان خەیاڵی ڕاگوزەری قۆیتاس شاش لەهەمبەر (شیلانێ)ی خوشکی، ئەوەی نەوتبێت؟.

وەك ئێمە لە ناخ و بیرکردنەوەی بایەزید بێئاگاین، لەسەرەتای چیرۆکەکەمانەوە ئاماژەمان بە تووڕەبوونی لەناکاوی موزەفەرخان نەکردووە!. ئەیچۆن بۆیکرا لەسەر دەربڕینی گوزارەیەکی گاڵتەجاری، کەسێك بکوژێت؟.

خانمی مردوو بێئاگا نەبوو لەو فرمێسکانەی لە فرمێسکی منداڵێکی شەرمن دەچوو. ئەوە یەکەمینجاری بوو خۆبەخۆ دەستی

پیاوێك بگرێت، ئەو دەستانەی بە دەستەكانی خۆی نەدەچوون و پڕبوون لە سۆز وخۆشەویستی، شەرم لە گۆیی خستبوو.
موزەفەر خان چوون منداڵە شەرمنەكە، لۆژ لۆژ كەوتە شوێنی.
خۆشاوێكی لە كاسەیەكی زەرددا خواردەوە، كە لەوەبەر نەیچێژتبوو.
ئەوەندە بەسە بڵێین.. ئێستا بوو، ڕووخسارە شەنگەكەی موزەفەر وەك ئەوەی هەیە بەدەركەوت.. وەكچۆن خانمی مردووش، یەكەمینجاریبوو بەخواستی خۆی لەگەڵ پیاوێكدا جووت ببێت، كەشەرم كەلەلای خستبوو.
وەك منداڵێك ڕووتی كردەوە.. وەك منداڵێك سەری گوشی بە سنگییەوە.. وەك منداڵێك كەوتە ماچكردنی ڕومەت و لێوەكانی.
ئەگەر فیزماڵك بدەین بەو ئەبڵەق بوون و حەپەسانەی كە ڕووی لە موزەفەرخان نابوو، ئەوا بە خەونێكی دەزانی. نەیدەتوانی لە گریمانەی خەونێك زیاتر تێپەڕێنێت.
پاشتر، كە خانمی مردوو سەری خستە سەرشانی موزەفەر و هێواش هێواش دانە دانەی پەنجەی دەستە ڕاستی موزەفەری ماچ دەكرد، سەیری پێهات، هەرگیز كەسێك دەستوپەنجەكانی ماچ نەكردبوو.. ئەو ماچانەی چەندێ نەرم بوون، هەستی دەكرد.. تەواوی بەدەنی خاو دەكاتەوە.. وەك هێزێكی نادیار دەمار دەماری لەشی بەئەسپای ڕابكێشێت و... . ئەو دەیویست بیر لەدوای دەست ماچكردنێك بكاتەوە، كە نەیكرد. تەنانەت پێینەووتن..

ڕووداوێکـی لـەو جـۆرەم بەسـەر هـاتووە. دایکـە هـەموو خـەم و دڵەڕاوکێکانت بەڕاست وەرگەڕان و... . تەنانەت وەك ئەوەی ئێوارە بگەڕێتەوە.. پێینەوتن: نانەکەتان بخۆن و چاوەڕێم نەبن. بە تـەنیا چووە گەنجینەکەی پشتەوە و ئەو شوێنەی باوکی لیرەکانی تیادا دەنا، بەبێژماردن.. چەندانی لێکردە گیرفانی مورادخانییەکەیەوە.

خـانمی مـردوو بـە ئاڵهـاوە لێیـدەڕوانی.. ڕاسـتر پێخۆشـبوو گوێبیستی ئـەو زمانـە تورکییـەی بێـت، کـە نـاوە نـاوە سـاتمەی دەکـرد. هیچـی لێنەپرسـی.. وەك بیـەوێت نەیسـڵمێنێتەوە.. وەك منـداڵێکی بەنازپـەروەردەکراو دەهاتـە پێشچـاوی.. کـە نـەرمترین تووڕەبوون بیگرییەنێت.

ئێمە، تائێستا نەمانوتووە بۆچی پێیان دەوت: خانمی مردوو.. کە لـە بنچینەدا نـاوی (لوتفیـە خـانم)ە. وەك تێبینییـەکیش بەنزیکـەی دەسـاڵێك لـە موزەفـەر خـانم گـەورەتر بـوو. موزەفـەر دوای یەکـەمین ئاوێزانبوونی پێیووت:

ــ بۆچی پێتدەڵێن خانمی مردوو؟.

ئەگـەر خـانمی مـردوو بزەیـەکی تـاڵیکرد، هێشـتا لـە وەڵامدانـەوەی بەدرەنگ نەکەوت:

ـــ ئەی.. مرد بووم و زیندووبوومەوە!.

خێراش وتی:

ـــ نازانم!.

بەرلەوەی موزەفەرخان هیچ بڵێت، خانمی مردوو لێیپرسییەوە:

ـــ بەڵام ناوێکی ناخۆش نییە؟!.

موزەفەرخان وتی:

ـــ بەڵام هیچ شتێکت بە مردوو ناچێت!.

خانمی مردوو وتی:

ـــ لە مردوو دەترسیت؟.

ـــ نا.

ـــ گومانم لێتنییە.. ئا.. بەڵام بۆ دەبێت بمرین؟!.

موزەفەر خان وەك هیچ وەڵامێکی تەسکینبەخشی شکنەدەبرد، لەدڵەوە دەیخواست لە بارەی مردن و کوژرانەوە، هیچ نەبیستێت و هیچیشی لێنەپرسن.

لێرەوە دەکرێت بڵێین.. موزەفەرخان وەك شەیدای خانمی مردوو بوو، دەیزانی تەواوی بیرکردنەوە و ترس و خۆشاردنەوەی ناوە ناوەشی پەیوەست بووە بەوەوە. ئەوەنییە هێدی هێدی ڕووخساری سەعادەت کاڵ دەبێتەوە و وەختە نەیناسێتەوە!. ڕاستر ئەوەندەی بیری لێدەکردەوە، هەمیشە نیگا کوژراوەکانی بەیازید جێگەی بە ڕووخساری لەق دەکرد و تەواوی ڕووخساری سەعادەت لەناو ڕووخساری ناڵەی بایەزید وندەبوو.

ئێستا، خەیاڵێکی سەیر ڕووی لێدەنا.. ئاخۆ دەیتوانی هەموو ئەوانە بکات کە شەوخەوی خانمی مردوو بۆ هەتا هەتایی بگۆڕێت و خۆی لەباتی هەموو پیاوەکان لەگەڵیا بنوێت؟!.

ئەوە نەبوو ئیدی وەك غولامێکی دڵسۆز لە پاینی ژێرخانەکەوە هۆبەیەکی فراوان وەربگرێت و بەحەسرەتەوە تەماشای چوونە دەرەوەی خانمی مردوو بکات و کە دەنگی ناڵی ئەسپ و خرچەی چەرخی پەیتوونەکان هات، لە گەڕانەوەی ئاگادار بێت. ئەگەر بمانەوێت وێنای ئەو سەروەختەی موزەفەر بکەین، دەتوانین بە پڵنگی سێرکەکانی بچوێنین، کە ڕەسەنایەتی و سروشتی خۆی لە یاد دەچێتەوە. یان بەو غولامە خەسێنراوانەی لەقەڵەم بدەین، کە مۆرکی بەمرۆڤبوونی لەبیردەچێتەوە. بۆ ڕاستبوونی ئاماژەکەشمان، جارەهایجار دووردەکەوتەوە. بە درۆیەکی کورتیش دەیتوانی درێژە بەگەڕانەوەی بداتەوە.

سەروەختێك (مستەفا ڕەشید پاشا) ئەو بڕیارەی دەرکرد، کە ئەوانەی بە بنەچە تورك نین و دەتوانن خاوەنداریێتی بکەن و شوێنی نیشتە جێبوون بکڕن، کەم و زۆرێك لە خەڵکانی جیاواز، بنەچەی خۆیان ئاشکرا کرد، بەتەنیٚ موزەفەرخان نەبێت. کە ئەمەش سرووتێکی تازەیی بە خانمی مردوو بەخشی، زۆر بەکورتی شەو باڵینی لەگەڵ ئەو ئەعیانانەدا چێدەکرد.

سنوو بەند لە هەمووشتێکدا هەیە. هەڵبژاردنی پیاوێك بۆ هەتاهەتایی، باوکی منداڵ و سێبەری پشوودان بێت، خەیاڵێکی لە ناکاوی لوتفیەخانم یان خانمی مردوو بوو. ئەمە پڕکردنەوەی سەبکی چیرۆکێك نییە کە کەسایەتییەکان لە ئاقارێکی دیاریکراودا نیشتەجێبکات، هێندەی ئەوەی کە کڕیارەکانی جەستەی خانمی

مردوو، دوباره بوونەوەی تێکەوت، خەمێکی قورس دایگرت. ئەوە ئەو بوو، وەکچۆن گوڵەکانیش دەزانن تا ئەبەد جوان نامێنن، هێندەی لە تینووبوون و کرم و هەڵوەرین ترسیان هەیە، ئەوەندەش بەخەمی فەرامۆشبوونەوەن. چ ئازارێك هێندەی فەرامۆشکردن و بە پەراوێز خستن سەختە؟.

ئەوە ئەو نەبوو ئیدی نێوانی بوك و زاواکان تێکبدات و پیاوە پیرەکان، سامانەکانییان بکەنە شاهیدی مەفتوونی وشەیدابوون. پیاوانی بالأدەست لێیبپارێنەوە و جەستەی ئەو لەجەستەی حەریمەکانییان بە پیرۆزتر وشیرنتر لەقەڵەم بدەن. ڕەنگ بوو ئیدی خۆشی ئەو حەوسەڵەیەی نەبایە، تەواوی جەستەی بەشیلەی هەنگوین بهەنوێ، تاجەستەی چرچی تێنەکەوێت و هەر لە چێشتەنگاوەوە هەتا دوای نیوەڕۆ، بە قاشی سێو خۆی داپۆشێت، تا نەرمی و سروشتی جەستەی نەشەمزێت.

١٠ساڵ ناسینی موزەفەر، ١٠ ساڵ لە دوورکەوتنەوەیەکی منداڵانە و هاتنەوەیەکی بێهۆی منداڵانە، هێشتا لە منداڵە شەرمنەکە لاینەدابوو.

ڕێدەکەوت، ٦ مانگ لەهەواڵی بێخەبەر دەبوو. سەراپای پایز و دواینی زستان، هەروەك گەرمایی هەتاو لە گەڵ خۆی بەرێت، بێپرس.. بێ ئیزن خواستن.. وەك باڵندەیەك خۆشی نەزانێت چ وەرزێك وەرزی کۆچکردنییەتی، سەریهەڵدەگرت و دەڕۆشت.. کە دەهاتەوە چەند تاڵێکی سپی دەکەوتە ڕیشییەوە.

خانمی مردوو لێینەدەپرسی: بۆ؟.

وەڵامی پرسی (بۆ)کان لەخەوتنێکی پڕ حەژمەت وندەبوون، نە ئەم دەریدەبڕی و نەئەویش خەمی بەوەڵامدانەوە هەبوو.

ئەوە یەکەمینجار بوو.. خانمی مردوو ئەو داواکارییە لە پیاوێك بکات. دەیانجار و دەیانجار ئەو ڕاسپاردەیەیان لێداواکردبوو، ئەمما هەرگیز بەبیریدا نەدەهات، ڕاستەوخۆ، خۆی ئەو داوایە بکات.

ئەوەی ئاگاداری چیرۆکەکەمان بێت، دەزانێت موزەفەریش نەیتوانی یەکسەر وەڵامی بداتەوە.. هەر بەتەواوی منداڵێکی شەرمن نەبوو، هێندەی ئەوەی حەپەسانیش دەمی لە گۆخست.

بەر لەوەی موزەفەرخان هەنگاوی غەریبەی بنێتە ناو ئەستەنبوڵ، کەم شەوی هەبوو، بایەزید سەردانی نەکات و ژوورەکەی پڕ نەکات لە گلەیی و لە گازندە و لەسەرکۆنە و لەلاواندنەوە و لەڕێنومایی و لە لێبووردن.

ئەگەر بایەزید لەسەرەتاوە موزەفەری ترساند و تەواوی بەدەنی دەخستە لەرزین، یان شوێن دەمی خەنجەرەکانی پیشانی موزەفەر دەدا، یاخود بە کفنەکەیەوە بەرامبەری دادەنیشت و یەکبین تفی لێدەکرد، ئیدی لە گەڵ دۆزینەوەی ژووری خانێکی (ئەمین بەی) موزەفەر کاتی هاتنی بایەزیدی دەزانی و بەگەیشتنیشی تەواوی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی بۆ دەگێڕایەوە. تەنانەت سەروەختێك لە

ژێرخانەکەی خانمی مردوو ستارەی گرت، چ کاتێك بیخواستبا بایەزید دەهاتە کنی.
شەوێکییان گەر ڕوناکی فتیلەکەی دەستی خانمی مردوو نەبووایە، ڕەنگبوو بیبینیایە، کە بەیانییەکەشی لێیپرسییەوە:
ـ ئەمشەو لەگەڵ کێدا قسەت دەکرد؟.
موزەفەر هێندەی وت: هیچ کەسێك.
خانمی مردووش لەسەری نەڕۆی.
بەرلەوەی دوەمین منداڵی ببێت، لوتفییەی هاوسەری تەگبیری گەڕانەوەی بۆکرد. بەر لەوەی بگاتە ژێر تابووتەکەی کەیخوسرەو، خانمی مردوو لەسەر داوای موزەفەرخان، خانووەکەی(بەیرەم پاشا) یان فرۆشت و لە(قاسم پاشا)، خانوویەکی دیکەیان کڕی و تەواوی قەرەواش و ئاشپەز و نۆکەرەکانیشی گۆڕی، ڕاستر بە تەنیا ئاشپەزچییەك ولالەیەك و کارەکەرێك و باغەوانێکی تازەیان دامەزراند.
گەڕانەوەی ناکاوی موزەفەر.. هێندەی تەمای لێخۆشبوونی هەڵگرتبوو، ئەوەندەش بەعەزرەتی هێنانی باوك ودایکی بوو، بۆ ئەستەنبوڵ.
ئەگەر یەکێك لە پیاوەکانی قۆیتاس شا، بیناسیبایەوە، ئەو چەند ساتەوەختە کورتەش لەوێدا نەدەمایەوە، لەمێژ بوو دواین نوقتەی چیرۆکەکەمان دانرابوو، بەڵکو، پێویستی بەنووسینەوە نەدەکرد. کەسێك نەیناسییەوە. بە چەرچییەك دەچوو، شمەکەکانی

فرۆشـرابێت و لـه پێنـاوی ڕەزامەنـدی خوداوەنـد، ئامـادەبوونی هەبێت. نەخوازەلا، پاشتر ببێتە دەیان موزەفەر و هیچییان، وێنای موزەفەرە ڕاستەقینەکە نەکەن.

وردتـر.. ئیـدی، موزەفـەر تـەنیا موزەفـەرێك نـەبوو یادەوەرییـەکانی فرێبـدا و بخوازێـت، ئـەو شـەوە بماباياتـەوە، ڕەنگبـوو سـەرلەبەری نهێنی گەڕانەوەی خۆی بۆ قۆیتاس شا، باسبکردبا، بێهیچ گرێیـەك لێیخۆشـــبایەو چـــوون موزەفەرەکـــەی جـــاران، وەك بایەزیـــد، لێیبڕوانێت و... .

موزەفـەر.. ئەگـەر بەجەسـتە دەیتـوانی لـەنێو باخەکـەدا، قلیـان بکێشێت، هێشتا دەیزانی موزەفـەرێك ئـەوەتا کوڵکێشـە و بەخـەمی ئـەو خانمـەوە نییـە تـەواوی پیـاوە شـەهوانییەکان، بـە عەزرەتـەوە لێیبڕوانن و.. . موزەفەرێك، ئاوڕ بۆ کەسێك دەداتـەوە، بەزمانێکی سـەیری کوردانـە قسـەدەکاو ڕێنـوێنی دەکـات، چیبکات و لەچـی خۆی بپارێزێت و.. . موزەفەرێك بە بژارکردنی باخەکەوە سەرقاڵە و موزەفـەرێکیش بـە دووی ئـەو پیاوانـەدا عەوداڵـە کـە هێشـتا دەستبەرداری نوستنیان لە گەڵ لوتفیـەدا نـەماوە و... موزەفـەرێك پرسـیاری موزەفـەری لێدەکـەن و پێیـان دەڵێـت: خـۆمم!. بـڕوای پێناهێنن، وازەند دەکەن، گوێگرێکی وریای حیکایەتەکەی بایەزید و موزەفەرە و... .

موزەفـەر، کـە لەسـەروەختی ناسـینی خـانمی مـردووەوە، نـاوی (بەیـداڵ)بوو، چـیدی لـە ڕۆشـتن وخۆونکردنـە منداڵانەییەکـەی

بەتاقـەت نـەما، بـەڵكو، لـەم یەكدووسـاڵەی دوایـنـدا، دەیتـوانی جارجارەش بەگژ لوتفیـەخانمی هاوسـەریدا بچێتەوە و گاڵتـە بـەو نوێژانەی بكات، كە لەوادەی خۆیدا دەیكردن. تەنانەت كەیفی بەوە دەهات، بیبوغزێنیٚ و وردەكاری نهێنییـەكانی ئـەو پیاوانە بداتـەوە بە ڕوویدا، كە خۆی ڕقی لێیبوون.

بـەكورتی.. موزەفـەرخان پـاش گەڕانـەوەی لـە تـەدارەكی ناشـتنی كەیخوسـرەو و ژنـەڤتنی كێومـاڵی خانەوادەكـەیی، زیـاتر لـە خواردنەوەی مەیدا ڕۆچوو، كە گەلێكجار.. لەچێشتەنگاوەوە هـەتا درەنگـانێكی شـەو، دەسـتبەردار نـەدەبوو. وەك لوتفییـەخانم پێیدەوت:

ــ بۆنی سركەی ترشاوت گرتووە.

ئێستا، قنچكی سمێڵـەكانی وەك تـوركێكی ڕەسـەن بـەرەو پـایینی لـووتی هەڵگـەڕاوە، تـەنها جیاوازییـەك.. سـپی سـپی. لەوەتـەی خانمی مردووش چاوەڕێی مردن بوو، خەنەی تێنەدەگرت..

ئەوەتا.. بەغەمگینییەوە، دەڕوانێتە یەكەبەیەكەی ئەوانـەی هـاتوون سەرەخۆشی لێبكەن، كەچی بەكەسیان ناڵێت:

ــ خودا جەزات بداتەوە.

# کەسێك ئیتر هیچ ناڵێت*

لە (ئەدەب وهونەری) ژمارە (٤٨٠)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ (٣٩٣٧)بڵاوکراوەتەوە.

(١)

منداڵێك ــ ئێستا هەرناوێكی هەبێت گرنگ نییە ــ یاری بە عارەبانەیەك دەكات، عارەبانەكە لەچەند شیشێكی باریك پێكهاتووە و جومگەكانی بەتەل شەتەك دراون.
پێچكەكانی لەو سەرەسۆدانە سازكراون، كە خۆی ڕۆژانە كۆی دەكردنەوە.
منداڵەكە لەگەڵ خولدانی پێچكەكانی، دەیەوێت ئەو دەنگەی لە نێوان لێوەكانییەوە دەردەچێت، بەتەواوی ئاوێزانی ڕێكردنەكەی ببێت ــ دەخوازێت چوون دەنگی ئەو لۆرییە بارهەڵگرانەبن، كە بە هەورازێكی سەختدا ڕێدەكەن ــ . منداڵەكە بە تەنیا دەیڕوانییە ئەو شوێنەی، پێچكەی عارەبانەكەی پیاتێپەڕدەبێت. دەنگی دەستڕێژێكی نزیك، دەنگەكەی خۆی پێقووت دەدات.
منداڵەكە بەتەواوی لەدەرگای خانووەكەیان دوور كەوتبۆوە، ئاوڕێكی دایەوە، دەرگاكە دیارنەبوو.. خانووەكەشیان دیارنەبوو. هەستی بەوەكرد، هەنگاونانی ڕێبوارەكانی كۆڵانەكە بەپەلەتر

دەبن. دەرگای خانووەکان ــ بەدرێژای ڕۆژ کراوەبوون ــ بە لەز کلۆمدران.

سووڕێکی خێرای بەعارەبانەکە دایەوە، دروست.. بەو ڕێگایەی پێیدا هاتبوو، دێورێکیتری کردەوە. ئا لێرەوە دەرگای خانووەکەیان دیار بوو، دەتووت ئارامترە لەوساتەوەختەی بە لالأنەوەیەکی زۆر، دایکی ئیزنیدا عارەبانەکە بەرێتە دەرەوە.

دەیڕوانییەوە ئەو ڕێگەیەی پێچکەکانی تیاخوولدەخۆن، هێشتا ئەو دەنگەی بۆ نەدۆزرایەوە، کە پێشتر لەگەڵ خوولدانی پێچکەکانی، بەلێوی دەیکردن.

ریزێك سەرباز، بە پێلآوە قورسەکانییانەوە دەرکەوتن، کۆمەڵێك سەرباز ــ زۆر زۆربوون ــ دواتر ئەمەی بە باوکی وت.

تەپەتەپی هەنگاوەکان، قورستر دەنگی دەدایەوە.. زۆرتر..قورستر، وەك ئاوەڵە چەتوونەکانی پێکڕا بەبەردەوە بچنە ویزەی تەنەکەیەك.

یەکێك لە خاوەن هەنگاوەکان، سێرەی پێلآوەکەی گرتە عارەبانەکە.

هێشتا، مندالەکە ئەوەندەی پێکرا بەگریانەوە خۆی بگەیەنێتە لای ئەو دەرگایەی کە دایکی لەبەردەمیدا، بەچاوی پڕ بەفرمێسکەوە، لێیدەڕوانی.

(٢)

منداڵێك ــ ئەگەر هەر ناوێكی هەبێت، گرنگ نییە ــ هێواش هێواش دەڕوات، ڕۆشتنەكەی لە پیاوێكی پیر دەچێت.. پیاوێك ماتی ڕووخساری و جوڵاندنی پەنجەكانی، چیرۆكی كارەساتێك دەگێڕێتەوە. منداڵەكە بڕیار دەدات، كە شەوداهات بەدایكی بڵێت:

ــ دایكە.. ئەمشەو لەپەنای تۆدا دەخەوم.

سێ شەوی ڕەبەقە، پیاوێك بەرلەخەوتن ـ ئەو كاتەی ژوورەكە پڕ دەبێت لە تاریكی ــ خۆی بە دیواری ژوورەكەیانەوە مەڵاسدەدات. پیاوەكە هیچ ناڵێت. بەرە بەرە.. ڕووەو پشت بە دیوارەكەدا سەردەكەوێت.

كە دەگاتە ئاستی دیمەنی ناوچوارچێوەكە، لەسەرلا دەڕوات.

ڕاستر سەما دەكات، ئەو پیاوە قاچەكانی دیار نیین.

دەستەكانیشی ون، وەك ئەوەی ماسییەك لە ئاسماندا سەما بكات.

سێ شەوی تەواوە، ڕاستر ئەوكاتەش ناسی، كە لەژووری مردووخانەی مزگەوتەكەدا بینی، دەیانشۆرد.

یەكێك لە ئاوەڵە چەتوونەكانی پێیووت:

مەترسە.. تەماشای بكە. ئەها ناتوانێتـــ... ئیتر هیچ ناڵێت.

پیاوە ماسییەكە، برینێكی گەورە بە لاكەلەكەیەوە بوو، لە گوڵێكی ڕەش دەچوو.

تەواوی ئاوەڵەكانی بە پاڵەوانێكی ئازای ناو حیكاتەكانییان چواند.
دەبوو تەماشای بكات. پاڵەوانێك نەیتوانیووە.. وەك باوەی لەبەردەم زللە و مستەكوڵەكاندا خۆی ڕابگرێت. دەشێت نەیهێشتبێت، قژی ژنەكەی ڕابكێشرێت. لەوانەیە وەك ماڵی (عەریف ڕەزا).. كچەكانی نابات بۆ ئەو سەگبابانەی... .
باوكی لەبەردەم ژووری مردووشۆری مزگەوتەكە، زللەیەكی لێدا.
پیاوێك حیكایەتێكی سەیری هەبوو ـــ هەر بەو چێشتەنگاوە ، بە شپرزەییەوە ئەوەی بۆ دایكی گێڕایەوە ـ منداڵەكە لۆژ لۆژ دەڕوات، بیر لەو ماسییە دەكاتەوە، كە بەڕۆژ نایەتەوە ناو سێرەی ڕوانینەكانی.
ـ ماسییەك.. لە ناو كۆمەڵێك ماسی هاوچەشنیدا، دەناسرێتەوە؟.
دەیان ساڵ پاش ئەو سێ شەوە، لە گفتوگۆیەكدا ئەوپرسیارەی لەهاوڕێكەی خۆی كرد.

(٣)

منداڵێك ـ ئەوان پێیدەڵێن ماسییە بچكۆلەكە ـ دەڕوانێتە ڕووخساری ئەو پیاوەی بزەیەكی ئازاراوی هەیە. پیاوەكە دەیەوێت تەواوی ئازارەكەی، لە خنانەوەی منداڵەكەدا خەفە بكات.

ماسییە بچکۆڵەکە پەرۆشی ئەوەی هەیە تەواوی ئەو برینە ببینێت، کە پیاوەکەیتر هاتە لای، بە نەرمییەوە پەڕۆ سپییەکانی چواردەوری بۆ لێدەکاتەوە.

پیاوەکە، لەو پیاوە بریندارە دەپرسێت: ئێستا چۆنیت؟.

پیاوەکە وەڵامی ناداتەوە.

بەڵام بۆچی دەنرکێنێت؟. ئەو پیاوەی وەختە بگری. پیاوەکە دەزانێت، ماسییە بچکۆڵەکە تەماشای دەکات. ماتدەبێت. ڕەنگە بیەوێ بزانێت گریانی پیاوە گەورەکان چۆنن!. پرسیارێکە هێشتا نەیکردووە، ڕاستر نازانێت بیخاتە ڕوو.

منداڵەکە، گوێی لەباوکییەتی:

ــ پیاوێکی قارەمانە.. سەیرە هیچی پێناوترێت.

منداڵەکە ڕەنگە بیەوێت، پەی بەوە بەرێت، ئەو پیاوە بریندارە دەتوانێت چی بڵێت؟. لەوانەبوو، ئەو ڕاوانەی باسبکردایە، کە دەتوانێت بێهیچ ئاستەنگێك ماسییە گەورەکانیش بخوات. ڕەنگە قسەی بکردبایە و تەواوی لوورەی ئەو چەقەڵە نەگریسانەشی دەمکووت بکردبانایە، کە شەوانێکی درەنگ لە پایینی چەمەکەوە، بەرز دەبنەوە.

لەوەتەی ئەو پیاوە هاتۆتەماڵییان، منداڵەکە کەمتر دەچێتە دەرێ. کەمتر لە بانیژەکەوە دەڕوانێتە ئەو کۆترانەی لە ئاسمانی گوندەکەیاندا، خول دەخۆن و جارجارەش تەقلەیەك لێدەدەن.

منداڵەکە، نە هەڵوەدایە قارچکەکان بدۆزێتەوە، نەکەیفی بەوەش دێت لەگەڵ نۆرە گایەلێکدا بکەوێتە ڕێ.
ئێستاش پیاوەکە تەماشای دەکات. شتێکدەڵێت.. وەك بیەوێت بانگی ماسییە بچکۆلەکە بکات، منداڵەکە پەنجەکانی هەردوو دەستی دەکات بەناو یەکدا و ڕووە و پشت دەیخاتە سەرچاوی، بەپەلەش جێیدەهێڵێت.
باوکی منداڵەکە دێتە ژووریٚ. لەسەر چۆك لەلای پیاوەکە دادەنیشێت، بە گوشادییەوە لە ڕووخساری پیاوەکە ورد دەبێتەوە. پیاوە برینداره‌کە بزەیەکی ڕوون دەکەوێتە سەر لێوی، دەیەوێت بە باوکی ماسییە بچکۆلەکە بڵێت:
ــ هیچ ناڵێت.

(٤)

منداڵێك ـ کەس مەبەستی نەبوو، ناوی بزانێت ــ دەیڕوانییە فرمێسکەکانی دایکی. دایکی بە ئاشکرا دەگریا.
منداڵەکە نەدەگریا، بەتەنێ ڕووخساری مۆن مۆن بوو بوو.
دەیڕوانییە چاوی هەموو ئەوانەی کە لە دایکییان دەڕوانی.
ئێستا، منداڵەکە تەواوی ڕوانینەکانی لە چاوی ئەو پیاوەدا کۆدەکاتەوە، کە دایکی ڕووەو ئەو دەگری و بەهەنسکەوە، پێیدەڵێت:

ـ با پاكی ئەم منداڵەم، گوناهەكانی باوكی بشۆردایەتەوە؟.
پیاوەكە، لە ڕووخساریا بێباكی و لە دڵیا بێدەربەستی، خۆی نەخشاندووە. تەنانەت نایەوێت تەماشای ئەو منداڵە بكات، ئێستا، بە ئاشكرا دەگری.
منداڵەكە، وەك ئەوەی هەست بە بیستنی هەواڵی كوشتنی باوكی بكات، گریانەكانی بەرزتر دەبیسترێت، بە ماتییەوە ئاوڕی بۆ دەداتەوە و لەگەڵ دایكییدا، لەبەر چاوی ون دەبن.
پیاوەكە، پاشتر بە هاوڕێكانی دەڵێت:
ـ قسەكانی، لە حیواری شانۆگەری دەچوو!.

(٥)

منداڵێك ـ ئێستا هەر ناوێكی هەبێت گرنگ نییە ـ بۆنێكی ناخۆشی لێدێت. بۆنێكی جاڕسكەر.. شێڵاوگە ئاسا ژوورەكەی تەنیووە.
دەڕوانێتەوە ئەو شتانەی بە دیواری ژوورەكەیدا هەڵواسراون.
دەیەوێت بیر بكاتەوە.. كێ هەڵیواسیوون؟ دەیەوێت بزانێت ئەو شتانە بۆ هەڵواسراون؟. ئا.. خۆیەتی. خۆی دەبینێت. هەر كە چاویشیكردەوە بە تەنێ ئەو وێنەیەی بینی.

کوا هەرگیز وێنەیەکی نەبووە لە گەڵ عارەبانەکەیدا؟ سەروەختی بریندار بوونەکەشی وێنەیەکی نەگرت. هیچییان خۆی نییە!. بۆ بانگییان بکات؟ کەسێك دیار نییە؟!.
دەبوو لە مێژبوو.. پێیان بووتبایە. لەمێژە دەپرسێت و پێیناڵێن.
نە یەکەم کەسە بمرێت و نە دوایین کەس.
دەبوو زووتر بمردبایە. پرسیارێکە و جاربەجار دەستداتە بینی. وەلأمەکان تەنگەتاوی دەکەن و وەختە بیانەوێت کەفتەکاربوونی سەر قەرەویلکەشی پێڕەوا نەبینن.
هەست بەبۆنێکی ناخۆش دەکات، وەختە بیەوێت لەسەر قەرەوێڵەکە دابەزێت.. ئەوەتا ژوورەکە پڕ بووە لە بۆنی ماسی بۆگەن.
نا.. نابێت بیر لەوشتە پڕوپوچانە بکاتەوە. کاتییەتی بەدەستی خۆی ڕیشەکەی بتاشێت، دەست دەهێنێت بە چەناگەیدا.. وەك ئێستا ڕیشی تاشرابێت، بیردەکاتەوە. کەی ڕیشی تاشی؟. دەست دەبات بۆ لای ڕومەتی و.. بۆنێکی سەرپەنجەکانی دەکات.
وەك ڕومەتی بە پیسایی هەنوودرابێت. وەختە بڕشێتەوە. دەبێت بانگییان بکات. پرسیارێکی بۆگەنتر! بۆ بانگییان نەکات؟!. جا بۆ بانگییان بکات؟!.
سەرنجی دیوارەکە دەداتەوە. ژوورێك بە بێپەنجەرە. بەر لەخەوتنیش نیگای لەسەر وێنەی ئەو منداڵە سڕ ببوو. بەڕاست خەوتبووم؟.

پرسیارێکی بێسەرەوبەرە و بۆگەن. کێ ئەو وێنەیەی کڕیووە؟.دەشێت بە دیاری هێنابێتییان. بۆ هەڵواسراوە؟!.

دەیەوێت تەواوی ڕوانینەکانی چڕتر بکاتەوە و... ئەوەتا منداڵێکی چەلەنگی قژ زەردە و ڕوومەتی ناوە بەو حەوزە کەمووڵەییەی تاکە ماسییەکی بچکۆلانەی سووری تێدایە.

بەڵام، پێشتر ئەم وێنەیەی لێهەڵنەواسرابوو؟!. دەبێت پرسیاربکات.. بە چ فزووڵییەتێکەوە ئەم وێنەیان هەڵواسیووە؟. دەی.. بەر لەوەی خەوە نەعلەتییەکە بێئاگای بکات، هەر لەوێدابوو؟!.

((چیدەکەیت؟ دەتەوێت داببەزیت؟ بۆنناکەیت؟؟. ئا.. لە منداڵێك دەچیت.. ساڵەهابێت پاکنەکرابێتەوە!. جا چییە؟ چش.. ئەوپەڕی بەدەنم یەکالاْدەبێتەوە و هەر ئێستا دوایین هەناسەمـــ... .

نا.. بۆ؟.

نا.. نا.. نابێت چیتر لە قولاپی بیرکردنەوەت بتارێن. دەبێت ڕونتر بیربکاتەوە. زۆرتر.. زۆرتر.. ڕاوبکات. ئا.. جارانئاسا، وەك نەهەنگێك، هەموو شتەکان لێت بترسن. ئا.. شەپۆلەکان.. گێژاوەکانیش.. ئەو قەوزانەی ساڵەهایە، قوومی ترس.. متی کردوون. کەنارەکانیش.. بەتەنێ.. نەهەنگ نیت.. گەورەتر.. بۆ کەم کڕنۆشییان بۆ بردیت؟!. ژیان و مردنی دەیان کەس، بە ئاماژەیەکت چێنەدەکرا؟! ئا.. هەورەکانیش.. هەموو شتێك.. نەخۆشییەکی هیچوپوچە و هاکا لە یَخەت بووەوە.. مەرج نییە

هەموو نەخۆشییەك كەسەكە بمرێنێت.. ئا.. دەبێت كارە ڕاسپێردراوەكانت بە ئەنجام بگەیەنرێت. چییە؟ ماتییت؟)). چوون ئەو منداڵە ــ منداڵێكە ــ كەس بە دەنگییەوە نایەت!. منداڵێكە كەس ئامادە نییە گوێ لە لاڵینەوە و كڕووزانەوەكانی بگرێت. منداڵێكە، ناتوانێت چیتر.. ماسییە بەستەزمانەكانیش ڕاو بكات. ئا.. ئەو منداڵە خۆیەتی. تەنانەت لە ژوورێكدا دایاننەناوە، پەنجەرەیەكی هەبێت. منداڵەكە. پرسیار و وەڵامەكانی.. چوون بیرەوەرییەكانی لەپڕ دائەكەن و زۆر بەپەلەش وندەبن.دەزانێت.. ناكاوانە گەردەلوول ئاسا، لەپڕ هەموو شتەكانی لە تەپوتۆزێكی بێئاماندا دەپێچرێتەوە.

چاوەكانی داداتەوە.. هیچ شتێك نابینێتەوە.. هیچ شتێك ناناسێتەوە.

ــ هیچ ناناسێتەوە!.

ژنەكەی، لە پەنایەوە ڕاوەستاوە و ئەوە بەو میوانە دەڵێت، كە هاتۆتە سەردانی.

دەڵێیت ساڵەهایە نووستووە.. كەمێك سەری لەسەر سەرینەكە خزیووە و تەواوی ڕووخسار و كەمەكێ لەسەر سنگی بەدەركەوتووە ، تاڵە موویەكی پێوە نەماوە .

بە ئاستەمێك سەری بەرز دەكەنەوە. چاوەكانی بە ئەسپایی هەڵدەبڕێت، خێراتریش ئاوێزانیان دەكات.

ــ نەخێر.. هیچ ناڵێت!.

ئێستا کوڕەگەورەی ئەو پیاوە نەخۆشە، ئەوەی بە میوانەکە وت.
میوانەکەش دەزانێت، چەند ڕۆژێك لەوەبەر ئەو بۆنە ناخۆشەی لێنەدەهات. تەنانەت بە بۆنی مردووان ناچێت. ئەوان بۆنساردێکییان هەیە و بەس.. .
میوانەکە ، مێژوویەك بەر لەنەخۆشکەوتنی ئەو پیاوە، بەهەمیشەیی بەچەند هەنگاوێك کەمتر، لە دوایەوە دەڕۆشت.
میوانەکە، سێجار بانگی پیاوە نەخۆشەکە دەکات، وەڵامی ناداتەوە.
میوانەکە ــ زۆر لە خۆی دەکات ــ ڕوومەتی پیاوە نەخۆشەکە دووجار ماچدەکات. بە ئاستەمێك دەستی دەگووشێت، دەستی سارد.. چوون منداڵێك لەشەڕە تۆپەڵ گەڕابێتەوە. پیاوە نەخۆشەکە، چاوەکانی دەکاتەوە، دەڕوانێتە ئەو کەسەی کە پێدەچێت دەستی گووشیبێت. دوو دڵۆپ فرمێسك لە گۆشەی چاوییەوە دەڕژێتە سەرلاملی.
ــ لە قوماتکراوێك دەچێت، بە گریان شتەکانی بڵێت.
میوانەکە پاشتر ئەمەی بە هاوڕێکانی وت.
ئێستا.. میوانەکە لە ناو ئۆتۆمبیلەکەیدا، لەپی دەستی بۆن دەکات، بە شۆفێرەکە دەڵێت:
ــ بەپەلە بمگەیەنەرە ماڵەوە!.
ــ گەورەم ئەینەتووت: دەچین بـــــــ ... .

ـ گەوجە، با ئاوێك بكەم بە خۆمدا. میوانەكە، دەچێتە ژوورەوە.. وەختە منداڵەكەی داوێنی پاڵتۆكەی بگرێت، بانگییان دەكات:

ـ وەرن.. لایبەرن.. تا ئەم بۆ گەنەمی نەگرتووە!.

# نیگا پایزانێکی پیر بوو*

* له کۆچیرۆکی (چیرۆکه‌کانی یانزه‌هه‌مین فێستیڤاڵی گه‌لاوێژ ٢٠٠٧) بڵاوکراوه‌ته‌وه.

## بەرایی

دواجار گەڕامەوە سەر ئەودەستنووسانەی ماوەیەکی زۆربوو فەرامۆشم کردبوون، وەختایەك ئەودەستنووسەم بردە لای چیرۆکنووسەکە، خوازیاربووم .. چی زووتر نییە، لە چۆنێتی و ئاستی چیرۆکەکە دڵنیام بکات. نازانم ، بۆچی کەوتبوومە ئەو حاڵەتە ناجۆرەوە. پاشتر.. چەندینجار ئەو تێبینی و سەرنجانەم دەخوێندەوە کە لەدامێنی لاپەڕەکانەوە بۆینووسیبوومەوە. تاکە شتێك غەمگینی کردبووم.. ئەو بەهەر مەبەستێك بووبێت، ناوی خۆیی لەپاڵ سەرنجەکانی نەنووسیبۆوە. ئا.. لەیادمە.. سەرزارەکییانەش تێبینییەکی بەیانکرد: چیرۆکیش بەوسادەییە نییە، کەخەڵکی لێیتێگەیشتوون.

بەلاّم هێشتا کەموزۆرێ دڵنەوایی کردم ــ دەتوانم بڵێم چۆنێتی ناسین ونووسینەوەی سەرنجەکانیشی، بەشێکبن لەخوڵقاندنی ئەم چیرۆکە ــ دەسنووسەکەم هێشتا شوێنەواری چەندین کوژانەوە وهێڵ و حاشیەی پێوە دیاربوو.

سەرلەنویٚ کەوتمەوە خوێندنەوەی، دروست.. وەك گەڕانەوەیەکی بەپەلەی نێو تەمەنێکی بەسەرچوو، هێواش هێواش ڕستیٚ بیرەوەری مردوو ئەوەتا خۆڵی فەرامۆشبوون لە ڕووخساریان دەسڕنەوەو... ئا.. چەندیٚ سۆز وبەزەییم پێدەبەخشین، هێندەش ترسێکی ناجۆر سەراسیمەی کردم. مەگەر بەهای مرۆڤەکان بەکۆمەڵێك بیرەوەری پارسەنگ ناکرێن؟. ئیدی وەختە بڵێم چیرۆکەکەم شەقڵێکی نوێتری وەرگرت، کەچیتر لە چیرۆکی دەستنووسەکەم نەچێت. بۆ نەء ؟ دواتر، یەکێك لەوانەی دەیویست ڕۆڵی پاڵەوانەکە یاری بکات، بزەیەکی هاتیٚ (دەشێت جومگەی سەرەکی ئەم چیرۆکە بەتەنیا هێندە بێت) ئێستائاسا بەهەمان بزەوە تەماشایدەکردم.

پاڵەوانێکە.. جیاواز لەتەواوی ئەو پاڵەوانانەی هیچیان بۆ وتن پێنییە و گەورەترین قورسایی سەنگی بیرکردنەوەی لەقەبەڵ دەخرێت. دەشێت ئەم پەسنە ڕوانینێکی هەرزە گۆییانە بێت، یان وەك چیرۆکنووسەکە بۆینووسیبووم: لەئێرەییەوە سەرچاوەی گرتبێت، هەرکامیان بێت، بۆ ئەو کەسەیی ئەم ڕوانینانەی خوڵقاندووە گرفتێك نییە. دەتوانم بەزمانێکیتر وێنایی بکەم، کتومت وەك ئەوەی ڕووخساری لەجیوە خوڵقابێت، بەئاسانی شێوەی ئەوجێگەیەی دەگرت کەلێوەی دەڕوانیم. جەستەشی لاستیك ئاسا دەبزوا، ئەوەش سۆنگەیەکی بەجێبوو ئەگەر دەستبەرداری نووسینەوەی ببوومایە، بەڵام بۆ بەردەوام بووم؟.

ئـەوە یەکێکـە لـەو پرسـیارانەی کـە ئـەو کردوونـی و وەڵامێکـی دروستم بۆ ساز نەکردووە. هێندەی دی سەراسیما بووم، بەڵکە زارەتـرەك ئاسـا لێمـدەڕوانی، عەجـەبا... شـتی واش ڕوودەدا؟. پرسـیارێك بوو هێشتا لـەخۆمم نەپرسیبوو. ئـەو هـیچ گومـانێکی لەلانەهێشتم. لەگەڵمادەدوا.. چوون ئاخافتنی کەسێك ساڵەهابێت ئـاوەڵ بـن. بەحەپەسـانەوە تەماشـام دەکـرد. بەڕاسـت هەرئـەو کەسەیە؟! چوون شانۆکارێکی بەئەزموون بەبێ ترس ودڵەڕاوکێ ڕۆڵەکانی یاری بکات، هەژدەرهـەژدەر دەدوا. دروست، ئاوێنەئاسا لێیدەڕوانیمەوە. چیمدەکرد.. ئەوەی دەکردەوە، تەنانەت هەڵمژینی هەناسە قوڵەکانیشمی وەك خۆیی وێنادەکردەوە.

دەمویسـت چـی زووتـرە دەسـتبەرداریبم. دەبـوو لەکۆتاییـەکی چاوەڕواننەکراودا ڕوحی بکێشم وکۆتـایی بەناسیینەوەی بهێنم. دەتووت هەربەڕاستی تیژی پێمدێت.. وەك بێپـەردە پێمبڵێت: تۆ هەرگیز ناتوانیت ڕوحم بکێشیت!.

ئەو دواتر پێیوتم:

ئەگەر ئێستاش بمرم.. سبەی زیندوو دەبمـەوە.. ژیـان ومردنمان پێکەوە گرێدراوە، نا.. نا.. لەوانەیە تۆش بمریت، من هێشتا بژیم! ئـا.. ئـا.. دەژیـم، مـردن بەوسـانایيە نییـە کـەتۆ دەتـەوێت پێمبگێڕیتەوە!.

بڕوام بەو ڕوانینـەم نـەدەکرد، کەهـەرگیز پێویستی بەبەڵگە نـەبوو بۆسەلماندن.

دەمووت:

تەنیا شتەکان تێکەڵاوبوون ودەبێت لەیەکترییان جیابکەمەوە.

جارێکیتر کەوتمەوە خوێندنەوەی. بەلاتیلێك تەماشامکرد. ئەوەم بۆئاشکرابوو تەواوی تواناکانی، لەبڕیاردانی مندا هەناسە دەدات. گوشادبووم.. دەمویست بزانێت بەبێ من، ئەو ئیتر کەسێك نییە.. بچوکتریش لەوپایەیەی کە بەخۆی ڕەوابینیووە.. ئەو ئیتر نەیدەتوانی بچوکی خۆی حەشار بدات. دەبوو بیسەلمێنم، کەنەك ناتوانێ هیچ جۆرە ترسێك بخوڵقێنێت، تەنانەت نابێت ئەوەی لەیاد بچێت کە چارەنووسی پەیوەستە بە ئارەزووی بیرکردنەوەکانی منەوە، دەشبوو لەڕوانینەکانم بسڵەمێتەوە. ئەی سەدان پاڵەوانی چیرۆك زۆر بەسانایی بەمردن نەسپێردراون؟ کێ تائێستا چیرۆکنووسێکی بەتاوانی کوشتنی پاڵەوانێك بۆ دادگا ڕاپێچکردووە؟.

بۆ سەیرم؟!. ویستم ئەوسۆزە منداڵانەیەی کە پێمبەخشیووە، لێیبسەنمەوە. هەروامکرد! لێینەگەڕام، ئەو بێوەجتربوو لەوەی تا بەئامارژەکانم وەرنەچەرخێ. ئەمسەر وئەوسەرێکی ژوورەکەم پێکرد.. دامنیشاندەوە.. دەبوو جارێکیتر بە ڕووخسارە خۆڵاوییەکەیەوە تێبپەڕێت.

دۆش دادەما.. هەڵمدەساندەوە، دەتووت شەرم لە ڕووتبوونەوەی دەکات. دەمووت: جلەکانت بپۆشە. لەمۆدێلێکی سریالی دەچوو.

بزەیەکم هات.. هەستم بە غرورێکی پڕلەخۆشنوودی دەکرد. کەسێك خۆم ڕووحی پێدەبەخشم وخۆشم دەتوانم لێی زەوت بکەم. من لەپەستبوونی ڕووخساریا نەشئەم پێدەهات. نەمدەهێشت بیر لە شتێکی دیاریکراوبکاتەوە، ئاماژەم پێدەدا: پێبکەنە.. بڵندتر، وەك کەسێك هیچ شتێك نەزانێت بەتەنها پێکەنین نەبێت. پەشیمان دەبوومەوە، نا.. نا.. تۆ شایستەی کاراکتەری ئەو کەسە بەختەوەرانە نیت، کە ساناترین شت بەلایانەوە پێکەنینە! ئا.. بگری.. کۆستکەوتووئاسا بگری. قەیدی چییە با وشەکانیش لەگەڵتاخەمباربن. دەگریا. فرمێسکەکانیم دەبینی، دەبوو داوای شتێك بکات.. نەدەبوو فەرامۆشی بکەم. ئاخر هەموو خالقێك چاوی لە مەخلوقەکەی خۆی نییە؟.

یەکەمین زۆڵەپرسیاری، ئەو ساتەوەختە گلاّوە چاوانی هەڵهێنا.. دەشێت شاسۆنگەی دەستبەردارنەبوونیشم هەر لەو فزووڵیەتییەوە سەرچاوەی گرتبێت!.

دەستنووسەکەم فڕێدا ـ دەفتەرێکی سی لاپەڕەیی بوو- بەرانبەرم دانیشت. تەماشای دەکردم.. نیگایەکی پیری پایزانە.. چەند جارێك چاوم هەڵگلۆفت. نەزیندەخەون بوو، نەخەون بوو. دەستمبرد جگەرەیەکم داگیرساند.

پێیووتم:

ــ جاکێ ناڵێت جگەرە ناکێشم؟!.

لەوەبەر، لەوچەشنە چیرۆکانەم خوێندبۆوە، کە گێڕەرەوەکە لەگەڵ پاڵەوانە ناسراوەکاندا کەوتبوونە گفتوگۆ، لەیادمە (جەلیل قەیسی) لەچیرۆکێکیدا لەگەڵ(دیستویڤسکی)دا پەیڤینێکی چاکی کردبوو، من نازانم بە چ زمانێك ئەوی دواندبوو، بەلاّم ئەوەتا ئەم بەکوردییەکی ڕەوان دەدوێت.

ژوورەکەم بۆ بە جێهێلاَ. من دەمویست چی زووترە ئەم سرووتە شەیتانییە لە بیرکردنەوە وخۆشخەیاڵیم داڕووتێنم. من ئاسا هاتە دەرێ. کتومت ئەو پەسنە سواوانەی لە کۆتایی گەلێك چیرۆکدا بەیان دەکرێن: چەند دڵۆپە خوێنێك بەسەر گیرفانی ڕاستییەوە هێشتا تەڕبوو.

پێیووتم:

ــ بەرەوکوێ؟

وتم:

ــ بۆ دۆزەخ!

وتی:

ــ ڕەشبین دەتبینم؟.

وتم:

ــ بەڕاست دەتوانی قسە بکەیت؟.

وتی:

ــ خۆ پەیکەرەکەی لای جەنابت نیم، سەد درۆ بخەیتە پاشەڵی.

تەلیسمێکی سەیر بوو، وەك بڵێیت جنۆکەیەکە وبەڕێگەی کتێبە سیحراوییەکانی (عەبدولفەتاح تۆخی)ئامادە کراوە. لێ.. نەتەحزیرێکم کردبوو، نە ئەو وێردانەشم خوێندبۆوە کە دەبوو بیانڵێم.

وتم:

ــ نیازی چیت هەیە؟.

وتی:

ــ دەبوایە من ئەوپرسیارەم بکردایە!.

ــ بچینەوە ژووری؟.

ــ ئارەزووی خۆتە!.

ئیدی لێینەدەترسام، هەرئەوەش بوو کە کۆیکردینەوە. ئەو کزۆڵەتر لەبەردەممدا هەڵدەکوڕما.. من ڕقم لەوخۆ بچوکردنەوەیەی بوو.. چوون ئەوکەسەی لەپێناوی مانەوەیدا هەموو شکۆمەندییەك بەلاوە نێت. لێ، ئەوەی کە بێزاری دەکردم، هەرگیز بارە نائاساییەکانی بە نائاسایی لەقەڵەمنەدەدا. ئاخر خۆی پێیوتم: کەسێك لە وشە خولقا بێت خوێنی نییە.

ئەوەی دەشبوو بمهێنایەتەوە یاد، دۆزینەوە وخولقاندنی بوو. ئەوەی کەهەرگیز باسی نەکرد ئەو سەرنجۆکە لەرزۆکەی من بوو. دەبوو بمزانیبا بەدرێژای ئەم چەندساڵە لە کوێ بووە!. من ئەگەر دوایین کتێبم چاپ نەکردبایە، لەوانە نەبوو ڕێمبکەوتبایەتەوە ناو ئەو دەستنووسانە.

مـن دەمویسـت زۆرتـری لێبپرسـم.. هێشـتا گاڵتـەم بـەبێوەجی و کاڵفامی خۆمدەکرد، کەسێك مەودا وبارستی ڕۆشتنەکانی بەتەنیا چەندلاپەڕەیەك بێت، دەتوانێت چی بڵێت؟.

بەڵام نەء! جیاوازتر.. زۆر جودا لەوپرسیارە منداڵەییانەی خۆم. ڕاستر ئەو دواتر شتەکانی بۆ باسکردم، باسێك درێژتر تا من لەعۆیەی بێم.

دەیووت:

چیرۆکەکان تەواو نابن. من.. ئەوانەی دەبێت باسیان بکەم، بێشك، بەشێکی بچوکن لەوچیرۆکانەی کە ڕوویانداوە ودەشێت جاریتریش ڕووبدەن.

ئەو دەیووت:

ـ هەموومان دواجار چوونیەکین، هیچ جیاوازییەکمان نییە!.

( ١ )

( ئێوارەیەك، شێتبوونت بەرەو ماڵەوە دەتباتەوە، ڕووخسارێکی غـەمگین و پیرەمێردانـەی هەیـە، چـوون ئـاوەڵێکی دێـرین، لـە کەشـەنگیت خەبـەردار بێـت، دوو زەرفـی پڕلـە بێدەربەسـتی بـۆ هـەڵگرتوویت. دەتانڕوانییـە ئـەو هەنگاوانـەی هـەموو ئێوارەیـەك لێرەوە تێپەڕ دەبن.. هەموو ئێوارەیەك.. ئێرە جمەی دێت، ئەوەی

له هەموو شتەكان ئاگاداره و وشەیەكی نییه بۆ وتن. هەر ئەوه.. (ئەو) دەزانێت، چەند خاوەن هەنگاو ئیدی لێرەوه تێناپەڕن!!. شەقامەكەی ئاوەڵیشی تەوەزەلانه لێپڕاكشاوه، ئەو هەرگیز باكی نییه كێ بەسەریا ڕادەبورێت، چوونیەكه.. ئەگەر پێغەمبەرێك بێت یان گەوادێك. نا.. هەرگیز هیچ ناڵێت).

هێشتا دەكەوتمە خوێندنەوەی، تەماشای دەكردم.. وەك من بەغەفڵەتزەدەیەك بچوێنێ، دروست.. وەك گورگێك بیەوێت هێشتا چەشنەمەزاقێك بەنێچیره پێكراوەكەیەوه بكات. من.. دەمویست وەك گەڕیدەیەك كەوانەیەك لەمسەربكاتەوه وكەوانەیەكیش لەوسەر، لەونێوەندەدا ئەوشتانه بڵێت كەكەسێك لامسەلاییانه دەیبینێت وخەمسارانه هەست بەمەزنییەكەی ناكات.

ئەو بزەی دەهات. بەزوبانی حاڵ دەیووت: بەڵام له جیاتی من بیرمەكەرەوه... هەرگیز شێتایەتییم سەبوریت پێنادات. بەتوانجەوه لێیدەڕوانیم وەك بڵێت: دەتەوێت گۆرانییەك بخەیتە سەر دەمم كەهەرگیز حەزم بەوتنی نەكردووه. دەتووت لێمدەپرسی: بەڕاست هەموو فەریكه نووسەرێك هێنده خەیاڵ پلاوه؟.

بەخێسەوه سەرنجی دەدام: ئەوه چ عارفێكه له خواوەندی زیز دەبێت؟ گەمژه!! تۆ دەتەوێت ئەو بەدمەستە ناجسنەبم كه میز بكەمه پێكەكانەوه؟.

( کەسـێك بـەدوایی بیرەوەرییـەکانییا لـە تاژییـەکی بەسالاْچـوو دەچوو، نەیدەویست دەستوقاچە ڕەقەڵەکانی پێیبڵێن: داکەوە ئەو تەمەنەت گوزەشت!.

دەبـوو بهاتبایەتـەوە یـادی.. بۆچـی هەرئـەو شـەوە نـەمرد؟. ئـەو شەوەی باوکی بۆیەکەمینجار هەستی بەوەکرد لـە پیاوەتی داماڵرا و پێشیشەرمبوو بەخۆی بڵێت: گەواد!.

شەوی دواتریش پیاوێکی (ژەنەراڵ) نەمابوو، نەیەتە لای ژنەکەی . دایکی دەیووت:

ــ با.. لەبارم نەچێت، کاتی نەگبەتییەکە (سیٚ) مانگ بوو!.

مێردەکەی بەپەژارەییەوە پێیووت:

ــ نەء.. تازە لە عوزر پاکببوویتەوە!!)

بە مەزاقەوە لێیپرسیم :

ـــ دێتـە بـیرت کـەنگیٚ یەکـەمین زیقـەی ئـەم ژیانـەت کـرد.. تـۆ نەتـدەتوانی عـەورەتت بشـاریتەوە.. نەدەتتوانی(شـەرەفی خـۆت بپارێزیـت).. ئـا... گریانێـك گرییایـت، خـوێڕیتر لـە گوجیلەیـەك کەبەبیٚ مامان چاوانی هەڵدێنیٚ.

پێمووت:

ـــ گـرنگ ئەوەیـە لـە دایـك بـووم.. هـاتووم، ئیـدی شـتەکانیتر فشەیەکی ڕووتن!.

هێشتا پێمووت:

ـ ڕاست دەڵێیت! لەوانەیە قسەی تۆ بێت.. بێخەبەریین لەهاتنمان، ئم.. زۆرینەشمان بەرواری ڕۆژی لە دایکبوونی (١)ی تەمووز بێت!.

بەڵام.. دایکت پێیوتیت:

ـ ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەمینجار چاوانت بە ژیاندا هەڵهێنا، باوکت زەرفی نوقڵەکەی لێکەوتبووە ناو قوڕی کۆڵانەکەوە.

بەڕاست ئەوە چ ساڵێك بوو؟!.

بەڵام هێشتا دەتوانم، تەقەڵبەندییەکی هەموو ئەو خەتوحاشیانە بکەم، کەدەتوانن یەکتری تەواو بکەن.

ئەو ساڵەی (ئەو)م لەدووتوێی وشەکاندا ناسییەوە، کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕوویدا.

ناسینەکانی بەشێکن لە سستی وکەمتەرخەمی تەواو نەکردنی ئەم چیرۆکەم. بەڵام هێشتا دەبوو کابرایەك بێت وەك هەموو کەسێکی سادە، نیشانەیەکی جیاواز لە ڕووخساریدا نەبێت. کەسێك.. بەیانیان دەتوانیٚ هێندە نانخواردن ماتەڵی نەکا وفراوینیش چوٚنێتی خۆراکەکان تەنگەتاوی نەکا. ئەوکەسە دەستپەڕ بەچارەسەرێکی بێدەردیسەریانە لەقەڵەم بدا وجارجارەش گویٚ بۆ دەنگوباسەکان هەڵبخات.

ئەو کەسە ڕووخساری بەستەزمانانە خوڵقاوە.. کەسێکە.. سۆز فێری تووڕەبوونی کردووە. گاه جەربەزە و چاوقایم.. گاه زەلیل و دەستەپاچە! دەبوو ئەو جارجارە تەواوی گەردوونی لەلا ببێتە

بچوکتر لە کونی دەرزی و هەندێ جاریش سینەیەکی سپیکەلە بە بەرینترین فیردەوسی ئەندێشەکانی بچوێنێ.

کەسێك دەخوازێت حیمیایەکانی چاولەکەس سوور نەکەنەوە، وەختایەك چیتر پۆلیسی ناوپارکەکەش دەرینەکات.

لەلای من هەردەمە و ناوێکی هەبوو.

خۆی جارێك پێیووتم:

ــ زۆر جاریش (ناو) دەبێتە پردێك بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکان.

من ئەوساڵەم لە بیرە، خۆشبەختانەش تاکە چیرۆکمە کە لە پەراوێزدا بەرواری کۆتایی نوسینم تۆمارکردبێت.

ئەوساڵە، سەدان ناوی هەبوو، دەشێت (ئەوەی جێگەی سەرنجدان نییە) بەوەش ناوزەد کرابێت.

ئێستاشی لەگەڵ بێت، پاشماوەی ئازارەکانی لەزۆر جێگادا دەبینرێن... هێشتا پرژەی بۆنێکی تازە، بەساپیتە و دیوارە مەڕمەڕییەکانەوە دەبینرێت.

ــ هێشتا هەر لەوێ ماوییت؟.

ــ شوێنێکیتر هەیە ڕووی لێبکەم؟.

ئاوای وەڵامدامەوە.

ــ چ زوو پیربوویت؟.

ئاوام پێدەڵێت.

وتم:

ــ بەڵام هێشتا شتەکان وەك خۆیانن!.

ــ دەتەوێت چی ڕووبدات؟.

ــــ سەیرە.. ئەمێستاش لە هەمبەر شتەکاندا بێدەربەستیت؟.

ئەو خولقێکی سەیری هەیە، ڕیتمی ئاخاوتنەکانی جارجارە هێندە بەپەلەیە، تەنانەت وشەکانیش بەڕەوانی ناڵێت، هەندێ جاریش خاو ولەڕ، کە مەحاڵە ئارامت هەبێت دوایین وشەیی قسەکانی ببیستیت.

ــــ مەگەر نا، هێشتا دەتوانیت پرسیارێکیتری لێبکەیتەوە... ئەوپرسیارەقوڕانەی کابرایەکی غەفڵەتاوی لە پەیکەرێکی نوقسانی بکات؟.

ــ هەرئەوانە دەڵێت کە تۆ دەیانڵێیت!.

( چ تاڵییەکی هەبوو؟ خودایە.. من لەشەیتان بوون وەڕسم.. بێزییان لێدەکەمەوە.. ژیانێکت پێبەخشین، بێز لەگەڵۆزەشمان بکەینەوە. چ سحرێکە خودایە؟ نە نەشئەمان لە ماچکردنی دەمولێوێکدا دەبینییەوە. نەفرەتمان لێدەکردن. ئا.. گاڵتەمان بەپاکیزەیی دەکرد. درۆیەکی ڕووت بوو... جا((ئەو))یش وەك هەرهەموویان درۆزن.

نا.. خودایە... لێتدەپاڕێمەوە.. نزاکانم لێوەربگرە، عیشقێکم پێکەرەمبکە بەدووربێ لەبۆساردی شەهوەتەکان، من نامەوێت چیتر نکە وهەنکەهەنکی زاوێربوونە درۆزنەکان ببیستم ....).

ساڵێك فێریکردین نابووت ئاسا خەمۆکییمان بخەینە ناو چاوی ئەوبیرەوەرییانەی دەیانووت:

کەسێك لەجێگەیەکدا بکوژرابا، هەتا درەنگانێك کەس نەیدەوێرا تـوخنی ئەوشـوێنە بکـەوێت. ئـەو سـاڵە تەرمـەکان لـە لەیسـتۆك دەچوون، بەبزەوە گەمەمان پێدەکردن.

ئەوساڵە، جـارێکیتر لاقـەیی خەونـەکانمان کرایـەوە. سـاڵێك بـوو ڕاسـتییەکانمان لـە ئادەبخانـەدا دەشـۆردەوە و لـەوێش هوتـافی نارەزایمان دەکێشا. خودایە چی لەخیانەتی ئازیزانت بەسوێترە؟.

ئـەو سـاڵە.. شـەهیدێك گەڕایـەوە و ژنەکـەی وهاوڕێکـەی لـەناو پێخەفێکدا کوشت. سواڵکەرێك ڕۆڵی پێغەمبەرێکی بینی وئەوەی سـالأنێك لـەدەرۆزەدا چـنگی کـەوتبوو، بـەبێ دوودڵـی کەوتـە بەخشینەوەی. کابرایەك کچەکەی لەسەلەم دا. ئەوساڵە دەرکەوتنی خێـزەرەی نەفرەتییـەکان بـوو. دەروونناسـێك لەچـایخانەیەکدا وتبووی:

ــ سەرجەمی کۆمەڵەکەمان تووشی لادان بووە.

دەیانووت لەوەتەی ئەم شارە بنیات نراوە، ڕەشەبای لەوجۆرەی بەخۆیـەوە نـەبینییووە. شـاعیرێك ئەوسـاڵەی بـە سەرخۆشـبوونی سروشت چواندبوو. وتبووشـی: ئەمساڵ، پاییز پاکیزەیی خۆیی دۆڕاند.

ئەوساڵە.. لە ڕۆژنامەیەك دەچوو، هەمووومان نووسەر وهەمووشمان خوێنەر. خۆماندەخوێندەوە، پڕپڕ لە ڕاستی و لێوان لێو لەدرۆ.

لاپەڕەکان دەکرێت ئاوا دیزاین کرابن .

لاپەڕەی یەکەم

بەمانشـــێتێکی گـــەورە نووســـرابوو ﴿ ســـاڵی درۆ جوانـــەکان، لەهەموولایـەك پـیرۆز ﴾ ئـەو لاپەڕەیـە نـە گۆشـەی سـەرووتاری بـۆ دیاریکرابوو، نەهەواڵی ڕۆشتن وهـاتنی سـەرۆکی تیا بلاْوکرابۆوە، هەموو سەر دێرەهەواڵێك لە دامێنییەوە نووسرابوو بۆ لاپـەڕە(١١)، لەکاتێکدا سەرجەمی لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بە تەنیا(٨) لاپەڕەبوو.

لاپەڕەی دووەم

(هـەموو ئـەو شـتانەن کـە بەهەمیشـەیی دووپاتدەبنـەوە، بڕواناکـەم پێویست بەنووسینەوەیان بکات).

پێمدەڵێت:

لێگـەڕێ... دوورنییـە هەمووئەوانـەی لـەوێ ناوییـان نووسـرابۆوە، ئێستا شانازی بەناوەکەی خۆیانەوە نەکەن.

دەڵێت:

ـــ ئەوانـەی تـۆ دەتـەوێ باسییان بکـەیت، بـەر لـەتۆ باسـکراوون، دەشـێت چـەندانیتریش باسـی بکـەن. مـن هێنـدە دەزانم.. هـەموو تەفسیرێك بۆ ساردی وتووشی زستان ئەحمەقییە!.

ئــەو لەچــیرۆکەکەمدا، دوای نائومێــدبوون لەدۆزینــەوەی گــۆڕی بـاوکی، بـاوکێکی ئەفسـانەیی بۆخـۆی دەدۆزێتـەوە.. ئـەو باوکـە، بێدەنگ وفەرامۆشـکراوەی لەناوەڕاستی پارکەکـەدا ڕووە وشـەقامە گشتییەکە، بەهەمیشەیی دەڕوانێت.

( ٢ )

(ئا ئاوا دەیبینم. من نازانم لەکەیەوە لێرەیە. ماوەیەك لەمەوبەریش هەرلەوجێگەیەدابوو. ئێستاش نامناسێت! ئەوپیاوەی چ خەمێکی لەناسینەوەی کوڕە ونبووەکانی نایە.

ئەو.. ئێستاش نامناسێت.

زۆر جار، بەرلەوەی پۆلیسەکان بێن و بکەونە دەرکردن و بلاوەپێکردنی ئەوخەڵکانەی لەپارکەکەدا دەنیشتن، ئەو قوتابیانەم دەبینی، کەهەریەکەولەلایەکەوە دەکەوتنە هێڵکاری وسکێچکردنی ئەو پیاوانەی لەوێ دانیشتبوون. چەندجارێك خۆشم بەبێ پرس بوومە مۆدێلی ئەوخوێندکارانە، ئەوان وایاندەزانی بەمە نازانم، هەربۆئەوەی شپرزەیی و بێئارامی ئەوانیش بڕەوێنمەوە ئەوپەڕی ئارامییم بەخۆم دەبەخشی. جارجارە کە نیگایەکم دەکردن، بزەیەکیان دەهاتێ.. کەئەوبزەیەش بۆخۆی گەلێك مانای دەبەخشی.

ئەوپیاوەم لەو جێگەیەدا بینی... .

ئەوپیاوەی هەرگیز تووڕەبوون ناناسێت! ئاخر تەنانەت سەرخۆشەکەش بەبەرچاوی هەموومانەوە میزی دەکرد بەسەر پێلاوەکانییا. کەسێکی تریش ــ دەشێت ئەویش سەرخۆش

بووبێت ــ ڕشایەوە بەسەر کۆشییا، هیچی نەکرد.. هیچ...
هەرهیچ.
من دەمویست هاواربکەم وبڵێم:
ــ باوکە گیان چۆن تووڕە نابیت؟. باوەم.. ئەوکەسە تەنانەت چەندجارێك لەسەر سەودای هەتیوبازی زیندان کراوە. باوەگیان هەستە.. کەی ئەوەندە پشوودرێژ بووی؟).
چیرۆکنووسەکە پێیووتم:
دەستکاری دەوێت.. هێشتاماوییەتی، لێ، خەیاڵەکانت تووشی غەفڵەتییان کردوویت.
پێمووت:
بەلاّم، بەڕێز ئەوانە حەقیقەتن.
ئەو بەبزەیەکەوە وتی:
ـ خۆ خاڵۆزای (کافکا) نیت؟.
من ئەوکاتانە نەمتوانی پێیبڵێم:
ئەو پاڵەوانە لەوانەیە گوێی لە قسەکانمان بێت.. لەوانەیە سەرنجەکانی بەڕێزتی بەلاوە جوان نەبێت .
من ئەوساتەوەختە نەمدەناسی. مەگەر نا، دەبوو پێیبڵێم:
دوای خەرمانێك لە نووسین.. هێشتا ئەوحاڵەتە لەلای تۆ ڕوویداوە کە پاڵەوانی چیرۆکێکت لێت یاخی بێت؟ نا.. سەرکۆنەت بکات و هەڕەشەت لێبکات. ئا... وەك سێبەر ئاوێزانت بێت ودەستبەردارت

نـەبێت. مامۆسـتام.. خـراپتریش، نـەك پێتڕابوێرێـت.. جنێـویش بدات.

ئـەو دوایـین سـەرنج وئامۆژگـاری هێنـدەبوو.. بـەجۆرێك بنووسـم هەمووکـەس لێمتێبگـات، کەسـێکی سـادە خـۆی تیاببینێتـەوە و ڕۆشنبیرێکیش بەسادەیی نەزانێت.

دواتریش بەر لەماڵئاوایی پێیووتم:

ــ نووسینیش پەتایەکە، نەلەکۆڵت دەبێتـەوە.. نەدەستبەرداریشی دەبیت!.

(مـن.. دەبـوو هـەرهیچ نـەبا، لەنیوەڕۆیـەکی خاووخلیچـکدا لێمبپرسیایە:

باوکـە.. چـۆنە گـەرمات نییـە؟ ئـاخر تـۆ تـەنیا بەگـەرما هەراسـان دەبوویـت، ئـەی بـۆ دەسـڕە ئاوریشـمییەکەت دەرنـاهێنی؟ بـاوەم.. قاچەکانی تـۆ ئەوەنـدە گـەورە نـەبوون. پێمشـەرمە پێتبڵێم.. ئـاخر پێڵاوەکانـت زۆر گـەورەن. ئـا.. وادەیـەکی پڕدڵنیـاییم پێکەرەمکـە، من  بەفەخرەوە ماچییان دەکەم.

باوەی من.. دەزانم چەندێ تووڕەبوویـت، بـەڵام هێنـدە دەسـتەکانت نـەرمبوون. بـەڵام شـەوێك لەشـەوان کەلەسـەر جێگاکـەم دوورکەوتمەوە، دامناپۆشیتەوە. نا.. تەنانەت پێمناڵێیت:

لە کوێ دەنوویت؟.

باوەم.. فێری هەمووشتێ بووم، هـەموو ئەوانـەی لـەلای تـۆ ئەسـتەم بوون، من بەئاگاییەوە کردم.

باوکـه.. منـیش لـه کڕێوەکانـدا بـەڕووتوقوتی یـاریم بـه بـەفرەکان دەکـرد. فێربـووم دانەدانـەی چـل چـراییەکان بشـکێنم. پێیـانووتم: شـەرم وەك جگـەرە دەکێشـرێت. وتییـان: هـەموو شـتەکان ئێسـتا لەدایك دەبن.

نـا.. درۆ لـەحزووری تـۆدا ناکـەم.. ئـەوان دەرسـیاندام کـه نـابووت ئاسا کاوێژی ڕابردوو نەکەمـەوە. ئـاخر چارم نـەبوو. جنێوییـان بـه بـاوکی تۆشـدا.. دەبـوو قبـوڵی بکـەم. بـەڵام تـوانیم.. ئـا.. هیچیـان نەبوێرم.

منیش تـوانیم جنێو بـه باپیرەشیان بدەم. ئەوان تـووڕە نـەدەبوون. دەیـانووت: ئێمــه ونبــووین، بەتــەنها تــۆ یادماندەخەیتــەوە کــه ونبووین.

باوکـه گیـان درەنـگ لێیانتێگەیشـتم. سـاویلکەبووم.. کـەدەمووت ئەوە ماڵەکەتانە.. مۆڕەیان لێدەکردم. کە پێمـدەوتن: خێزانـەکانتان چاوەڕێتانن.

قاقایان لێدەدا. پێیاندەوتم:

جیاوازییەك لە غەمەکانماندا نییە.. بەڵام تـۆ ئازایـەتی ئـەوەت نییـه باسییان بکەی!.

دەیانووت: کەسێك نییە لەوچارەنووسە قوتار بێت.

باوکە گیان.. بەڵام نە لە شەقکردنی کەللەسەرەکان دادەچڵەکێم، نـه لـه لرخــەلرخیان بێــزاردەبم!.. بـەڵام لـەخۆم دەترسـم.. لـه تـۆش دەترسم باوەم.. لەهەموو شتێك.

بەلاّم، ئەوان هەست بەوەناکەن.. ئاخر بابە، گێلترن لەوەی بتوانن جیاوازی شتەکان دەست نیشانکەن.
با.. تەنیا کەسێك.. کەسێکە.. چاوانی زەردە وەك گەلاّی پاییز. باوەم تۆش دەیناسیت! ئاخر ئەودەتوانیٚ زیرەکیمان لیٚ زەوتبکات. گێلێتی بکاتە خەسلّەتمان.
باوکەگیان.. کەسێکە.. دەبێت نەیناسیت؟! ئەو بەسانایی خۆی دەگۆڕێت.. لەوساحیرانەدەچێت کە لە حیکایەتەکانتا دەژیا.ئاخر باوکـــــــ....
پێمشەرمە پێت بلّێم، دەیووت:
مەگەر جیاوازی چرکەکان، هێندەی وادەی پێکەوەلکانی سەگ و فسینی چۆلەکەیەك بێت).

( ٣ )

پێمدەلّێت:
ـ دەتەوێت چیت بۆ بلّێم؟!.
دەلّێت:
ـ نەهامەتی ئەوکاتە دەست پێدەکات، دزێك بکەیتە پێغەمبەر و پەپوولەیەکیش بەدووپشك!!.
وتی:

بەلاّم درۆزنیت!... نەء... گێل ونەفامیشیت!.

چ سحرێك بوو خودایە.. شتەکان چەند بەپەلە دەگۆڕان.. چەندێ هەوڵمدەدا هەستبە بچوکیم نەکات، بێوەجتربووم لەوەی هیچ لەڕوویدا بڵێم، ئەویش کەسێك نەبوو وەك خۆی بمێنێتەوە، دەگۆڕا.. چوون کەسێك لەبەزەیی وسۆز خوڵقابێت، بەسۆزێکی بەزەیی ئامێزەوە لێیدەڕوانیم:

ــ نا.. نا.. گێل نیت... با.. هەڵخەڵە تاویت!.

دەیووت:

ــ بەلاّم ساڵەهایە وەك خۆتیت.. ساڵەهایە درۆیەك دەڵێیت و خۆشنودیت بەوەدێت لێتبسەلمێنن کەڕاست دەڵێیت!.

پێیدەوتم:

ــ چارەڕەش، بۆ گەمژەیەك گەربیەوێت سەرنجبدات، هەموو ئەوانە نازانێت کەتۆ دەتەوێت بیانڵێیت؟.

دەیووت:

ــ ئم.. داڵێك وقورینگێك لەیەك ئاسماندا دەفڕن، بەلاّم فڕینییان جیاوازە؟! لێ.. ئەوان ناتوانن لەمانای باڵ لێکدان تێبگەن؟. ڕەنگە بێز لەفڕین بکەنەوە.. ئا.. دەبێت بیریانبخەیتەوە دەتوانن بەرینتر لە سنوورەکەیان باڵ لێکبنێن. دەیسا هەستیشیان پێکرد؟ هەشبەسەر.. بەلاّم بە فیتوکەیەکیان ناحەزترین سەما دەکەیت!!.

من دەبوو گوێم بۆ ڕانەگرتبا.. ئەو قاچە درێژەکانی دەخستە سەریەکتری.. دانیشتنێکی سەیری هەبوو، قاچی چەپی بەتەختی

لەســـەر زەوییەکــە دانــابوو، قاچــی ڕاستیشــی بەســەرئەژنۆی چــەپییەوە ناوەنــاوە بــۆ پێشــەوە دەبزوانــد. لێ تەماشاشــی نەدەکردم.. وەك بڵێیت تەواوی بوونی منی سڕیبێتەوە. ئەو ئیتر لەوکەســە بەســتەزمانە نەدەچــوو، کــە گریانــەکانی مــاتبوونم پێببەخشێت. نەزمی وتەکانی لەچیرۆکنووسەکە دەچوو:

ـــ بــەڵام بەختــەوەریت کەهێشــتا دەتوانیــت سوارچــاکێکی نێــو خەیاڵاتەکان بیت؟ چەندت پێخۆشە گەر هەرهەموویان هاوار بکەن: بــەڕێز.. تــۆ تاکــە سوارچاکمانی.. پەیامبــەری عەشــقەکانی ئێمــە، بەچاوی حەسرەتەوە لێتدەڕوانین.. تۆ دەنگی ئێمەبە. ڕامەوەستە. ئــاوزەنگی لێــدە. جڵــەوت شــل بکــە.. بــا.. هــەمووومان لەگــەڵتا گەشتبکەین؟!.

تۆ خۆشنودیت بەوە دێت؟! شەرمدەکەیت؟.

ئێستا ڕوومتێدەکات.. نەرمە پێکەنینێکی دەبیستم:

ــ ئم!!.. دەشێت بۆنی ئارەقی تەوێڵ وسنگیشت بکەن.. جا بۆ نا؟! ئەوانیش لە وشکبوونی گەرووتدا، پەستبن لە بێدەربەستی ئاو.. جنێو بدەن بەو گولەنەی نەیانتوانی چەند شەونمێك لە خۆر بدزن ولەسینەیاندا حەشاری بدەن. تــۆ مەوەســتە وڕکێفت تونــد مەکــە! ئــەو گەشــتەت لــەکیس مــەدە.. گەشــتی تــۆ بەتــەنها گەشــتی خۆتنییــە! تــۆ، دەبێــت ئــەو لاوکــە گەنمڕەنگییانــە بدۆزییــەوە کەبەرلەوتنییان زیندە بەچاڵکران!. شۆڕەسوار!! جڵەوت شل بکە.. هێشتا ماوتە لەسەرگەردانی و وێڵگەردی کەسێك بپرسیت، کە

لەدایکبوونی بە مردن دەسپێرێت.. هێشتا ماوتە لەغەمی ژنێك بژنەڤیت کە بەشەنگی ڕووخساری غەمبارە ونەفرەت لەجەستەیی دەکات.. گوێ بۆ خرمەی ناڵچەکەت شلکە! کچێك.. چەلەنگە وەك نمە، ڕووخساری پڕە لەپرسیار.. لەسەر ڕێتە، تەماشایی مەکە.. منداڵێك دەگری.. ڕەنگە نەشزانێت مانای باوك مردن چییە.. تۆ ڕامەوەستیّ!. کەسێك دەبینیت زویری بۆتە ناسنامەی.. کەسێکە خوێنێکی تەڕ لەسینەیەوە بازرەقە دەکات.. بۆنی ماندووبوون لە ڕووحی دێت.. کەسێکە دەیەوێت پێتبڵێت: پەشیمانییەکانم بنووسەرەوە.. کەسێکە بەزوبانی حاڵ پێتدەڵێت: لە خشتەیانبردم.. بەهەڵە ژیانی گۆڕم هەڵبژارد.. غەمگینی وحەسرەتەکانم بنووسەرەوە.. پێیان بڵێ: ناپاکەکان، چ ..... . ڕامەوەستە! تۆ دەبێت خۆشڕەویت ئەندێشەکانت نەشەمزێنیّ.. سەفەرێکی ئەفسوناویت.. .

های ترحێو!!.

دەمەوێت پێیبڵێم: ئەگەر بێڕێزی سنووری هەبێت تۆ ئەوەشت بەزاند. ئەو ئیتر قسەیەك ناکات. من هێندەی دی دەهری دەبم.

ـ دەتەوێت چارەنووست بەرەو کوێ بەرم؟.

ئەودەیەوێت پێبکەنێت. بەڵام هەرگیز پێکەنین ئاوانییە.. لێمتووڕەیە! ڕووخساری پڕە لەتووڕەبوون. ڕووخساری سامناکتر. چیدەکات؟! دەجولێت.. بەڵام پاڵەوانی هیچ چیرۆکێک.... تەواوی جەستەی لەڕووخساریا جەمدەبێت.. کەسێك، خۆی

وکەللەسەرێکی تەنیا.. نەزمی وتەکانی دەگۆڕێت. چوون ئەفسەرێکی بێڕووحم، کەلەکاتی لێکۆڵینەوەکاندا مرۆڤبوونی خۆی لەیاد دەچێتەوە.

ئەوەنییە دەڵێیت سالأنێکە لەگەڵما ژیاوە. ئەوانەم بەیاد دەخاتەوە، کە هەرگیز نامەوێت بەیادم بکەونەوە.

دەمەوێت بیری بخەمەوە لەهەموو قۆرت ودژواریەکدا هێشتا کەنارێکی ئارامی هەرهەیە.. مرۆڤیش وێڕای هەموو خراپی و ناتەواوییەکان، هێشتا مرۆڤە.

ئەوسەرسەخترە لەوەی گوێم بۆڕادێرێت. کەللەسەرەکە دەجوڵێت.. گەورەتر دەبێت.. گەورەتر.. شتەکانی ژوورەکەم دەشارێتەوە. ئا.. کتێبخانەکەشم نابینم.

ددانی جیڕدەکاتەوە. دەنگێکی جاڕسکەر وەختە مێشکم یەکالأبکاتەوە. بەترسەوە دەڕوانمە چاوەکانی. ئێستا تەواوی کەللەسەرەکەش لە دوو چاوی ڕەنگ زەرددا گردبۆتەوە، بەتەواوی لە چاوی کوندەپەپوویەکی پیردەچێت.. تەنها دوو چاوی زەرد و بەس.. زەردییەك هەستبە هێڵنجدان ئەکەم. هەموو شتێك زەرد.. ژوورەکەم لە تەرم دەچێت.. چاوانم دادەخەم.. نامەوێت بزانم پاشتر چی ڕوودەدات.

ئێستا هێدی هێدی چاوانم هەڵدێنم.. ڕقم لەخۆم ولە ترسنۆکیمە.. هێشتا بەگومانەوەوە تەماشادەکەم.. ئەوەتانێ وەختە کاڵتر دەبنەوە. نا.. من نیم کە دەترسم.. کاڵتر.. چوون ئەو گەلأزەردانەی

نەهامەتی وبێدەربەستی ژیان دەگێڕنەوە، ئەوان بەڕووکاری زەویدا فەرامۆشکراوون. پێمخۆشە ببزوێم، چوون سەرفرازبوویەك لە ئومێدبوون نەکەوم.
ورد ورد هەنگاو دەنێم. رۆژگارێك لەبەردەمدا درێژ بۆتەوە، کەتەواوی تەمەنمی لەسەر نەخشێنراوە.
چاوم لەودیمەنە سەیرئامێزەیە... یەکەمین کتێبی یەکەمین پۆلم دەدەنە دەست. دەڕوانمە ئەو ئاوەڵەی تەنیشتم، کەنازانم ناوی چییە، بەلاّم ئەوەتا وەك من، بەشەرم وبەحەپەسانەوە دەڕوانێتە بەرگی ئەوکتێبەی کەنازانێت چی لێنووسراوە.
هەنگاودەنێم.. گوێ بۆ ئەوچەپلاّنە ڕادەگرم، کەئێستا لەخوێندنەوەی ئەوداڕشتنە دەبمەوە کەهەرگیز نەمتوانی باوکمی لێ ئاگادارکەم.. باوکم دەیویست بۆنی کتێب بگرم... ئەوەتا گوێم لە مامۆستاکەمە پێمدەڵێت:
بەلاّم ئەمجارە، مەهێڵە باوکت بۆت بنووسێتەوە.
بەلاّم ناتوانم پێیبڵێم:
باوکم لێرە نییە.. باوکم لەسەفەرێکە کەهەرگیز ناگەڕێتەوە.
بەچەند شەقاوێك دەگەمە خۆم، لەسەر پشت ڕاکشاوم، ئەوەتا هێشتا زایەڵەی چەپڵەڕێزانی پاش دوایین وشەی چیرۆکەکەم دەبیستم. من دەزانم، لێیخۆشنایە دەستخۆشیم لێبکرێت.
پێمدەڵێت:

بریــا.. چــیرۆکەکەت کــورتتر بکردبایــەوە، زیــاتر لەپێویســت زیادەڕۆیت کردووە.
هێشتا بەلاقرتێوە پێمدەڵێت:
ئەگــەر هــەموو چــیرۆکێك بەشــێك بێــت لەڕەنگدانــەوەی ژیــانی چیرۆکنووس، ئەوادەبێت جەنابتـــــ ... .
قاقایەك دوایین وشەی ڕستە پلاراوییەکەی دەسڕێتەوە. من پەستم لەخۆم.. لە کتێبەکان.. لەوماموٚستایەی یەکەمین پیتی پێناساندم.. هێشــتا خــۆم دەبیــنم، پــڕم لەڕاســتی ولێــوان لێــو لــەدرۆ.. ئــەو ڕۆژنامەیــە دەخوێنمــەوە، کــە پاڵەوانەکــەم دەیــەوێت ڕاســتییە درۆزنەکانم بۆ بسەلمێنێت.

# تارماییەک لەبەر باراندا..⋆

⋆ لە (ئەدەب و هونەر)ی ژمارە ( ٦٢١ ) ی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

ئەو ئێوارەیەی تارماییەکە سڵاوی لێکرد، ساڵانێك لەمەوبەربوو. ئەوە لە ئێوارەیەکدابوو(هەتا نووسینی ئەم چەند وشەیەش بەعەزرەتەوەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتەوەختەی هێشتا سڵاوی لێنەکرابوو) ئەگەر ئێوەش بتانناسیایە، دەتانووت هەتا ئەو ئێوارەیەش ئەوەندە سەلیقەی نەبووە کە لەزمانی سەگ تێبگات، وەکچۆن کەسێکی ئاسایی سڵ لە لوورەی گورگ دەکاتەوە. ئەویش تائەوساتەوەختە، نەك لوورەی گورگی نەبیستبوو، بەڵکو بوونی گورگی بەتەنێ لەنێو ڕەسم ودیمەنی تیڤییەکانەوە هەستپێدەکرد. دەشێت بەهەڵەدا نەچین گەربڵێین.. هێشتاکێ ئۆخژنی بەوە نەدەهات کە بەگورکی ئەسمەر گازی بکەن، چجای ئەوەی لەزمانی گیانلەبەرەکان تێبگات!.

ئەو ئێوارەیە(ئێستاش لە یادییەتی)بەلای دەستە ڕاستییەوە، پشیلەیەکی برسی بۆنی بە موقەباخوساوەکانەوە دەکرد ـــ ئەگەر ئەوئێوارەیە، بیری بکردبایەوە، بەدڵنیاییەوە بەپشیلەیەکی ئەحمەقی دەچواند. چما، دەرۆزکەرەکانیش ئێسقانێکی نەکرێندراویان لەپاشەرۆکی چێشتخانەکان چنگ دەکەوت؟.

ئەگـەر ئـەو پشـیلەیەش توانـای ئـەوەی هەبوایـە وەك ئێمـە بـیری بکردبایـەوە.. هەسـتی بـەوەدەکرد، کەسـێکە.. تـووڕە.. برسـی.. بێپـارە.. بێمـەئوا ـــ . هەڵبـەت، فێرنـەببوو ڕووبـەڕوو سـەرکۆنەی بکات وپێیبڵێت: پشیلەیەکی بودەڵە وبێسفەت!.

ئـەو ئێوارەیـە.. کەسـێك، کـە تەمـەنێکی زۆر لەڕێڕۆشـتنەکەیدا دەبینـرا، ڕێـك بەرانبـەری هـەڵمیزا. کەسـێك ئەگـەر ئێسـتاش بـیری لێبکاتـەوە، نەدەیناسـێتەوە، نەمەبەستیشـی بـوو لـەو بولێڵـەدا ڕووخساری ببینێت. بێگومان ئەوپیاوە پیرەش هەستی بەبوونی تارماییەکە نەکردبوو. ئاخۆ ئەوساتەوەختە تارماییەکە گەیشتبووە لای؟ ئێوە دەزانن؟.

نا.. ئەگەر تارماییەکە ئەوکاتە ئا لەوێدابوایە، ئەسڵەن بۆی قبوڵ نەدەکرا، کەسێك هێندە بێپەروا بۆنی میزەکەی پێببەخشێت. ئەو حەزی بەپاکوخاوێنییە. تارماییەکە زۆرجار پێیوتووە: هیچ شتێك ڕێ لـەوەناگرێت پاکوخـاوێنی لەبیربکەیت.((بـەڵام لـە ئاسـتی تفـی تووڕەبوونی ژنەکە، خۆیی نەبانکرد! کەچەند خولـەکێك لـەوەپێش، وەك هـەموو لێکۆڵینـەوە بەراییـەکانی، زۆر بێئینسـافانە، چـەندین تفـی تـەڕی ئاوقـای ڕووخسـاری پیاوەکـەیی کـرد، زیادەڕۆینییـە گەربڵێین: ئەو پیاوە بەندکراوە، پیاوێك بوو.. لەبێدەربەسترین ئەو پیاوانـەی کەبەتـەنگ جیاکـاری نێـوان فڕێـدانی تفێـك وئامـاژەی ماچێکەوە نـین! وەك بڵێیـت، هێنـدەی ژنەکـەی بەخەمییـەوە بـوو، خۆی ئەو تین وسـۆزەیی بـۆ خـۆیی نـەبوو( دووسـاڵ وشـەش مـانگ

لەمـەوپێش ئـەوە ڕوویـدا) تەنانـەت هێشـتا پیاوەکـە پێدەکـەنی..
دەیووت:
ــ بەهەڵە منتان هێناوە بۆئێرە، ئێوە من ناناسنەوە.
ئەگەر ئێوەش ئاگاتـان لـەو لێکۆڵینـەوە بوایـە وبەڕەوانی پرسـیار و وەڵامی ئەوانەتان ببیستایە، دەتانووت: ئەو پیاوە لەمەعدەنێکیکە خوڵقـاوە. لەوانەیـە بتانووتایـە: خودایـە پیـاوی وابێشـەهامەتت خـــەلق کـــردووە؟. ئەگـــەر چـــاوتان لێبوایـــە، بەوپێیـــەی هێشـــتا جەزرەبەی ئـەو ئەشکەنجانەی نەچەشتووە، کـەدەبوو لەسـەرەتاوە پێیکەرەم بکرایە، بەبێهەڵوێستەکردن بە پیاوێکی پوتتـان نـاوزەد بکردبایـــە. ئـــاخر، پیاوەکـــە ئاســـایبوو بەلایـــەوە ئەگـــەر تـــەواوی تارماییەکان بچنە کن ژنەکەی. لێ .. بەپێچەوانەی چاوەڕوانی ئێوە وئەوانیش ومێردی ئەو ژنەش، ژنەکە نەك بەجنێودان دانەدەساکا، بـــەڵکو پێشـــەنگ ئاســـا بەجەســـارەتەوە تفێکـــی خەســـتی گرتـــە ناوچـەوانی تارماییەکـە (ئەوسـاتەوەختە ئـەم پێیـدەوت: گـەورەم).
ئەم، ئەوکاتە پیاوەکەی بە((بارگینی گەڕ))ناوزەدکرد!.
ئەگـــەر ئـــەو ئێوارەیـــە بـــاوکی تووڕەبوونـــەکانی ئەوەنـــدە چڕنەکردبایەوە، بە چ مەعلوم لەتەواوی تەمەنی ڕێکەوتی ناسینی تارماییەکـــەی بکردبایـــە. بـــاوکی، جـــاران ئاســـا، تووڕەبوونێـــك تووڕەبـوو، وەك هـەرگیز ئـارامی وهێمنـی نەناسـیبێت. دەتـووت بەکوشتنیشی کەفوکوڵی دانەمرکێت.

سالأنێکه.. دەیەوێت بیربکاتەوه... بۆچی باوەی تووڕەبوو؟ بۆچی ئـــارامی بـــەخۆی نەبەخشـــی؟ چـــیدەبوو.. وەك هـــەمووجارێك تووڕەبوونەکەی بەهەند وەرنەگری؟!.

ئەو ئێوارەیه، تارماییەکه بەدووری دووهەنگاو بەرانبەری ڕاوەستا:

ـــ خۆشبەختیت!!.

تارماییەکه هیچیتری پێنەوت، تەنانـەت لێینەپرسـی: لـەم بولێڵـەدا، چ قـەدەرێك تـۆی هێنـاوه بـۆ ئێـره؟. تەنانـەت پێینـەوت پیاوێـك زۆربێخەمانـه بـوونتی سـڕیوەتەوه وئـەوەتا بێباکانـه بەرانبـەرت هەڵدەمیزێ!.

وەك ئـەوەی هەسـتبکات هاوسـێیەکییەتی ودەیـەوێت بێگونـاهی خـۆیی ودڵڕەقـی بـاوکی بـۆ بـەیانبکات، ڕاسـتر وێنـەی بڕوادارێـك کـەبڕوای بـەوێردەکانی پاکبوونـەوه ولێخۆشـبوون هـەبێت، کەوتـه گێڕانـــەوەی ئـــەو چـــیرۆکه ســـادانەی لـــەژیانی هەمووکەســـێکدا ڕوودەدات.

تارماییەکه نەیهێشـت، چیتر بـەردەوامبێت لەگێڕانـەوه ناقۆلآکـانی، هێنده نەبێت پێیوت:

ـــ مەگـەر نـا؟! بـەڵام بەسـەرهاتەکانت لەحیکایـەتی ئـەو گوێدرێژانـه دەچـێت.. وازەنـد دەکـات.. بـەخواردنی کەرتەشـییەك.. ئـیرەق کردنێـك.. شـکۆترین لاپـەڕەی مێـژوو دەنووسـێتەوه، بـەڵام هێشـتا نەشـتوانییوه وەك ئـەوان لـه ئاسـودەییتا لووشـکەیەك بکـەیت!! تەنانەت بەزەڕینێکیش نەتسەلماندوه که هەیت؟!.

بەگریمانەکـــەی دڵتـــەنگ بـــوو، بەســـەرخۆی نـــەهێنا، دەتـــووت هەربەراســـتی ئیرەیـــی بەگوێدرێـــژ دەبـــات. بێـــدەنگی تـــەواوی بزاوتنەکانی قۆرخ کردبوو(دەشێت بپرسن چۆن لێی قبوڵکرد) تارماییەکـە.. بـەئاوەڵێکی دەچـوو.. سـالآنێکی درێـژ تەمـەنییان پێکـەوە بـەرێکردبێت.. شـتێك نـەبێت لەنێوانیانـدا نـاوی نهێنـی وشاردنەوە بێت. بەشوێن پێکانیدا هـەنگاوی دەنا. کەلەجۆگەلەکە پەڕییەوە، بازدانەکەشی هەربەقەدەر مەودایی ئەوبوو.

ئـەوە یەکـەمینجاری بـوو، هەسـت بـە زیرەکبـوونی خـۆیی بکـات و گەشـکە نـەیگرێت، دەتـووت سـالآنێکە شـارەزایە بـەزمانی هـەموو مەخلوقـــەکان. بۆیەکـــەمینجار، بەحەپەســـانەوە ســـەرنجیدا... گەماڵەکـە، شـعرێکی چـرووکی شـەهوانی بـۆ دەڵەکـە دەخوێنێـت، تارماییەکـە بـەبزەوە تەماشـایی ئـەمی کـرد، نوکـە شەقێکیشـی ئاوقـایی پاشـەڵی گەماڵـە کـرد. ئـەم وەك چـۆن لێینەپرسـی لەهەمووشتەکان حاڵیم، تارماییەکەش پێنەدەچوو هێندە بەخـەمی زیرەکبوونییەوە بێت. هەر بەشوێن هـەنگاو هـەڵگرتنی تارماییەکە، گەشـــتە ئـــەو شـــورابەندەی عەشـــامەتێك تارمـــایی لـــەنێودا گردببوونـــەوە، ئـــەوەی زیـــاتر زارەترەکیکـــرد، هەرتارماییـــەك ڕووخساری بەگیانلەبەرێك دەچوو!. تارماییەکە پێیووتن:

ــ ئاوەڵێکی تازەیە وحورمەتی لێبگرن.

ئافرەتێکی خرپن، کە زەحمـەت بـوو بتدیبایـە، ڕانـە ئەسـتوورەکانی سەرنجی ڕانەکێشایتایە، قریوەیەکی ناسازیکرد:

ــ خوێڕیلەی شەرمن.

ئەگــەر ئێســتا لێتڕوانیبایــە، هێنــدەی بــە حــەزەرەوە لەچــاوی تارماییــەکان وردەبــووەوە، ئەوەنــدە نەیدەڕوانییــە ێخەکراوەکــەی ئافرەتــە خرپنەکــە. ئەگــەر، زاتبکــەیت ولێبپرســیت: ئــاخۆ هــەموو جارێــك ئــەو ئافرەتــە بەســنگێکی نیمچــەڕووتەوە ئــا لــەو شــوێنەدا بەوکەسانەی دوایی تۆشی دەووت: خوێڕیلەی شەرمن؟.

ڕەنگــە ئێــوەش بڵــێن.. ئەگــەر یەکــەمین شــەوی دوای ئەوئێوارەیــە، چــەردە پارەیــەکی هێنــدە گــەورەی لــە گیرفــانی خــۆیدا نەبینیایــە، هەرگیز شەوەکانی دوای ئەوشــەوە، لەگەڵ مەعشــەری تارماییــەکان جەم نەبووایە.

ئــەم گریمانەیــەش بەشــێکە لەوگریمانانــەی کەلەخوێندنــەوەی ئــەم چــیرۆکەدا دروســت دەبێــت. دەکرێــت بڵــێین: گریمانەیەکــە وەك گریماناکانی باوکی. باوکی دەناسن؟ باوکی بەکورتترین پێناسە.. دەتــوانین بڵێــیین: بــاوکێکی تــووڕە ـــــ بــەر لــەتارمایی بــوونی کوڕەکــەی، کوڕێــك نــەبوو لــەدنیادا هێنــدە لــەباوکی بترســێت، ساتەوەختێکیش هاتە ئارا، هیچ باوکێك لەدنیادا بەقەدەر باوکی لە کوڕەکــەی خــۆی نەدەترســا ـــــ لێ.. چــوون ئەوســاتەوەختانەی، جامەدانییەکی ڕیشوەداری نەدەبەست، مشکییەکەی سەریت گەر بتدیبایە، دەتووت: هەرگیز نەشۆردراوە، چڵکن وەك ئەوەی دڵۆپە ئاوێکی بەمەبەستی پاکردنەوە بەرنەکەوتبێت.

جارجارە کەدەیەوێت بیر لەباوکی بکاتەوە.. وازەندەکات... باوکی چەندیٚ بەو ئێوارەیە غەمگینە، هێشتا بەجوانترین ئێوارەی لەقەڵەم دەدات. باوکی کۆچیکرد و تووڕەبوونی وەك میراتی بۆ بەجێهێشت. باوکی لە ئێوارەیەکدا مرد، تارماییەکان بۆنی مەستبوونیان، بۆنساری تەرمەکەی ڕاودەنا!! ئەگەر تەماشاتبکردایە، یان بتوانییایە لێبپرسیت، دەتزانی بەبارتەقای خۆشەویستی بۆ باوکی، ئەوەندەش ڕقی بۆی هەبوو ـــ لەم ئاخرو ئۆخرەدا بە باوکی دەووت((هەڵۆی باڵشکاو)) ـــ. زیاتر لەجارێك ویستی تەرم وئەوخەڵکە بەجێبهێڵێت، کەمقۆمقۆی ئەوەیان بوو ئاخۆ بەفریای بەخاکسپاردنی دەکەون؟.

دایکی بەبێدەنگی مرد، چوون پاسارییەك بەسوڕاخی دەنکە زەوادێك باڵەکانی لێك دەنێت وجارێکیدی ناگەڕێتەوە بۆهێلانەکەی.

چەند ئێوارەیەکە.. بەتەنیا، تەنیا وەك مردنی دایکی، وەك خەیاڵە ونبووەکانی بەر لەو ئێوارەیە.. وەك ئەو وێنە ئاوییەی کە تەمەنێکی تیا حەشاردراوەو لە ژووری میوانەکەی بە تاکو تەنیا هەڵواسراوە.. دەچێتەوە بۆ ئەوشوێنە. ئەوجێگەیەی هەموو ئێوارەیەك لێی ڕادەوەستا ودەیڕوانییە پۆرترێتە جولاوەکان، ئەو ڕووخسارانەی بەبەردەمیدا تێدەپەڕین. دەیخواست هەموو ڕووخسارەکان لەیەك ڕووخساردا کۆبکاتەوە و هەرکەسێکیش لێیڕوانی وا زەنبکات پۆرترێتی ئەمی کێشاوە!. نا.. نایەوێت

لەهیچ کەس بڕوانێت. دەبێت نازونوزی پشیلەیەکی بەعیشوەش لەخەیاڵەکانی، غەفڵەتی نەکەن.
ئەگەر ئالەم ئێوارانەدا تەماشای بکەیت.. سیمایەکی غەمگین وماتی هەیە.. پێناچێت پەی بەوە بەریت، مرۆڤێکە ولەسەرەتایی هەڵهاتنی مانگەوە تاپڕبوونی، دەبێتە تارمایی و پانزە ڕۆژی لەوە بەدواش ڕۆژێك هەڵنایەت ئەولەجێگەیەکدا ببینرێت! ئەو مرۆڤە ئەو مرۆڤەیە کەدەتوانێت گۆرانی بەبەرد بڵێت.. مرۆڤێکە گەلێکجار لەباتی عیشقی جارانی بۆ فڵچە وکەموڵە وڕەنگەکان، دووپشکی لەسەرمەمکی ئەوکیژانە بەڕەڵادەکرد، کەبۆنی پۆشاکە میزاوییەکانیان شەرمنی بێدەنگبوونی دەخنکاندن. ئەگەر تۆش وەك من بیناسیت، دەڵێیت: کەسێکە لە زمانی هەموومەخلوقەکان دەزانێت، تەنیا بەنیئادەم نەبێت!.
تارماییەکەی ئاوەڵی، جارەهایجار پێیووتوە:
ـــ ئەوەندەش سەرسەخت نا!! ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە.
تەنانەت جارێك پێیوتبوو:
ـــ بەمشێوە ڕێکردنەت، جێگە بەئێمە لێژدەکەیت.
ئەڵێن: چەند جارێك ئەو تارماییە.. پیلانی سەیرسەیری بۆداڕشتووە، تا بەفەتارەتبچێت. گەلێکجار بۆشوێنی ئەوەندە عاسی دەنارد، کەئەوانەی بچوبانایەتە ئەویێ، بەئاستەم و زەحمەت دەگەڕانەوە. جارێکیش شۆفێریکی دەموچاو هەڵپێچراو وچەند سەرنشینێك بە ئوتومبیلەکەیەوە شکاندبویەوە سەری،

بەرەبەیانێکیش کەسێك کە پلوپەنجەی نیشانشکاندنی لاربوو، چەند فیشەکێکی ئاوقاکردبوو.
ئەو ئێوارەیە دوایین ئێوارەبوو، کەنمەی بارانەکان جەستەی تەڕبکەن. راستر هەستبکات نمەی باران جەستەی تەڕدەکات، ئەم.. ئەگەر کەسێکی گێلۆکە ئامادەنەبێت بۆ وەلاّمدانەوەی پرسیارەکانی وگێلۆکانەتر حیکایەتەکانی ژیانی خۆیانی بۆ نەگێڕنەوە، هێواش هێواش مژ لەجگەرەکەی لالێوی دەدا و لەبەر دارئەستونی ئەلەکتریکەکان رادەوەستێت ولەجەستەی خۆیی ورددەبێتەوە..(حەز دەکات گیرفانەکانی پڕبێت لەنوقلّ وتەویڵیشی نیشانەی ماندووبوونی تیاتۆماربکرێت) هەڵوێستەیەك دەکات، ئاوڕدەداتەوە، تەماشایی ئەملاولای خۆیی دەکات. دیسانەوە گەشتۆتە شوێنێك، کەبۆنی مردنی لێدێت، جارێکی دیکەش هەستدەکات وەختە سەرمایی بێت. ئەگەر ڕابوەستێت، لەوانەیە باران بباریێت. دەشێت، پیاوێکی پیر سەرما هروژمی بۆبباتوخۆی بۆڕانەگیریّ وهەر ڕێك بەرانبەری هەڵمیزێت. لەوانەیە ئەوکوڕیژگەیەی هاوسێشییان نامەیەکی خوساوەی بۆبهێنێت و ئەمیش چەندجارێك ئەونامەیە ماچ بکات. لێودەخاتە سەر وێنەی ئەودڵەی تیرێکی لەسەرلا تیاچەقییوە. دەڕوانێتە خۆی!. واهەستدەکات.. دڕندەیەکە وتەواوی ڕووخساری گیانلەبەرەکان لەڕووخساریا کۆبۆتەوە، ئەگەر کوڕیژگەیەك..کیژۆڵەیەك.. ئا ئێستا تەماشایی بکات.. دەزریکێنێت!. نا... ئەگەر نمەی

بارانەکان، جارانئاسا نەهامەتی و غەمگینی ڕووخساری بشۆنەوە.. چوون وێنەکێشێکی غەڕا، هەنگاوە قەڵەوەکانی بەقورسی دادەنێت و... . ماتدەبێت، ماتتر.. هێواش هێواش بەشوێن هەنگاوەکانی خۆیدا دەگەڕێتەوە، دڵنیایە، لەوەرزی بارانباریندا، نمەی بارانەکان تەڕی ناکەن!.

ئێستاش وەك هەموو پانزە ڕۆژی ئەوەڵی مانگ، کەبوو بە بولێڵی ئێوارە، دەکەوێتە سۆراخ... شەقامەبازنەییەکان، بەردەرگای باڕەکان، قەراغی گۆڕستان وبەردەمی هۆتێلە بێ ئەستێرەکان، کۆڵانی پشتەوەی سوورخانە وقومارخانەکان.. تەی دەکات. چاوەڕێی سڵاوسەندنەوەیان ناکات. ناشیەوێت چیرۆکە بێتامەکانیان بژنەڤێت، هێندە نەبێت.. ورد ورد بەشوێن هەنگاوەکانی خۆیدا پەلکێشییان بکات.

# سەربازی شەترەنج

بەر لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە، دەمەوێت پێتبڵێم: لەم چیرۆکەدا هیچ ڕووداوێك، ڕوو نادات. ئەوەی ڕوویداوە، یان ئەگەر گریمانەی ڕوودانی پێببەخشین، ڕووداوێکن لەو ڕووداوگەلانەی گرێیەگ لە سەبك و گێڕانەوەکان دروستناکەن .

بەمانایەکی دیکە، پاڵەوانی چیرۆکەکەم، هەوڵی ئەوە دەدات، کە ڕووداو لەم چیرۆکەدا بوونی نەبێت.

ئەوەی من دەیگێڕمەوە خستنە ڕووی ڕەهەندەکانی پاڵەوانەکەیە.

بۆ ئەوەی دەستبەرداری خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە نەبیت یان وەك ئەوەی پەیوەندییەك لەگەڵ ئەو کەسایەتییەدا بگریت، ناچارم هەڵوێستە لەسەر ئەو خاڵە بکەم، کە ئەو کەسایەتییەم تیا ناسی.

ئەو کەسەش (ڕاستر وایە بڵێم ئەو سەربازی شەترەنج)ە، ماوەیەکی درێژ بەرلەئێستا، هاوڕێم بوو.

بۆ ئاوا وشەکانم درێژدەکەمەوە؟. (ئەز، ڕقم لەوکەسانەیە بەپەلە مەبەستەکانیان نالێن و ڕوونکردنەوەکانیان بەئەنقەست ئاڵۆز دەکەن).

کێشەیی من و نووسینەوەی ئەم چیرۆکە، ئەوەندەیە. ئاخۆ دەکرێت بڵێم.. کەسێك دەناسم (وەك ئەوەی بۆ پاڵەوانی چیرۆکێك خوڵقابێت) ڕاست و ڕەوان ڕووداوەکانی وەربگێڕین بۆسەر زمانی وشە؟.

گومانم نییە (چش.. لەوەی ستایل و تەکنیکێکی بەسەرچووی چیرۆکنووسینە) هەر کاتێك ئەو هاوڕێیەم ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە، بە جلە سەربازییەکانیەوە بێتە کنم و بەڕاستی ئامبازی یەکببینەوە.

بەمانا، گەڕابێتەوەو بووبێتەوە بە سەربازێکی دەمارگیر و ئەوەی پەیوەندی بە جغزی سەربازییەوە نەبێت، خۆشی نەوێت و ڕقی لێیبێتەوە!.

سێ ساڵ لەوەبەر، ڕووداوێکی وامبەسەرهات، دواجار شتەکە بەسەرئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو کەوتەوە (ڕەنگە ئەو چیرۆکەش بۆ جارێکیدی بنووسمەوە). بینینەوەی پاڵەوانی چیرۆکێکی نێو دەستنووسەکانم بوو.

بەو چیرۆکە، یەکەمینجارم بوو بەشداری فێستێڤاڵێکی ئەدەبی بکەم. وەك دواتر پێمزانی، بەوتەی یەکێك لە دادوەران: بەیەك لەسەدی خاڵێك، بەختی خەلات وەرگرتنی سڕایەوە. هەڵبەت ئەمە خۆشحاڵی نەکردم. پاش ئەو سەرئەنجامە، دەبوو پاڵەوانەکەم ببینیایەتەوە.

بینینی کەسێك، کەپێشتر وادەیەکی دیاریکراو لەنێوانتاندا نەبێت و شوێنێکی دیاریکراویش نەبێت، بۆ بینینەوەی، ئەوەندەیتر نیگەرانی دەخولقێنێت. بڕواشم نەدەکرد کە لەوجێگەیەدا ببیینمەوە. پێموابوو لەگەڵ بلاوبوونەوەی ئەوچیرۆکە، ئیدی بۆ هەتاهەتایی ئەو پاڵەوانە دەمرێت. کەچی وانەکەوتەوە، هەر لەو شوێنەبوو کەوەختی خۆیی پێیئاشنابووم.

که بینیمەوە، بەهەمان خەسڵەتی پێشوویی ــ ئەو وێناکردنە لەزۆر چیرۆکدا بوونی هەیە ــ بزەیەك بەسەرلێوەکانییەوە بوو. بەبەراورد لەگەڵ یەکەمین ناسینی، هیچ جیاوازییەکی نەبوو. نە بۆ شاردنەوەی تاڵە سپییەکانی قژی، بە بۆیاخ پەنای گرتبوو. نە پەستی و بێهودەیی وبێزاریم لە ڕووخسارییدا بینییەوە. هێندە نەبێت، وەك کەسێك دەردەکەوت، کە کارێکی بەپەلەی هەبێت و تۆش بەزۆر ڕایبگریت بۆ گفتوگۆ، بەپەلە وەڵامی دەدایەوە.

دواجار، بەرئەنجامی سەرنەکەوتنی چیرۆکەکەم لە ئەستۆیی ئەو نا. ئەو نەلۆمەی کورتی لە توانای نوسین و نە ئاڵۆزاوی لە سەبك و تەکنیکدا لێکردم. بەڵکو.. پێیووتم: ئەگەر خۆشم بمنوسیبایەتەوە لەوە چاترم نەدەنووسییەوە. زۆر بەکورتی، ئەوانەی ئەو دەیووت.. پێچەوانەی گریمانەکانی خۆم بوو. بەمانا، پاڵەوانی چیرۆکەکەم بەرئەنجامەکانی بەشێوەیەکیتر بۆلێکدامەوە، هەر خۆشی گفتی ئەوەی پێدام و ڕێنوومایکردم، چۆن جارێکیدی، لەکاراکتەرێکیکەدا بیخەمە ڕوو.

بەڵام بۆ ئەوەم گێڕایەوە؟. ئاخۆ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ئەوەی دەیگێڕمەوە و ئەوەی دەمەوێت بیگێڕمەوە؟.

## ڕونکردنەوەیەکی پێویست

(( گێڕانەوەکانی من و سەربازەکە، لە ڕەوتی گێڕانەوەکەدا لە نێوان ڕاناوی کەسی یەکەم و سێیەم، تێکەڵییەك دەخوڵقێنێت، بەو مانایەی.. سەربازەکە دەبێتە من و منیش سەربازەکەم)).

ئەوەش ئاساییە، نووشوستی وکەوتن، شیمایەکە دەشێت لە ژیانی هەموو کەسێکدا ڕووبدات، خەسڵەتیشمان وایە، لە ئاشکرابونی هەموو شکستێکدا، بەهەمیشە بەچواردەوری ئەو پنتەدا خولدەخۆیین کە ئۆباڵی نوشوستییەکەمانی لەسەر ڕۆدەنێین.

ئەوەی لەئەستۆی گێڕانەوەکانی منە، ناساندن وپۆلینکردنی قۆناغەکانی ژیانی هاوڕێکەمە یان بابڵێم سەربازی شەترەنجەکەیە.

بۆ کار ئاسانی.. ژیانی ئەو سەربازە، بەسەر سێ جومگەی سەرەکیدا، دابەش دەکەم.

١. قۆناغی بەر لەسەربازی.

٢. قۆناغی سەربازی.

٣. قۆناغی دوای سەربازی.
بەواتە (٣) جوڵەی سەرەکی لە ژیانی پاڵەوانی چیرۆکەکەم یان هاوڕێکەم، یاخود سەربازی شەترەنجەکە هەیە.
جوڵەیەك، کە پەیوەندییەکی دانەبڕاو وبزێوی هەیە، بۆتە کۆڵکەی هاوبەشی جوڵەی یەکەم و سێیەم. بۆ ڕونکردنەوەی ئەو جومگانە، پەنا دەبەینە بەر جوڵەی ئەسپ، نەك جوڵەی خودی سەربازەکە.
ئەو جوڵەیەش، ترسناکترین جوڵەیە. یان ئەوەتا لە خاڵی سەنترالْ دەردەچێت و بە فەوتبون کۆتایی پێدێت، یان بە پێچەوانەوە، دەبێتە کۆڵەکە و بنەمای سەرکەوتنەکان.
ئەوانەی سەروکاریان بە وشە و ڕەنگەوەیە، چەندێ لێی دووربکەونەوە،( ماوەی دوور کەوتنەکە گرنگ نییە) دواجار بەلەز دەگەڕێنەوە بۆ یەکەمین چرکەساتی هۆگربوونییان.
کەواتە با ئێمە بۆ ڕونکردنەوەی ڕەهەندەکانی سەربازەکە، هەر بەجوڵە سوننەتییەکەی خۆی هەنگاو هەڵگرین.
واتە پاش جوڵەی یەکەم گەیشتۆتە ئەوخانەیەی کە ناسنامەی (ئەندامێکی کارا) لە (لیژنەی چاودێری ڕەنگەکان) هەڵدەگرێت.
بە زمانی خۆی ڕەهەندەکان ئاشکرا دەکەین:
بەر لەهەڵپساردنم، یەکێکبووم لە ئەندامە چالاکەکان، بەگفتی هاوڕێیانیشم، لەداهاتوویەکی نزیکدا، بەلێوەشاوەترین و

شایستەترین کەس بۆ پۆستی بەڕێوەبردنی لق، دەستنیشان کرا بووم.
لقەکەمان بەشێکی چالاکی سەنتەری ناسینەوەی ڕەنگەکانە. زیادەڕۆیم نەکردووە، ئەگەر بڵێم، تاکە چالاکوانی لقەکە من بوو‌بێتم، دەشێت سەرلەبەری ناکۆکی من و بەڕێوەبەر وجێگرەکەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە من زیاتر لەپێویست ئەوکارانەشم ڕاپەڕاندبێت کە لەئەستۆیی من نەبووە، گەلێکجاریش مکووڕبوونم لەسەر ئاراستەی بەرئەنجامەکان، پاشتریش بە ڕاست کەوتنەوەیان، سەرنج و ئیرەیی بەدوای خۆیدا دەخولقاند. ڕاستەوخۆ، گەلێك پێشنیازییان خستە بەردەمم، کە هێندە چالاك نەبم.
بە دیاری گرانبەها بەسەریانکردمەوە، من.. بایەخم پێنەدا. ڕازی نەبوونی بێ سۆنگە و بیانووگرتن لەسەر شتی زۆر سادە، کاری ئاسایی ڕۆژانەییان بوو، من بەهەندم وەرنەگرت. تەنانەت، هاوژوورەکانیشم، بەبێهۆ، نەیاندەدواندم و ئامادەنەبوون وەڵامی سڵاوکردنم بسێننەوە.
دەمتوانی ئاسایی بێت لام و هەرواشبوو. گەلێکجار لەبەر زۆری کارو بارەکان بۆ ماوەی مانگێك لە سەنتەر دەمایەنەوە و چوونە دەرەوەمان نەبوو. ئەوەش سەختترین تەنیایی بوو. زۆر جیاواز لەو سەردەمەی چێژم لە تەنیای دەبینی. تەنیابوون، بەر لەو سەردەمە

عـارفبوونی پێدەبەخشـیم . تـەنیایی.. سـرووتێکە بـۆ فـەنابوون.
جوانترین ڕۆژانی تەمەنم بوو.

ئەو کاتە هەر خۆم بووم و بەس، ئەگەر بتوانم وێنا و پەسنی ئەو سـەروەختەم بکـەم، دەڵـێم.. عـارفێکی فـەنابوو، لـەناو ڕوحـی ڕەنگەکاندا.

ئەوکاتە خۆم بووم و بەس. خۆم وەك ئەوەی بیرم دەکردەوە و وەك ئەوەی دەمویست. ئەو ڕۆژگارە بەتەنێ لە تەمەنی من ڕۆیشت، نەك خەڵکانی دی. ئەو سەروەختە، من هەبووم. نەدەمزانی پۆستاڵیش دەتوانێـت پەنجـەکان پـیر بکـات، نەمـدەزانی پۆشـاکی سـەربازی، پۆشاکی ئەو بوونەوەرانەیە کە لەهیچ جێگەیەك نیشتەجێ نابن و ڕقیان لە ئاسمان و لە زەوییە.

خۆم نە لەئێستام دەچوو، نە لەوساتەی.. گاڵتەم بە ئەحمەقی ئەو مۆدێلانە دەکرد، بە هەموو بڕوایانەوە، وایاندەزانی کوڵاج بوونیان بە ڕووگای کانفازەکانەوە، نەمربوونیان پێدەبەخشێت.

بەرلەوەی ناحەزبوونم بگاتە ئەو ئاستەی ، پیلانییان سەرکەوێت و لەکارەکـەم دووربخرێمـەوە وکردەیـەکی نـەکردەی ناحـەزم لەقەبـەڵ بخـەن، جێگری بەڕێوبەر( وەك ڕەوتـارە هەمیشـەییەکەی پیاوێکـە، دەتوانێت پێکەنیین لە ڕووخساری کەلا نەخات، هەتا زۆر بەوردی بـیر لـەو وشـانە نەکاتـەوە کـەدەیڵێت، دەرینابڕێـت. کـە کەوتـە دەربڕینیشـی، درێـژترین ڕسـتە بـەبینێك دەڵێـت. دواڕسـتەیم کەهەرگیز لەیاد ناچێت) زۆر بەشێنەیی پێووتم:

ـ هیچ کەسێك نییە، نەیەوێت بەبەرکەماڵی و بێدەردیسەری بژی، لەبیرتنەچێت بەتەنێ سەلیقە و لێزانین یاوەرت نەبووە هێندەیی ئەوەی لێرەبوویت، بەخت فەرامۆشی نەکردیت، بەبەڵگەیەکی زۆر بچوك.. کە دەتوانی گوێ لە ڕێنوماییەکانم بگریت، هەڵبەت کەهەست نەکەیت بێئەمەکین، بڕیارمان داوە موچەیەکی باشت بۆ دیاریبکەین، ئا.. شتێکت لەبیرنەچێت هەمیشە واهەستبکە هەرگیز ڕۆژێك لەڕۆژان لێرە کارێکت نەکردووە!.

یەکێك لەوخاڵە بەهێزانەی کە منی پێدەناسرامەوە، دۆزینەوەی ڕاستییەکانە. پێچەوانەکەشی ڕاستە.

ئەوەی سەراسیمەی دەکردم، خۆوێناکردن بوو لە بەرگێکی جیاوازدا. لەمەیاندا.. ساویلکەترین ئەکتەری ئەم دنیایە بووم. سۆنگەیەك بوو، کەمترین تێکەڵاوی و وشکترین پەیوەندیگرتنی کۆمەڵایەتییم هەبوو، هەرگیز، بەخەمی پەشیمانبوونەوەم نەبووم. (لەئەوەڵین موچەمەوە، ، بڕوام بەوە هێنا: من، سەربازێکی ڕاستەقینەم، سەربازی ڕاستەقینەش لە کورترین پێناسەدا ئەوەیە بە چاوی سەربازییەوە شتەکان ببینێت، ئەوەی لەدەرەوەی سەربازبوون بێت، هۆگریی بۆی نەبێت) ئەم ڕەوتارەم، خاڵی بەهێزی مانەوەی پێبەخشیم. چیتر، پرسیار و گومانەکان لە پرۆفایلی مندا بوونی نەبوو. (جێگری بەڕێوەبەر، لە ساویلکەییەوە ئەوەی بۆ ئاشکرا کردم).

دۆسـیەیی گـەلێك لـە ناسـیاو وخـزمم هاتـە بـەردەمم، هـەرگیز لـە هەمبـەر هێڵـە ڕەشـەكانی ڕەوتاریـان، بـەزەییم نـەبوو. سـزا بـەر لەئەنجامـدانی تاوانـەكان پێویسـتە نـەك لـە دوای بـەجێهێنانییان.
كێیە ناهێڵێت مرۆڤ فێربێت؟.
ڕاستەوخۆ سـەركۆنەدەكرام. هـیچ نیگـەران نـەدەبووم. لێپرسـراوی بەشەكەم، زیاتر لەجارێك پێیوتم:
ـــ بـە پێـودانگی هـەموو زانسـتێك .. ئـەوەی لەسـنوور دەرچـوو، پێیدەوترێت لادەر.
ئەو سەروەختە، بەكەسێك دەچووم، دوو كەللە سـەری هـەبێت. وەك ئەوەی (مایكل ئـەنجیلیۆ) پەسنیكردووە.. گیانـدارێكی دوو پشـت بووم. جیاوازیشـمان: كـەس ئامـادەیی نـەبوو لـە ژیانمـا، بەتـەنێ.. خۆم لەگەڵ خۆم.

ئێستێك

( ئــەوەی هــاوڕێ ســەربازەكەم دەیگێڕێتــەوە، لــەوە ئاســانتر ناگێڕدرێتـەوە. بەڵگەیـەك بـەوە.. كەسـێك لـەنێو نـزا و وێردەكـانی لەهۆش خۆی بچێت و هەر ئەو كەسـەش، كوشتن و لـەناو بردن بە خەڵات و بەخشینێكی مرۆڤ دۆستانە بچوێنێت!).

ئێستاشــی لەگــەڵبێت دەیڵێمــەوە.. بــۆ كەســانی ئاســایی هێنــدە دەزانـن: ئـەو گوڵـە ڕەنگـی سـوورە؟. ئـەو لیمۆیـە زەردە، سـنەوبەر

سەوز، ئاسمان شین؟. یان ئەوەندەیان پێویستە لە پرسەدا ڕەنگییان سوور نەبێت و لەدوای کۆچکردنی یەکجارەکی ئازیزانییان ڕەشپۆشبن و لەئاهەنگی گواستنەوەو پاشتێلانەدا خۆیان ئاڵووالا بکەن؟.

فێربووم، پۆستاڵم خۆشبوویێت، مەگەر نا، ڕەنگی ئاسمان زەردیش بووایە، کەس لەدەستی مردن قوتاری دەبوو؟. ئەو کەسەی دەمرێت، کفنەکەی سپی بێت یان ڕەش چ جیاوازییەکی هەیە؟!. ئەگەر مردن، لەپەنای ملتا ڕاوەستابێت، پەیوەندیگرتن لەگەڵ ڕەنگ و هێڵ وئاراستە ووساودا چ مانایەکی هەیە؟؟.

کە فەرمانگەشم بە جێدەهێلا، ڕاستر کە فەرمانگە دەریدەکردم. بچوبامایەتەوە بۆ ماڵەوە، بەتایبەت.. لە مەرسەمەکەمدا شێتگیر دەبووم. چەندجارێك کارەکانم سوتاندن ، تەنانەت ئەو کارانەشم کە لە پێشانگا هاوبەشەکاندا، خستبوومنە ڕوو. چەند جاریش پالێتم شکاندووە و کڕیومنەتەوە. جارێکیش تیووپەکەم پڕکرد لە میز.

کە پشووی دوو ڕۆژە نەعلەتییەکانیش لە ماڵەوە زنجیربەندی دەکردم، دەهاتمەوە وێزەیان. ئەوەندە بە کزۆڵەییەوە لێیان وردەبوومەوە، هەستم دەکرد، تەواوی شتەکان لە سروشتی خۆیان دەردەچن. ئەوە من بووم بو ڕووکاری تابلۆیەکەوە، سەرتاپام پۆشاکی سەربازی. ئاسمان و زەویم، دووخانەی ڕەش و

ســپی. دەبــوو هــەنگاو بنــێم. وەك پۆســتاڵەكان، بەزەوییــەوە داكوترابێت. دەبوو داوایان لێبكەم..خۆتان تەواوم بكەن.
بانگی فلچەكەم كرد. خۆی نەبانكرد. پێمووت: هێشتاڕەنگی ڕەش دەســتەكانتی بەجێنــەهێڵاوە. ئــاوڕێكی دایــەوە. بەتــەنها خــۆی مۆنكرد. بانگم كردەوە. ڕستێك وتەی بێتامی وت. بانگی تیوپەكەم كـرد. بـانگی پالێتەكـە. بـانگی كانفـازی بـەتاڵ.. ڕەنـگ و قەڵـەم و یەكەبەیەكـەی شـتەكانم. وەك فێركـرابن. وەك پێشـتر، ڕێكـەوتبن، بێتامترین وشەی دنیا بڵێن.
چوارچێوە و كانفـازی بـەتاڵ.. چ بونـەوەرێكن تـف بكـەن؟!. كـەی كۆمەڵێك بوونەوەری بێ ڕوح، ڕایـەی ئـەوەی هەیـە، گاڵتـە بە نـاخ و شكۆمەندییم بكەن؟!.
دەمووت: بە من چی؟. لە دوای خۆم... ئەو پەڕی بێمانایە.
ئــەوە ســەرەتای دەســتبەرداربوونی چــوونە ژووری مەرســەمەكەم بــووم. گومــانم لــەخۆم هــەبوو. دەبــوو بمدۆزیبایەتــەوە. دەبــوو ئەوپــەڕی مخـابوونی بـۆ بێنمـەوە و تـەواوی ئـەم مـاوە بـێ بـاس و خواسەمانی بۆبگێڕمەوە.
تا.. ئێستا.. باسی (ئەو)م، بۆ نەكردوون: هاوڕێیەكم هەیە.. زیاتر لە ١٠ ساڵە هاوڕێمە. بەشێكە لەخۆم.
بەهەموو شتەكانم دەزانێت، تا ئەو ساتەوەختەی دامەزرام.

ئەو شەش مانگەی لە خولی ڕاهێنان بووم. بەتەواوی لە هەواڵی بێخەبەر بووم. کە پشووم وەرگرت و بینیمەوە، هیچ پەرۆشییەکم بۆی نەبوو.

وەك ئەو کەسەی لەبەردەمی نانەواخانەیەکدا یەکتری دەناسن و پاش وەرگرتنی نانەکەیان هەریەکەیان بەلایەکدا دەڕوات، هیچ جۆرە پەرۆشییەکیان بۆ یەکدی نییە. هەموو هاوڕێیەتی و هاتوچۆیەکمان، لەو شەش مانگە ونبوو.

ئەوەی ئەو دەیخواست بیزانێت، من بە پێچەوانەوە. پرسیارم بۆی نەبوو، وەك وەڵامیشم بۆ پرسیارەکانی نەبوو. چەند جارێك دیدەنی کردمەوە و چەندان جاریش خولقی نانخواردن و پیاسەی کردم. بەبیانووی نەبوونی دەرفەت، فیزماڵکم پێدەدا و لە کن من، هاوڕێیەتی مانایەکی نەبوو. بڕوام بە بەرژەوەندی هەبوو. وەختایەك.. ڕەخنەگرترین و هەڵسەنگێنەری کارەکانم بوو. ئەمەش هەلێکی باشە بۆ ئەوانەی بەر لەخستنە ڕووی کارەکانییان هەڵەکانییان چا بکرێتەوە، تا ئەوەی بە مردووی چاوان هەڵهێنێت. لەیادمە، لە ئاستی کارە کرچ و کاڵەکاندا بەبزەوە بروسکەکەیی (سلڤادوردالی) دەوتەوە کە بۆ (پیکاسۆ)ی نووسیبوو:

جوانیت کوشت.. سوپاس؟.

ئەوم نەبینییەوە. تا ئەو ساتەوەختەی هەڵپسێردرام. ئیدی هەردوو کەللەسەرەکەم لێسەنرایەوە و بە بێسەر هاتوچۆم دەکرد.

ئەو لە گوێبیستی دابڕانەکەم، پێیوابوو.. بێڕوحمانە، بەنجکراووم.

هێشـتا درۆم لەگـەڵ دەکـرد. ئـەی (شـۆ) نـەیووتووە، (ڕۆسـۆ)ش هێشتا بەتـەواوی دانینـەناوە بەشتەکاندا. مـرۆ بەتـەنێ گەنجینـەی نهێنییەکانی لەناو گۆڕدا دەکاتەوە؟!.

مـن نەمدەویسـت چـۆنێتی هێـڵ وشـێوازی نـاو ئەوتابلۆیانـەی بـۆ باسبکەم کەبینیومن.

ئەو میتالانەی لە کێشانی تابلۆیەکدا بەکاردەبرا، زۆر لەسـەرووی بیرکردنەوەی خەیاڵی هونەرمەندێکی ئاسایی بوو.

لێت دەپرسم: کاتێك کە مریشـکێك سـەردەبڕڕێت کـەس هەسـت بە ئازارەکـەی دەکـات؟ وەختـە بڵـێم مریشـەکەکانی هـاوڕێی دەتـوانن ئازارەکـانی بـەیان بکـەن؟ دڵنیـام سـەربڕەکەش ئەگـەر چـۆنێتی کارەکەشی بگێڕێتەوە، ئەو توانایـەی نییە کە ئەو ئازارەی لـە ژێـر چەقۆکەی دەستییەوە ئەکەوێتە سەر ملی مریشکەکە، باسبکات.

ئـا.. ئەگـەر ئـەو سـەربڕە خەسـڵەتی هونەرمەنـدێکی ڕاسـتەقینەی ببوایـــە، دەبـــوو نـــەك دەســـتبەرداری کارەکـــەی ببوایـــە بەڵکـــە لەوساتەوەختەوە ببێتە کەسێکی گیایی.

بەرلـــەوەی کەللەســـەری دووەمیـــنم لێبڕوێـــت ، ڕاســـتر هێشـــتا لەتاقیکردنـــەوە بەراییـــەکانی ســـەنتەری ڕەنگـــەکان ســـەرکەوتنم بەدەســـت نـــەهێنابوو، ئـــەوەی لـــە هونـــەر دوور بووایـــە چـــارەییم نەدەویست و بێزاری دەکردم.

بەرلەوەی ناوم لە پەیمانگا بێتەوە، کارم دەکردو ئاراستەی ناو کارەکانم دەدۆزییەوەو لە هارمۆنی و کۆنتراستی کارەکان

تێدەگەشتم. ئاسایی بوو بەلامەوە بە کاتژمێر لە ئاستی تابلۆ و پەیکەرێکدا ڕابوەستم.
دەمتوانی بە روح بیاندوێنم و سۆز ومەفتوونی خۆمیان لەگەڵ باس بکەم.
لە ژوورەکەمدا رامبرانت و کۆگان و مۆنییە و ڤانکوخت دەبینی. لەگەڵ ڕۆداندا دەستم ئەخستە ژێر چەناگەم.
هاوڕێکانم بەلاقرتێوە دەیانووت: ژوورەکەت لە کوڕاسە دەچێت.
ئاگاداری مێژووی ژیانی هونەرمەندە ناودارەکانی دونیابووم. ناوی زۆرینەی  شاکارەکانم دەزانی، هەر قۆناغ و ستایلێك، دەسکە گوڵی خۆمم هەبوو. خواستیشم هەبوو لەنزیکەوە ئەو کارانەم ببینیبا. سەروەختێك لە تاقیکردنەوەکەش سەرکەوتنم بەدەستهێنا، گریمانەیەکی دڵنیاکەرەوەم بەخۆم بەخشی، چ زوو چ درەنگ.. لەلایەن سەنتەرەوە ڕۆژێك لەڕۆژان دەمنێرن و وەك بەجێهێنانی ئەرکێك لە بینینییان بێبەش نابم.
بێئەوەی کەس ڕامبسپێرێ، لەلای خۆمەوە ناوی ئەو مۆزەخانانەشم دەزانی کە تابلۆ ناوەزەکانی لێدانراون، وەك نەریتێك خووم پێوە گرتبوو لە تەواوی هەواڵەکاندا تەنێ بەسۆراخی موزایدەی تابلۆ ناوازەکانەوە بم. کە گەلی یابان، تابلۆی گوڵەبەڕۆژەکەی ڤان کوخیان کڕی، ئەو شەوە تابەیانی گینگڵم

دەدا، وەختایەك هەواڵی فریودانیانم بیست، کە کۆپی تابلۆ ڕاستەقینەییەکەبووە، شاگەشکە بووم.
ئەوەی بەلای بەڕێوەبەری لقەکەمانەوە نامۆ بوو، ئەوەبوو لە ئەناتۆمی و سایکولوژی مرۆڤ .. کەودەن وبێئاوەزم.
پێموابوو هەموو ئەوانەی لەپێش منەوە لەوێ کار دەکەن، بەچوونم هەڵوێستە وەردەگرن و بە چاوێکی تایبەتەوە تەماشام دەکەن، دڵنیابووم، لە بیستنەوەی هەموو ئەو زانیارانەی کە من هەمە، ڕێگایەکی نزیك دەدۆزمەوە کە لەگەڵ سەرۆکدا گفتوگۆ بکەم و پاش ماوەیەك ئەویش وەك ئەندامێکی کارا لە (بەشی ڕاوێژکاری) کورسییەکم بۆ دیاریبکەن.
مەودای دووری بارەگای سەرەکی سەنتەر و هۆبەکانی ئێمە، تەنیا باخچەیەك بوو بەس. ئەوێ نە بۆنی بۆیە و کانفاسی لێدەهات، نە کەموڵەیەکی شکاو لەسەر ڕێگەکەت سڵاوێکی لێدەکردیت.
گەلێکجار ئیرەییم بە باخەوانەکە دەبرد، کە وەڵامی سڵاوی هەمووانی بە گەرمی دەدایەوە.
چەند جوانە، کاری مرۆ، بەخێوکردن و لاوانەوەی گوڵەکان بێت!.
یەکەمینجاری بینینی ژوورەکەی سەرۆك زیاتر لەهەموو کەلوپەلەکانی، گوڵی نێو کاسە ئینجانەکان سەرنجییان ڕاکێشام، گومانم نەبوو کە گوڵی کاغەز و پەڕۆیین بێت، پاشتر پێیان وتم: ئەو گوڵانە شیر دەدرێن.

هەفتەیەك دوایی نەچوونەوەم بۆ لق (بەدروستی ٦ ڕۆژ) بڕیارمدا وەك مرۆڤێکی بێ کەللەسەر ڕەفتار بکەم.( بڵێیت هەروا دەستبەردارم بن و خەمیان لێمنەیەت!!) پۆشاکە سەربازییەکەم لەبەردایە و پۆستاڵەکانیش قاچم دەگرێت. گریمانەی سەربازێکی شەترەنجم بەخۆم بەخشی. سەربازی شەترەنج خەمی نییە کەللە سەری هەبێت یان نەیبێت. پۆستاڵی لە پێدابێت خەمی نییە، پێچەوانەکەشی ڕاستە. بەتەنێ بەهێڵێکی شاوڵی هەنگاو بنێم و مەودایی بینینیشم ڕەنگی ڕەش بێت و بەس. ئەمە تاقیکردنەوەیەکی شێتانەبوو، بۆخۆم دەمزانی ڕەوتارم لەکەسێکی سروشتی ناچێت. هەر مەودایەك لەتوانج و پلارەکان دەمتوانی کەنارگیربم. ئەو ڕەوتارانەی لەخەلکی ناسیاوەوە دەمبینی (ئێستاشی لەگەڵ بێت سلّم لێدەکەنەوە)شاهیدی ئەوەیان بۆ دەدام سەربازی شەترەنجم و هەموو شەڕەکانم ئەنجامداوە.

تاکە شتێك غەمگینیکردم، گۆڕەپانی جەنگەکان بوو. یان ڕەش یان سپی. دەبوو تەواوی ڕەنگەکان لە دوو بەرەدا کۆبکەمەوە. سارد و گەرم.

سارد و گەرم، مرۆڤەکان تێکدەشکێنێ. تێکەڵەیەکی پێبەخشیم، ناوی دەنێم ڕەنگی تووڕەیی.

ڕەنگی تووڕەیی سروشتی بینینی لێسەندمەوە. ڕەنگی تووڕەیی هەموو شتەکانی داگیرکردبووم، لە ڕەنگی ئەو پۆشاکانەی دەمپۆشین و ئەو خواردنانەی دەمخواردن و ئەو کورسییەی

لەسەری دادەنیشتم و ئەو بەتانییەی شەوان خۆمم پێدادەپۆشی و ڕەنگی ئاسمان و شەقام و سەرپۆشەکەیی دایکم و تەزبیحەکەی دەستی و ئەو چەقۆیەی تەماتەکانی پێقاش دەکرد.

سەربازێکی شێتبووم وخانەی ڕەش، شێتتری دەکردم. من سەربازێك بووم دەبوو ڕقم لەڕەنگەکان بێت. لێ.. وەك شوێنەوار ناسێك بەئاڵهاوە لە پارچە دۆزراوەیەکی ناوازە بڕوانێت، ئاوا بە عەزرەتەوە دەمڕوانییە ڕەنگەکان، ئا.. هەروەك نادیدەیەك بەڕێکەوت چاوەکانی پێببەخشنەوە. ئیدیی گەڕانەوە بۆ یەکەمین ساتەوەختی دامەزراندن و تەواوی ئەو کارانەی کردبوومو، تەنانەت ئەو کارە ڕۆتینییانەی لەکاتی خولقاندنیدا مایەی هەڵوێستەو سەرنج نەبوو، هەروەك ئێستام، هەرهەموویانم دەهاتەوە یاد.

من دەبوو لەڕەنگە سەرەکییەکان.. ڕەنگی گریانی بێبنکردنی کیژێکی پاکیزەییم بخولقاندبا. ڕەنگی ئەو ئەشکەنجەیەم بدۆزیبایەوە کە توانای وێناکردنی ژانی پاژنە بڕینەوەو هەڵکێشانی نینۆکی بکردبایە.

یەکێك لەو بڕیارانەی وەك پرۆژەیەك دەبوایە بەکۆیی دەنگ متمانەمان پێببەخشییایە، جیاکردنەوەی کەسانی بەختەوەر وخەمۆك بوو بەسەر ڕەنگەکاندا.

تۆ باش ئەوە دەزانیت شارەکەمان بچوکە، جێبەجێکردنی گرفتی نەدەخولقاند و لە بەجێهێنانی خەڵکەکەشی شکمان نەبوو.

خەڵکی شارەکەم بەهەموو شتێك بەقنیاتن، تا ئەو سنورەی بەرکەوێڵی سزای زیندانیبوون نەکەوێت. خۆشم ئەوسا دەمووت: تەمەنە و تێدەپەڕێت و لەکیس دەچێت، چ گەلحۆییەکە بە ئازار و سزاوە بەڕێیبکەم؟!.

جارێکیدی کە پەیم بەوەبرد، قوڵبوونەوە لە زۆرکاردا سەر ئەنجامەکەی بەخراپە دەشکێتەوە، هەمیشە قسەکەی جێگری بەڕێوبەر، بۆ من، چوون بزەکەی مۆنالیزا ئامادەیی هەبوو.

جیاکردنەوەی ئەو کەسانەی کەمترین خەون دەبینن تا ئەو کەسانەی زیاتر لەخەوێك دەبینن لە شەوێکدا، کارێکی ئەستەم نەبوو، خەڵکەکەش خێرا ڕازی دەبن.

لە هۆبەکەماندا، کۆڵانی شار بەسەر چەندین ڕەنگدا چێ کراوە. هێندەیی ئاگاداربم، بەتەنێ ٣ کۆڵان بەڕەشترین کۆڵانەکانی شار ئەژمار دەکران. ئێمە وەك گەورەکانمان بە منداڵ دەچواند، منداڵەکانیشمان بەگەورە دەچواند. هەمیشە لەسەر ئەو نەخشانەی لە ژورەکانماندا هەڵدەواسرا، ئەو چەند کۆڵانە بەهێڵێکی ڕەش سنوورەکەی دیاریکرابوو، وەك خۆشم ترسێکی سەیرم هەبوو.. کە مردن ئەوکی گرتیت ، هەمووشتەکان وخۆت پێکەوە وندەکات. من ئەگەر پایەی هیتلەرم هەبایە بە تەنگ کێشانی تابلۆکانمەوە دەهاتم.

ژوورەکەم بێبەش بوو لەهەر بابەتێکی هونەری. جارەهایی جار هەوڵم دەدا تابلۆیی گوڵەبەڕۆژەکەی ڤان کوخ یا گالیسکەی مردنی

دالی یاخود کۆیلەکانی ئەلسکەندەر ئیڤانۆڤ  یان خوانی ئێوارەی داڤنشیم لەژوورەکەمدا هەڵواسیبا، جێگری بەڕێوەبەر بەلاقرتێیەوە دەیوت:

ئێرە نەباڕە و نەکافتریا.

دەموت:

دڵنیام کەس ناڕەزامەند نییە، کە ڕووخساریان ڕەنگ بکرێن. بەڵام ئەی ئەو منداڵانەی کە ئێستا لەدایك دەبن؟ ئەی ئەو پیاوەی ئەمڕۆ مرد وئەو کیژەی بەنهێنی باوکییەوە خۆی گەیاندە شاخ و لە ڕیزی یاخییەکاندا دژمان وەستانەوە؟.

دەموت: ئەوانیش دەتوانن ڕووخساریان ڕەنگ بکەن و زەبرێکی کاریگەرمان لێبدەن.

چیرۆکی ئەو پیاوەم بۆ گێڕایەوە کە لەگۆڤارێکی لای خۆمان خوێندبومەوە، کە ناوی شتەکانی گۆڕی، ئەو بەو زمانەی خۆی قسەی لەگەڵ خەڵك دەکرد و ئەوانەی ئەوانیش دەیانووت بە تێگەیشتنەکەی خۆیی وەریدەگرت، ئەمما هەرماوەیەك دەیتوانی بەهەڵە وتنی خەڵکەکە پێبکەنێت، دواجار ئەویش بووە نامۆیەك و نەیتوانی لەگەڵ هیچ کەسێکدا هیچ بڵێت. ئەو وتی:

گومانم نییە، ئەگەر فێری زمانەکەشمان نەبووبێتن، فێر دەبن.

سەرۆك پێیووتم:

هیوام وایە دواین هەنگاوی چوونە دەرەوت لێرە، وەك یەکەمین هەنگاوی هاتنت بێت.

سەرۆك.. زۆر کەم قسە دەکات. دەکرێت بڵێم لەماوەی سێ ساڵدا هەموو ڕۆژێك بینیوومە، ڕێکەوتیم نەکرد بەیانییەك، بەیانی باشی لەگەڵ نەکردووم. بۆنێکی خۆشی لێدەهات، هەرگیز دوو ڕۆژ لەسەر یەك پۆشاکێکی نەدەپۆشی، زۆر بەسەلیقەوە قژەکەی ڕەش دەکردەوە، سمێڵیشی لێوەکانی داپۆشیبوو. ئێستاشی لەگەڵبێت من نازانم کاری سەرۆك چییە؟.

پێمئەستەمە بڵێم دەرکراوم. نا.. هەڵپسێراوێکی ئەو لیژنەیە بووم، چ زوو چ درەنگ دەنێرنەوە بەشوێنما. وەلێ.. ببمەوە بە بەڕێوەبەریش، هەودایەك نییە لەگەڵ هێڵەکاندا ئاشتم بکاتەوە!!.

گێڕانەوەکانی من.. لێرەدا کۆتایی پێدێن، ئەگەر هەموو ئەو شتانەش بڵێم کە هاوڕێکەم دەیگێڕێتەوە، ناچاردەبم سەرلەبەری چیرۆکەکەم بە جۆرێکیتر بگێڕمەوە.

هاوڕێکەم.. خۆیی بەسەربازێك نازانێت، ڕاستر، من ئەو وێناکردنەم پێبەخشیووە. سەربازێك لە نێوان ئاماژەی سەرۆکەکەیەوە جوڵە دەکات. بەو مانایەی تەمای بوونە وەزیری هەیە. وەك خۆی پێمدەڵێت: گرنگ ئەوەیە بەشێکبیت لە یارییەکە، نەك تەماشاکەرێکی بودەڵە.

پێمووت:

سەربازەکان تەنیا بۆ پێشەوە دەڕۆن و ناتوانن ئاوڕ بدەنەوە.

پێیووتم:

سەربازەکان بشکوژرێن، تاجی شەرافەتمەندی مەلیك دەمێنێتەوە.

وتم:

سەربازەکان نابن بەمەلیك.

وتی:

چ خانەی سپی بێت یان ڕەش، گەمەکە کۆتایی پێدێت.

هەستمدەکرد.. ئەوەتا پەستبووە و دەبوو گفتوگۆکەمان بە ئاقارێکی دروستدا بەرم، ئەو ڕۆژانەم بەیاد خستەوە کە ڕێمکەوتە سەنتەری ڕەنگەکان. بەهەڵەدا نەچووبێتم، هێشتا جەنگی ناوخۆ بڵێسەی هەڵنەسابوو. ترسێکی بەپەلە هاتە ناخمەوە.. خێراش ڕووخسارم پاسادانیکرد.. زۆر جیاواز لەوەی لەچیرۆکەکاندا وێنام دەکرد. ئەسڵەن بیرم نەمابوو، کە لەگەڵ وشەدا پەیوەندییەکی ڕوحیمان هەیە.

ئەو بەکەیفسازییەوە باسی گەلەری و پێشانگا داخراوەکانی بۆ دەکردم. ئەو تابلۆ و کارانەی ئەو دەیگێڕایەوە و پەسنی دەکردن، هەرگیز لە کاری ئەو هونەرمەندانەدا نەمبینیبوو.

ئێستاشی لەگەڵبێت، تەواوی گێرانەوەکانی هاورێکەم (ڕاستر، سەربازی شەترەنج)ەکە، کەوتە دوای گەڕانی من بەدوای پاڵەوانی چیرۆکەکەم، کە ئەمجارە بینیمەوە، یان پەنام گرتەوە بە دەستنووسەکان. تەواوی چیرۆکەکە وەك ئەوەی ئەو گێڕایەوە و من نەمتوانی لەم گێڕانەوەیەمدا بازی بەسەردا هەڵنەدەم.( ئەمەش کەلێنێکە، نەمتوانی وەك ئەوەی هەیە، ڕەهەندەکانی پاڵەوانەکەم

بخەمــە ڕوو). بەتــەواوی چــیم لێمبیســتووە ، هەرهــەمووی لــە سەرەتاوە بۆ بگێڕمەوە.

وازەندەکـەم، دوایـین ڕسـتەی گێڕانـەوەکانم، وەك ئـەوەی ئاگـادارم، بەوە کۆتایی پێبێنم:

ـــ جلـە سـەربازەکانی پۆشـیووە و چـاوەڕێیە ئامـاژەی چـوونە پێشەوەی پێبدەن.

(ئـەو) ئەگـەر گاڵتـەی بـەو سـەربازی شـەترەنجە نەیـەت، لەوانەیـە ئەویش ڕاستی بۆچونەکەم بسەلمێنێت و بڵێت:

دروستە.. خەون بە وەزیرییەوە دەبینێت.

# لەوسەری تەمەنەوە.. ئاهێك

نەپێویستیم بەچەترە و نەپاڵتۆیەکی ئاودامانی، لەسەرما بمپارێزێت. باران نەباری.. تا پرشەی لیتەکان دەرلنگی پانتۆڵەکەم قوڕاوی کات و خەمم بێت بەم زستانە، زەحمەترین کار.. شۆردن و وشکردنەوەی پۆشاکەکان بێت.
بەڕاست.. باران نابارێت؟. منداڵانیش وەك جاران بووکە بەبارانێ ناکەن و.. شتەکان هەموویان گۆڕاون؟!. ئەوەنییە، دوێنێم وەك ئەمڕۆ و ئەمڕۆش کتومت سبەیی و.... . لەوانەیە ئەو خەیاڵەم بکەمە ڕاستی و منیش بیرەوەرییەکانی خۆم بنووسمەوە.
یان چاکەتو پانتۆڵە شینەکەم لەبەر دەکەم، یان خۆڵەمێشییەکە و.. دەبێت ساڵانێك چاوەڕێبم تا بارانێکیتر لەئاسمانی مندا ببارێت و... بڕیارمداوە.. هەرگیز چەترهەڵنەدەم و... .
سروشتی بەو بارانە دەچوو، خەمی بەتینوو بوونی دڕکەزییەك نایە.
وەك هەموو خەلقەندەیەك .. بێئەوەی پرسم پێبکەن لە دایکبووم...
باوکم تائەم چەند ساڵەی دوایی لە ژیاندا بوو.٢ برام مابوو. جاران

وەك ئێستا نەبوون، هەموو ڕۆژێك دەمبینین و.. ئەو خوشکەشم هێشتا شووی نەکردبوو... بیرەوەرییەکم نییە بۆ گێڕانەوە...

من چیبکەم کە بۆم نەلوا سەرپەرشتی شەڕێك بکەم، بەهرەم نەبوو کەس گوێی لەبەستەیەکم بێت و توانایی تێکەڵکردنی ڕەنگەکانم نەبوو. نەکەس لە شەڕێکدا لەپەنامدا ڕوحی دەرچوو. نە لەکۆڕێکدا بەرانبەر جەماوەرێك دابنیشم وسەرنجی گوێگرتنیان بۆ قسەکانم ڕابکێشم.

باوکم پاشا نەبوو تا من شازادەبم، دایکم نەدەیزانی نۆتە چییە.. بەخۆم دەڵێم، بیرلەچی دەکەیتەوە.. نە پەپولە دڵتەنگە کەبیرەوەرییەکانیان چاپ ناکرێت، نە کولەیبابێك ژمارەی نێچیرەکانی یاداشتکردووە.

کێ مامانی دارگوێزێکی قەدپاڵێکی ڕوتەنە؟ کە گوڵێك دەقرتێنرێت کێ هەست بەژانەکەی دەکات؟.

ئەگەر بیرەوەری ئەو پیاوەم نەخوێندبایەوە، هەرگیز ئەم خەیاڵانە بەمێشکمدا نەدەهات. کەسێکە لە دایك دەبێت ودەمرێت. ئەوانەی لەو نێوەندەدا ڕوودەدات، چی؟.

(تەها) دەناسن؟. نایناسن. هەزاران(تەها)هەیە وکێ دەزانێت من کامییان دەڵێم. سەدان(تەها)هەیە ئێستا دەژی و هەزاران (تەها)ش ئێستا لەژێر خوڵدا. (تەها) زوربەی ڕۆژەکانی دواینی تەمەنی، سەرلەبەیانییەکەی، بەرەو شار دەکەوتە ڕێ.. عەسرێکی درەنگ

دەهاتــەوە. (تــەها)بارانی نەدەناســی. ئەگــەر فریابکەوتمایــە، بــۆم باسبکردایە، دەیووت: ئەو دڵشاد دەکەیت نەك خۆت.
ئــەو دەیــووت: گــەر گیرفانــت فێــری مووچــە وەرگــرتن بــوو، ئیــدی تائەبەد ژیانت بەمەرامی خشتەی وانەکانی هەفتە دەچێت.
ئەو دەیووت:
خۆشەویستی.. بەس لەفیلم وکتێبەکاندا هەیە.
ئەو بەیانییە دوایىنجاری ڕۆشتنی بوو... چی بەسەر هات؟. وەك ئەوەی بەردێکی پانۆکەی بچکۆلانە هەڵدەیتە ناو گۆمێکی قوڵەوە.. ئــاوا ونبــوو. گــەلێك کەســم ناســیووە و ئێســتا مــردوون و.. وەکــو باوکم.
بــاوکم زۆر شــتی دەگێڕایــەوە، گێڕانــەوەکانی لــە گێڕانــەوەی ئــەو پیاوە نەدەچوو. گێڕانەوەکانی ئەو پیاوەش لە گێڕانەوەکانی باوکم ناچــێت. ئــەو کابرایــە لــە تــەواوی بیرەوەرییەکانیــدا باســی کــاکم ناکات.
دەترسم ئەمساڵیشم بە پار بچێت.. پار هەر لە پێرار دەچوو. بەسر پێــرار هــیچ ڕووینــەدا. بــا.. ئەی(تــەها)؟ ئــەوە نییــە منــیش لــە بــیرم چــووەوە؟. مرۆڤــەکان ئەوەنــدە هــەن، تــا دەژیــن، لــەوە بــەدوا، دوو لاوانــە و کێڵێــك و... . ئــەی ئــەوەی دەریــا قوتیــدا؟. ئەوانــەی ئــاگر، ئاسەواری نەهێشتن؟. جا گۆڕ ببێت یان نا، ئەوسا چی؟.
بــۆ باســی ئەوانــە دەکــەم؟. ئەســڵەن، ڕووخســاری (بــاران) مــردوو بــوونی بــەدرۆ دەخســتەوە. بیناســیمایە و ئــەو قســە قۆڕانــەم بــۆ

بکردایه؟. هەڵبەت لێمدەترسا. مردن چییە کە بیری لێبکەینەوە و..
.
دڵی مردبوو؟ خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی؟ جا کێ ناڵێت، ئەو دنیایەی ئەو بەدوای هەڵوەدایە، ئەسڵەن گۆڕستانی تێدایە؟. ئەی ناکرێت، پەیمانی بەڵێنی مۆر کردبێت و جگە لەو کەسەی ئاشوفتەیەتی بە چاوی چێژەوە لە هیچ کەسێك نەڕوانێت؟.
من ئەوەندە دەزانم، پارساڵ، ئەگەر گەرما و گیزەی مێشوولە جاڕسی نەکردمایە، نەمدەتوانی ئەم وشانە بنووسمەوە. وەك هەموو شەوێکم هەتا چاوم دەچووە خەو دەیانجار تەپاوتلمکرد، شتێك نەبوو سەیریکەم، لە ئاسمان زیاتر نەبێت. هەستمدەکرد.. ئاسمانی ئەم شارەم لە هەموو ئاسمانێك نزمتربێت. پێموابوو هەر کە شەو درەنگ بوو، ئاسمان هێواش هێواش دادەبەزێت.. نا.. زەوییە و بەرەو ئاسمان بەرز دەبووەوە.. سەیرکردنی من بۆ ئاسمان و ئەستێرە.. ئاڵهایەکی سەیرم دەداتێ. زۆر سەیرکردنی ئاسمان لە سەیرکردنی دەریا دەچێت. خۆ من دەریام نەبینییوە. دەمتوانی ئەستێرەکان تەماشاکەم و وەك ڕەوەیەك ماسی کە لەترسی لەنێو چوونیان پێکەوە خۆیان دوور خەنەوە، تێدەپەڕین و مانگ بە نەهەنگێك دەچوو خەمی لە کوشتنی ماسی ئەستێرە نەیەت.

ئەوە قسەیەکی منداڵانەیە، ئەسڵەن وێناکردنێکی گێلانەیە.. بەڵام کێ بڕوا بەو هەموو خەملاٌندنە دێنێت کە هەزاران ساڵ بە خێرای تیشکی خۆر بئاژوی و... .

ئەوەندەش ئالوودەنیم بە ئاسمان و شەو و.. تاکە شتێك بوو پێیدەوتم: لە تەنیایی تەنیاتر.

ئەسڵەن ڕقم لە ئاسمان و لە ئەستێرەی شارەکەمە، هەموو شەوێك ئەو هەموو فیشەکەی پێوە دەنێن قسەیەك ناکات، تەنانەت شتێك نییە کە شاهیدی تووڕەبوونی بۆ بدەن.. بەڵام کاکم هەر ئەو گوللانە کوشتیان و.. لەوانەیە فریای تووڕەبوون نەکەوتبێت. بەڵام خۆ باوکە نەما بچمە پەنایەوە، دایکم خۆی و بەرماڵ و ئەو هەموو نزا و پاڕانەوەکانی. تا هەڵیبسێنم و پێیبڵێم دەترسم. لەگەڵ قرمەژنی تەقەدا، زیاتر لە جارێك گوێم لە دەنگێك بوو... چیـــــــز... .

ئەگەر ئەو گوللەیە لە جەستەی مندا سارد ببوایەتەوە.. هەتا دوو ڕۆژ زیاتریش کەس نەیدەزانی من مردووم. تەنانەت نە جارێکیتر دەمتوانی دالْغە لێبدەم.. نەئەو کتێبە نەعلەتییەم دەخوێندەوە.. نە(باران)م دەناسی.. نە خەمی دیارنەمانی (تەها)ش غەمگینی دەکردم.

بەڵام بۆ بمرم؟. ئەوە مردنێکی ئەو پەڕی بێمانایە. کەسێکی نەناس هەر بۆ بێتاقەتی ڕیزێك فیشەك بتەقێنێت و بەیەکێك لەو

فیشـەکانە تـۆ بمریـت و ئـەوی بکـوژیش ئـەو خەمەشـی تـووش نەبێت، کە بەڕێکەوت کەسێکی کوشتووە.

ئـەو شـەوە بێئاگـا لـە هەواڵـەکان.. تـەنیا وەك ئـەو مانگـە بـە ئاسمانـەوە.. پاڵکـەوتبووم.. هـیچ شـتێك نـەبوو تـەنییایم لەبیربەرێتـەوە، وەك (تـەها) لـەکۆلانی بیرەوەرییـەکانی هاتبێتـە دەرەوە. وابزانم تازەکی سەرۆك هەڵبژێردرابۆوە. من وەکو(تەها)م، هەر کەسێك سەرۆکم بێت لای من سەرۆکە و شتێك لەژیانی من ناگۆڕێت و بیرەوەرییەکم لەلا دروست ناکات.

ئەگەر(باران)خۆشیویستبام، باسی(تەها)م نـەدەکرد؟ تـەها مـرد، کەسێکیش مرد، چ شتێك پاسادانی بوونی دەکات؟! ئا.. بابڵێین، ناوی دوو چەرچی سەردەمی میرنشینی ئەردەڵانم پێبڵێ. ناوی تونچـییەکی سـەردەمی سمکـۆم پێبڵـێ؟. ئـێ.. دەزانم ئـەوە پرسیارێکی تاقیکردنەوەکانت نییە و قوتابییەکانت دەرنەچێنیت و....

ئەگـەر کیسـەڵ بیرەوەرییـەکانی خـۆیی بگێڕابایـەوە باسـی چـی دەکرد؟. ئەی ئەگەر فریشتەیەك بیرەوەرییەکانی چاپ بکردایە؟.

دایکم بێ بیرەوەرییـە.. وەك دارتوویـەك بەتـەنێ ئـەو حەوشـەیە بناسێت کەلێی نێژراوە.

دایکم هەتاکو چاوی لێکدەنێ لەگەڵ هەموو بانگەکانا دەستبەجێ نوێژەکانی دەکات، بەتەنێ سورەتی فاتحە و صمد و هەردوو قول ئەعوزووەکەی لەبەرە.

من لە گێڕانەوەکانی دایکمەوە لە پشیلەی ڕەش دەترسام وکە شریخەی هەورە تریشقە ڕایچڵەکاندمایە، دەمووت بزانە چ هەورێکی شێت لاساری کردووە، ئاوا فریشتەکان تێیبەربوون.

دایکم.. ئاوا بێدەنگ و کەمدوو نەبوو. بەمردنی ئەو برایەم هەموو شتێکی لێسەندینەوە. دایکی (تەها)ش هەروابوو. هەتا مردیش چاوەڕێبوو(تەها)بگەڕێتەوە. ئەوکابرایە نالێت دایکم نەمردووە یان کەوتوتە ژێر خۆڵێکی بێتامەوە. نەشیوتووە کە برایەکی لەشەڕدا کوژراوە. ئەویش (تەها)ی نەدەناسی. کە لاشەی کاکمییان هێنایەوە، وامزانی ئەوە لەبەر خوا ئەو هەموو گڵە دەکەن بەسەریا. ئەگەر ئەو گڵە و ئەو خوایە نەبوونایە ئەویش کە برسی بوو ناچارە بێتەوە.

ئای لەو سەروەختە. وامدەزانی.. کە ئەو گوللە سەگبابانەیان لە لاشەی دەرهێنرا.. دێتەوە. منیش وەکو دایکم دەگریام. ئەو شەوەی لە گۆڕستان شەوی کردەوە، پێیووتم: نەمردووم.

من.. نەموێرا بچم بۆ گۆڕستان و گۆڕەکەی هەڵبدەمەوە بزانم ڕاستدەکات.درەنگتر بۆ دایکم گێڕایەوە. خۆزگە بۆم نەگێڕابایەتەوە. ئیتر لە ژێر لێوەوە نەدەگریا. هاڕمەژنی گریانی، وەك گریانی سەروەختی یەکەمین ڕۆژی پرسەکەی کاکم بوو. بڕیارمدا... هەرگیز ناوی کاکم لەبەرچاوی دایکم نەهێنم.

من.. ئەگەر بەیانی نەچمە پۆل و بەیانی باش لەگەڵ قوتابییەکان نەکەم، ئەو ڕۆژە، من غایبم.

پێمخۆشـنییە کـەس وانـەکانی مـن بڵێتـەوە. بـۆ بیڵێنـەوە؟. ڕقم لـە پلارەکانی بەڕێوبەرە. ڕقم لەو بۆنە قورسـەیە کە لـەخۆی دەدات و ئـــەو بۆینباخـــە پرتەقاڵییـــە زەقـــەی کـــە هـــەموو شـــەممواتێك دەیبەستێت. بەو بۆینباخەوە وەك ئەو سحربازانە دێتە پێشچاوم کە هونـەری چاوبەسـت و خەڵەتاندنـەکانییان بـە هونـەرێکی مـەزن دەچوێنن.

یەکـەم ڕۆژی ناسـینمان، کۆمـەڵێك ڕسـتەی ڕۆتینـی بەهەڵـە خسـتە پاڵیـەکتری و وەك قوتابییـەك کـە تـازە بـە قوتابخانـە ئاشـنابێت، ئامۆژگاری دەکردین.

چەند سەیرم دەکرد.. بە بەڕێوەبەری ئەو بەندیخانانـەم دەزانـی کـە لەفلیمەکانـدا بینیـوومن. کـە دەیانـەوێت هـەموو شـکۆمەندی و گەورەیی ودەسەڵاتێکی بەیەکرا، بخاتە ناخی ئەو بەندییەی تازە هاتۆتە زیندانەکەیەوە.

(تـەها)ش لەوانەیـە دەیانجـار ئـەو وانانـەیان پێوتبێـت. لەوانەیـە دەیانجـاریش ئەشـکەنجەیەکی باشـییان دابێـت، کەقوتابییـەکی نازیرەکـە. (تـەها)دەیووت: هـەموو کەسـێك یـەکجار دەمرێـت.. گرنگیش نییە کەی ڕوودەدات.

جگە لەساڵی یەکەمینی، ئەوا سێ ساڵە، سێ ڕۆژ بەیانیان و سێ ڕۆژ کـە گەرمـەی پشـودانە مـن بـەرەو ئێـرە دێـم. هەسـت بەگـەورە بوونی تەمـەنی قوتابییـەکان ناکـەم. ئێسـتا ناشتوانم پێشـبینی بـۆ

ئایندەی کەسییان بکەم. دایکم دەڵێت: تەنیا ئەوەم پێبڵێ.. بۆ ژن ناهێنیت؟!.

جارجارە، وەك بخوازێت، کەللەییم بکات، دەڵێت: کەی لە ڕێگەی ئیشکردندا ماوم؟!.

ئەو کابرایە پێناچێت هەرگیز پشووی دابێت، تەواوی لاپەڕەکانی جارێکیتریش بخوێنیتەوە، ڕستەیەك نابینیت تیایدا پشووی دابێت. (تەها)دەیووت:

پشووش وادەی خۆی هەیە، پشووش سحرێکی هەیە، هەستی پێنەکەیت، دەتکوژێت.

ئەو پەڕی بێمانایە، هەر کەسێك بەرەو ڕووت هات و تەمای خۆشویستنت لێی هەبێت!. تەنیایی.. بۆشایی ناوگوزارەیەك نیە بە وشەیەك پڕ ببێتەوە!!.

بەڕێوبەر، وەك دایکو باوکی نەبێت.. هەروەك وێنەکەی سەرۆك بێت، بە ژوورەکەی خۆیەوە. ئەوەندەی باسی حیزب و مێژووی حیزب و دەسکەوتەکانی حیزب دەکات، ئەوەندە باسی خەمی ئەو کچە بچکۆلانەیەی ناکات، کە تالاسیماییەتی. (مامۆستا عەلی، بۆیگێڕاینەوە) هێشتا نەمبینیوە و بۆ جارێکیش نەیهێناوەتە قوتابخانەو... .

بڕواناکەم کاکی کوژرابێت. زیاتر لە چەندینجار باسی ئەو ڕۆژانەی بۆ کردووین.. بەرلەوەی ڕاپەڕین ڕووبدات، ئەو لەنێوان ئەوهەموو

ترس و تۆقاندنە، توانیوییتی سەربەرزانە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی خۆی بەجێبهێنێت.

ئێ.. ئەو ڕۆژگارەم لەبیرە و... کاکم نەیتوانی لەدەرگا بدات و دەستی باوکم و دایکم ماچ بکات و... هەرکەسێك پۆستاڵ لەپێبووایەو... (تەها) چارەی نەدەویست. ئێستا بیر دەکەمەوە.. ئەو پێشبینی مەرگی خۆیی کردبوو.

تەنها جارێك زللەیەکم خوارد.. ڕەشتاڵەیەکی چاو زەق بوو.. پێیووتم: شەڕواڵەکەت ڕەشە، بۆ؟ کراسەکەشت ڕەشە، بۆ؟. ئەو ڕیشە پیسە چییە هێشتووتەتەوە؟. وتم: قوتابیم. زللەیەکی لێدام. واتێگەشتم خاکەنازێکی بەڕووخسارما کێشا. دواتر بیرمکەوتەوە.. کاکم تۆڵەی ئەو زللەیەم دەکاتەوە و لەوانەیە زانیبێتی کاکم هەر فرسەتی بۆ هەڵکەوێت دەیانکوژێت.. دەبێت(تەها) چەندێ هاوار و دادوبێدادی لەبەردەم ئەشکەنجەدانەکەیاندا کردبێت وگوێی لێنەگیرابێت؟. ئەوەی باوکم دەیگێڕایەوە، ڕاست بوون. لەتۆڵەی ئەو زللەیەم دیواری ئاودەستی مزگەوتەکان و قوتابخانەم پڕ کردبوو لەجنێودان بەو پۆلیسە.

هەمووی تێپەڕی و بیرەوەرییەکم نەبوو بۆ وتن. کە دەیانووت لەش لەپێناوی ناندا بە کرێ دەدرێت، باوەڕم نەدەکرد.

باران دەڵێت:

ـــ لەپێناوی مووچەدا نەهاتووم، بەخاتری کات بەسەربردن هاتووم.

ئەو پیاوە، ئەگەر ڕێکەوتی ئەو ساڵەی منی بکردیایە کە تیایدا لەدایکبووم، نەکەس دەیناسی، نەدەیتوانی بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە. من دەڵێم ئەگەر ئەو جەنگانەی ئەو کردوونی و لە تەمەنی کەلایخەن، نەکەس دەیخوێنێتەوە، نە ئەویش دەیتوانی بیرەوەرییەکانی بگێڕێتەوە.

نازانم جەنگ جوانی ومەزنییەکەی لەکوێدایە.. بۆ بیرەوەرییەکان پڕن لە گێڕانەوەی جەنگەکان؟.

ڕقم لەجەنگە.. کاکمی لەگەڵ خۆیدا برد. وەك ئەو گێژەڵوکەیەی لەپڕدا هەڵدەکات و چاوی دارگوێژەکان پڕ ئەکات لەخۆڵ و کەس پێینازانێت.

باوکم دەیووت:

هەموومان دەمرین و کەس هیچ لەگەڵ خۆیدا ناباتە گۆڕەوە.

باوکم پاشتر دەیووت:

ئەو ڕۆژەی هەواڵی کوژرانی یەکێك نەبیستم خەم دامدەگرێت.

دایکم دەیووت:

خوایە لێی نەگریت، خوایە بەگوناهی نەنووسیت.

من ژوورەکەم بە جێدەهێڵا بۆ تووڕەیی و خواستەکانی باوکم و تۆبە و پەشیمانی ناو وێردەکانی دایکم.

کاکم بیرەوەرییەکانی نەگێڕایەوەو ژنی نەهێنا و.. بێ ماڵئاوایی بەجێیهێڵاین. وەك ئەو ماسییەی بە قولاپێکەوە دەبێت و بۆ هەتا هەتایە ئاو وهاوڕێکانی بەجێدێڵێت.

ئەگــەر گورگێــك بــیرەوەری بنووســیبایەوە چــی دەوت؟ ئەگــەر سواڵکەرێك یادەوەرییەکانی بگێڕێتەوە چیدەڵێت؟.

ئەمڕۆم لـەدوێنێ دەچێت، دوێنـێم لـەپێرێ ولەسبەینێ. بـەیانیان نـانم بـۆ ناخورێـت و جگەرەیـەك بەسـكی ناشـتا دەخـۆم و ئـازاری دوانزە گرێیەکەم پێمدەڵێت هەڵەیەکیترت کرد و.. هـەر ئـەو وانەیە دەڵێمـەوە پـار ئەمکاتـە وتمـەوە و پێـرار ئەمکاتـە دەموتنـەوە و... دەموچاوی هەموویان بەیەکدەچن و.. هەرهـەمومان، چاوەڕێی ئـەو زەنگە دەکەین کەپێماندەڵێت وانەکەتان تەواو بوو.

باران تەنیایمی تووڕە کردووە و جگـە لـەخۆیی، ناتوانم بیر لـەهیچ بکەمەوە.

مـن دەڵـێم.. ئەگـەر ئـەو پیاوە فەرمانـدەیی ڕۆحكێشـانی نـەکردبا.. ئەوسا چی؟. دەمرد.. وەك باوكم.. وەك تـەها.. وەکو بـەرخێك بـێ ئەوەی کەس بیناسێت و.. نەبیرەوەرییـەکی بۆ قەسابەکەی ئاوەڵی دەگێڕێتەوە.

ئەو نەیوتووە حەزم لەکێ بووە، چەند کـەس لـەژێر پێخەفمدا ڕۆژی کردوۆتەوە. ئەستێرەکان ئەگەر بیرەوەریشیان هەبێت بۆ گێڕانـەوە.. کـەس گـوێی لێنییـە. قالۆنچـەش شـتێکی هەیـە بـۆ وتـن، لـەزمانی تێناگەین.

لەسەرەتایی ساڵەوە، مامۆستایەکی تازە هاتۆتە قوتابخانەکەمان. بـۆنێکی نـەرمی لێـدێت. کـەم قسـەدەکات و زۆرتـر گـوێ دەگرێـت. مـن.. کەناوەکـەیم زانـی.. ئـەو ڕۆژە تەڕانـەم بیرکەوتـەوە کـە بـاوکم

بەتەنیٚ سەربانەکەی دەگێڕا. وەکو شتێکی ترسناك و بزە ئامێز هەمیشە ئەو دەمەو نیوەڕۆیەم لەیاد ناچێتەوە، دەمویست وەکو باوە، سەربانەکە بگێڕم. نەهێڵم تنۆکەی بارانەکان فێڵ لە بانەکەمان بکات و دایکم تووڕە بکات. ئەوەندە خولم پێنەدابوو، باهۆی  باگردێنەکە بەهێزتر بوو لە تاوی من. باگردێنەکە خزاو من بەپەلە گوریسەکەم بەرەڵاکرد. باوکم هاوارێکی توندیکرد، زۆر بەسوێتر لە زللەکانی. من خەمم بوو سەری دایکمم پانکردبێتەوە. باوکم فریا نەکەوت زللەکەم لێبدات.. بەپەلە پەیژەکەدا چووە خواریٚ و.... پلەیەك سەرکەوتەوە:

ـ سەگباب خێوە..

هەر ئەو خانووەی جارانە و ئێستا بیرەوەرییەکی نییە بۆ نوسینەوە. من و ئەو، ژوورەکەی دواوە پڕە لە گریانەکانی دایکم و ئێستاش ڕووکاری دیوارەکانیش لە شوێنەواری کۆکە توندەکەی باوکم. هێشتا شوێنەواری ئەو وشانەی پێوە ماوە، کە براکان دەیانووسی. لە ئەڵمانیاوە هاتەوە و ژوورەکەی پڕکرد لە گریان.

بەتەنیٚ فریای وەڵامی ماچەکانی دایکم دەکەوت.

دایکم پێیووت:

ـ براکەت، سوێندی خواردووە، ژن نەهێنێت بەمماڵەدا، دەترسێت شەڕی لەگەڵبکەم. تۆ بۆ کچێکی لایخۆتانت نەهانیووە؟!.

پێیووتم:

ـ بۆ جلەکانی باوکمت نەدا بەهەژارێك بیپۆشێت.

دوو ڕۆژ بەرلەگەڕانەوەی پێیووتم:

ـ تەنیایی دەتکوژێت.

وتم:

ژیان کوشتومی.

ئەو باسی ژیان قورسی ئەوێی بۆ دەکردم، من بۆ سەخت تێپەڕینی ئێرە.

ئەو دەیوت:

ــ فریای هیچ ناکەویت وکات زۆربەخێرای تێدەپەڕێت.

من پێمووت:

نازانیت چۆن کات لەیەخەت بکەیتەوە.

وتی:

ــ بۆ ژن ناهێنیت؟

وتم:

بۆ ژن ناهێنیت؟.

ئەو مامۆستا تازەیە ناوی بارانە. سەرەتا وامزەند دەکرد، هەریەکە و ڕەوتارێک و... بە من چی؟. هێندە قسە دەکات کە نەتوانی پرسیارێکی لەسەر دروستبکەیت، ئەوەندە وەڵام دەداتەوە، کە پرسیارێکیتری لێنەپرسیت.

ڕۆژێکیان، تەڕ تەڕ بوو. وەك منداڵێك بەدزی دایکییەوە لەبەر باران گەمەکانی بکات. وتم:

ــ باران، باران تەڕ دەکات؟

بزەیەکیکرد. هیچی نەوت، وەك ئەوەی گوێی لەقسەکەم نەبووبێت. وەك ئەوەی من هیچم نەوتبێت. ڕاستیشیکرد. جگە لەقسەیەکی بێمانا هیچیترم نەوت.

من.. ئەگەرکتێبی ئەو پیاوەم بەدەستەوە نەبینیبا، بەدڵنیاییەوە ئەو کتێبەم نەدەخوێندەوە.

نازانم.. پێمخۆشە باران تەڕتەڕم بکات. وەك ئەو داربەڕووە بم.. لەبەردەمی بەهێزترین ڕەهێڵەدا باکی نییە.

کتێبی بیرەوەرییەکانی ئەو پیاوەم تەواو کرد و پڕبوون لە درۆ. ئەو ڕۆژانەی بەیادخستمەوە... باوکم ئێواران شووتییەکی گەورەی لە بندەستدابوو. دایکم.. دەمی دەجولاند و تەسبیحە دەنگ زەیتونییەکەی دەنك دەنك دەجولاند.. چاوی لە سەروەختی کردنەوەی دەرگاکە وشك دەکردو.. کاکم نەیدەزانی مردن چییەو باوکم دەیووت:

ــ وەرە ئەمڕۆ نامەیەکییان هێناوە و بۆمی بخوێنەرەوە.

نامەیەك وەك ئاغزی جگەرە لوول کرابوو، ئەوەندە سەمغی نایلۆنی تێوە پێچرابوو، وەك ترسیان لەفڕینی وشەکانی ناوی بووبێت. وەك پێشکەشکەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆن دەمخوێندەوە.. کە گوێم لە پرمەی گریانی دایکم دەبوو.. نوبرەی خوێندنەوەکانم نزمتر دەبوو.. وەك ئەوەی بمەوێت منیش بگریم.

باران.. واخۆیی ناساند خەمی بە موچە وپلە نایە. تێنەگەیشتم ئەو کتێبەی بۆ چی هێناوەتە قوتابخانە. خەیاڵێکی منداڵانە.. چەندان گریمانەی پێبەخشیم و.. .

خەیاڵێکی منداڵانەبوو.. دەمخواست بیرەوەریەکانی ئەو کابرایە بڕژێنمە ژیانیەوە و بیرەوەرییەکانی خۆی پێبگێڕمەوە. درەنگ زانییم.. بیرەوەرییەکی لەلاجێنەهێشتم.. داکردنێکی هاوینە بچکۆلەیبوو.. زوو دایکرد و خێراش ئاوابوو... .

#ماڵێک لە ژێرزەمین

## سەعد و من

(سەعد) پێمدەڵێت:

چ خەمێکت هەیە، تەنیاترین پیاو؟!.

پێمدەڵێت:

هەردەڵێیت ئەم دنیایە بۆ تۆ خوڵقاوە. ستەمە بەجێیبهێڵیت!.

پێمدەڵێت:

خۆزگەم بەخۆت.

هیچ ناڵێم. سەرنجێکم نییە. ئەوە ڕوانینی ئەوە. ئەسڵەن، حەزم بە چوونە ناو وردەکارییەکانی ژیانی خەڵکەوە نییە، چجا خۆم. شتێك هەیە لە خۆمی ڕوودابێت ونەیزانم؟.

مرۆڤە و لەدایك دەبێت و دەمرێت، ئەوسا چی؟!.

بۆنا؟. من بە باوکم چی و بەپێچەوانەوە!. جارەهایجار لە باوکمم بیستووە.. دەیووت:

زۆر منداڵبووم.. باوکم فەوتی کرد.

ئەی باوکی؟ ئەی باپیرەی؟. چ کارە بوون؟.چەند ساڵ ژیان؟.

ئەوان.. خەمییان چییە؟. خۆ بەساڵ، تیکەیەك نەخۆن، چ خەمییانە؟.

جاران باوكم وانەبوو. بیرم نایە جارێك باوكم چووبێتە سەر گۆڕەكەی. بەیانیانی جەژنانیش بەتاقەت نەبوو بچێتە سەرقەبران. لەگەڵ پیاوانی گەڕەكیشدا نەدەگەڕا. ئێستاش ناگەڕێت. لەوانەیە بیانووی ئێستایی، دووری من بێت. پێیخۆشبوو، هەمیشە تەنیابێت.

ڕۆژێك (سەعد) بار دانەگرێت، پەستی ڕووی لێدەنێت. وەك ئەوەی دوایین ڕۆژی دنیابێت.

پێمدەڵێت:

كەسم نەدیووە، هێندەی تۆ بێخەم بێت؟.

خەم بۆ؟.

یەكەمینجاری بوو بێتە ژوورەكەم. حەپەسانم لە ڕووخساریا بینی!. بۆ؟. بەحەزەرەوە تەماشایی دەكردم. وەك ئەوەی ژوورەكەم پڕبێت لەو تفاقانەی بەخێراترین ڕێگە، مرۆڤەكان لەناوبەرێت.

وتی:

تەنانەت، پەنجەرەیەكیشت نییە؟!.

وتم:

ئەو كاتەی لێرە گیرسامەوە، هەر ئەم ژوورە چۆڵبوو.

وتی:

بۆنی تەوالێتەكە، دەگاتە ئێرە.

وتم: هەستی پێناكەم.

دانیشت، چایەکی بەپەلەم بۆ سازکرد، بۆنی چوولەکە، ژوورەکەی بەجێنەدەهێلاً. دەمزانی چا یەکەی بە نابەدڵی هەڵقوراند، نەهێشتن بـۆ تێکردنـەوەی پیاڵـەی دووەمـین، سـەلماندنی بـە بۆچـوونەکەم بەخشی.

بەپێکەنینەوە وتی:

لەوە دەچێت یەکەمین میوانت بم!.

هیچم نەووت.

ڕۆژی دواتـر، دەبـوو هـەموو ئـەو وشـانە بڵێتـەوە، کـە لـەڕۆژانی بێکاربوونماندا دەیووتن. هیچی نەوتـەوە. جنێوی بەکەس نـەدا و سەرکۆنەی باوکی نەکرد، کەهیچی بۆ بەجێنەهێلاوە.

ڕوویلێنـــام، میوانـــدارییان قبـــوڵ بکـــەم. نـــەمتوانی. بەئاشـــکرا لێمدڵگران بوو.

ئێستاشی لەگەڵبێت، چیتر نەمبیستەوە بەزەیی بەخۆیـدا بێتـەوە. ڕاستر بیانوویەك نادۆزێتەوە بۆ جنێودان و پرسیارە بێماناکانی.

چەندانجار پێیووتووم:

تــەمای هاوســەرگیریت نییە؟.تاکــەی لــەم غەریبییــەدا خــۆت پیردەکەیت؟.

جارێــك بێئــەوەی بڕیارمــدابێت و شــتێکم لەوبارەیــەوە وتبێــت، کیژێکی ناسیاوی دەستنیشانکردبوو بۆم.

مـن.. سـەیرم لـەو دەهـات، ئـەو لـەمن. تـەنها جارێـك لـە غەفڵەتـەوە، وەڵامـی پرسـیارێکم دایـەوە.دەزانم، هەمیشـە وەڵامـەکان بیـانووی

پرسیار دەزێنن. ئەو لەسەری نەڕۆیشت. خواستی منیش هەر ئەوە بوو.

<u>من</u>

(دایکی ریان) ڕۆژ بە ڕۆژ قەڵەوتر دەبێت و پرسیارەکانی زۆرتر.
پێمدەڵێت:
کەسم نەدیووە وەك تۆ تەنیایی پێخۆش بێت.
پێمدەڵێت:
شەوان نابینم تەلەفزیۆنەکەش دابگیرسێنیت.
پێیناڵێم چۆن دەزانی,
پێمدەڵێت:
ئەی کە نوێژ ناکەیت، چۆنە ناخۆیتەوە؟!.
پێمدەڵێت:
ناسیاوێکم هات، ئەوەندە و نیوێکی تۆی دامێ، بەس پێت چۆڵبکەم. وتم: وەعدی داوە سەری مانگ کرێیەکەم بۆ زیاد بکات.
لەو ماوە کورتەی سلاوی هاتنە ژوورەوەمی لێدەکەم، باسی خراپی مێردی کچە بچوکەکەی دەکات.
جگەرەکێشێکی عەجیبە و ڕیزە دانەڕەشەکەی دەمیشی هەروا دەڵێت.
دەرگاکە دادەخەم و ڕوناکی ژوورەکەشم بلاچەی مژی جگەرەکەمە.

خووم بەوەوە گرتووە... ، ئا.. هەرئەوەندەی (حەوسەڵەم هەبێت) دەچمەوە سەرئەو شەقامەی، کە لەمێژە، هەڵبژاردەترین شوێنی حەوانەوە وپشودانمە.

دڵنیام.. ئەوشەقامە لەهیچ شەقامێکی ئەم دنیایە ناچێت.

نەموتووە وەك ساتەوەختی تێپەڕینی کەژاوەی قەیسەر و فیرعەونەکان، لەمبەرو لەوبەری شەقامەکەوە کیژەکان بەدەم جولاندنی گولاوپرژێنەکانی دەستیانەوە، زیاتر لەبۆنی گولاوەکانییان خەندەکانیان دەبەخشنەوە. ئەوان هێندەیان دەوێت سەرکارەکانییان لێیان ڕازیبن، خۆ ئەگەر بۆیان بلوێت و سەرکێشییەك بنوێنن، وابەحەژمەتەوە سەرنجت دەدەن، وەك ئەوەی لەم دنیایەدا کەسیان هێندەی تۆ خۆشنەویستبێت.

بەزیادەڕۆیشی مەزانە کە بەپاڵەوانێکت بچوێنن وەك ئەوەی تۆ خەڵاتی سەرفرازبوونی پێببەخشیت!!.

گەلێکجار بیر لەوکیژانە دەکەمەوە، ئەی بۆ ئەوان نەبوونە شابانوویەکی حەرامسەرا؟ کێ دەزانێت کەیفییان بەچی هاتووە و بەچ شتێکیش دردۆنگ و بێزاربوون؟!.

ئێستا ئەگەر لە وەچەی ئەو کیژانە پرسیاربکەیت و پێیان بڵێیت (چ کارەبوون؟. چییانپێخۆشبوو؟. لەوانەیە.. تێز بەپرسیارەکەت بکەن و.. پێشیان شەرمە گەر بڵێن.. ئێمە نەوەی ئەو کەنیزانەین.

چەند ساڵ لەمەوپێش بووە؟ کێ دەزانێت.

لەوانەیە جارەهایجار خەونیان بەشاژنییەوە بینیبێت؟. ئا.. مردن وەك ئــــەوەی هــــەرگیز لــــەدایك نــــەبووبن. چ.. پەیوەندییــــەکی بەمنەوەیە؟.

ئەوەی ، مەبەستمە... پایز دەبارێنمە شەقامەکە، ئەوە منم؟!. نە نمــەی بارانێــك تینــووێتم دەخاتــەوە یــاد، نــە نیگــای تــووڕەیی کەســێکی بەرانبــەرم، تێپــەڕینی ئــەو شــۆفێرە لــەخۆبایبووەم، بیردەخاتـەوە کـە ئۆخـژنی بـەوەدێت، لـە پشـتەوەی ئۆتۆمبیلەکـەی لاشەیی چەندگوللەبارانکراوێکی تێدایە.

بیردەکەمەوە.. چ لەزەتێکە..گەرلەژێر کێبڵە ئازاراوییەکەی دەستی زیاتر بلاڵێمەوە.

## من و سەعد و خاڵیی جیاوازی

سەعد: خێزاندارە. خانووی خۆی هەیە. کوردی نازانێت. ٣ ساڵ ســەربازی کــردووە. بەشــێکی زۆری گوێچــکەی ڕاســتی بــڕدراوە. دەرچووی ئامادەییە. دەخواتەوە.

من : بە پێچەوانەوە.

## سەعد و من و خاڵیی هاوبەش

لـە سـاردترین ڕۆژەکـانی کـانونی دووەمـی ١٩٩٢، لەجـەنجاڵترین شەقامی شاردا، (٧)کەس بۆ گوللەبارانکردن ڕاوەستێنران.
مـاوەی ئەنجامـدانی کارەکـە هەرئەوەنـدەی پێچـوو، کـە بەچـاوی بەسـتراوەوە لەپەنایەکدا ڕاوەستێنران و ئەفسـەرێك ناوەکـانی بـە دەنگێکـی بـەرز ئاشـکرا کـرد و کۆمـەڵێك لـە ئامادەبووان چـەپڵەی گوللەبارانکراوییان بۆ لێدان.
ئەو ڕووداوە تا ماوەیەکی زۆر، پێشـەنگی کۆی ئەو باسانە بوون، کـە بـەنهێنی لەگێڕانەوەنەکانـدا ئامادەییـان هـەبوو، تـا ئـەو کاتـەی جـارێکیتر و جـارێکیتریش هـەمان ڕووداو دوبارەبوونـەوە. تاکـە جیاوازیان هێندەبوو، شوێنکەوتی شەقامەکان گۆڕدران و ژمارەی گوللەبارانکراوەکانیش زیـاد و کـەمی دەکـرد، تەنانـەت کەسوکاری گوللەبارانکراوەکان دەبوو پارەی فیشەکانیشییان بگێڕایەتـەوە بۆ میری و پرسەدانانیش یاساغ.

## سەعد(بەئاشکرا)

درۆیـە، هـەرگیز جەسـتە بـە ئـازار ڕانایـەت. هەسـتم دەکـرد، قـوڵم لێمبێـزارە و دەیـەوێت جەسـتەم بـەجێبێڵێت. جەسـتەم لـە قـوڵم

تـووڕە. تـەنها جارێـك جنێومـدا. وتییـان  ئێمـە بـە دەم نـایڵێیین، خوشـــکەکەت بەڕاســـتی دێنینـــە بـــەردەمت. ئامـــادەبووم قۆنـــدەرەکانییان مـــاچ بکـــەم و کردیشـــم. ڕاســـتییان دەکـــرد ترسـنۆکبووم. ترسـنۆك نەبوومایـە، لەبـەرەکانی جەنگـدا لاشـەکەم دەبـوو بـە خـەڵوز . بـاوەم لـەباتی خانووەکـەم بـۆ بفرۆشـێت، خانوویەکی وەردەگرت. وتییان: ئەو لەتە گوێچکەیەت دەبڕیین، بۆ ئەوەی ئازابیت.

## <u>من (بەنهێنی)</u>

گومانم نەبوو کەفریشتەکان وەك سووپەرێك تـەواوی ئازاری کێبـڵ هاویشتن و تەزووی کارەباو شوێنکوژانەوەی جگـەرەو....  لـەئامێز دەگرن و.... ئەوەی ئازار دەدرێت ئەوانن نەك من.!!.

بـەزەییم بەخۆمـدا دەهاتـەوە.. بـۆ وەك فریشـتەیەك نـەخوڵقام، تابەخەمی هیچەوە نەبم.!.

شکم نـەدەما، خواوەنـدیش لەگـەڵێك کـاری نابـەجیٚ تووڕەدەبێـت و خـەم دایـدەگرێت.  دەمزانـی فریشـتەکانیش بەتاقـەت نـامێنن و بەجێمـدێڵن و ... هەرواشـبوو. جەسـتەیە و هـەتا سـنوورێکی دیاریکراو دەتوانێت لەبەر ئەشکەنجەداندا خۆی ڕابگرێت.

منیش نەبوومایەتە سۆنگەی خێرا مردنییان، ئەوان هەردەمردن!.

چ دوژمنایەتییەکم لەگەڵییان هەبوو؟.

## من

ئەگەر پەنجەرەیەك ئا لەئاستی ئەم دانیشتنەتدا بووایە.. زۆرجار هەوڵت داوە پەنجەرەیەك لەسەر دیوارەکە بنەخشێنیت وهەر ڕێك لەئاستی ئەم دانیشتنەتەوە ، دەرەوە چاتر ببینیت.

لەدەرەوە، شەقامێکی قەرەباڵغ.. ئەو خەڵکە هەریەکە و بەکاری خۆیەوە سەرقاڵە و... . دەڵێیت داساکەندنییان نییە. دەڵێیت بۆ ئەوە لەدایکبوون بەپەلە بڕۆن و ئەو کارانەی لەسەریانە ئەنجامی بدەن و.. . بەرلەوەی کیژ وکوڕێك بگەنە ئاستت، سێ کەس، لەوکەسانە دەخەیتە سێرەی بینینتەوە.. ئەو سێ کەسە، چوون سێوێك بەسەر سێ بەشدا، قاشی بکەیت، چوون یەکن، ئاوا تەمەنییان لە ٢٢ ــ ٢٤ ساڵێکدا دەبن.. کەسێکییان شەڕواڵێکی خۆڵەمێشی و کراسێکی میلداری شین باوی لەبەرکردووە و کەمێك بەخۆوەترە، ئەوەی تریان لەوەدەچێت ژنی هێنابێت ومنداڵێکیشی هەبێت. سەرتاپای پۆشاکی بەری سپی. سێ کەسن.. خەمباری نیگاکانی مات کردوون. تووڕەن.. ڕەنگیان بە لیمۆیەکی فرێدراو دەچێت. بەتوورەییەوە بە دووی کەسێکدا وێڵن: کەسێك.... .

کەسێکیان، جلێکی شیرداغی لەبەرە و هەڵوێستەیەك بۆ پەنجەرەکەت دەکات!.. کەسەرنجیدایت.. بێهیچ شەنوکەوێك بەزەییەکی سۆزئامێزت پێدەبەخشێت.. پێتدەڵێت:

چ ژوورێکە؟ چۆن ئۆقرە دەگریت؟.

دەیەوێت شۆخیت لەگەڵبکات:

ــ هێندەی دەلاکخانەیەك ڕۆژنامەشی لێنییە، تا نۆرەت دەگات، خۆتی پێوەبخافڵێنی! وای لە ژوورەکەت!!

کەسەکەیتریان، قژێکی خاوی پێوەیە، ڕوودەکاتە (سەعد) و بە پلارەوە، دەڵێت:

ــ نەئینجانەیەك هەیە، نەگوڵێکیش، تا بەنەزاکەتەوە چاوەڕێبێت لێوەکانی تەڕبکات. نە قاوقیژی منداڵێکی هاروهاجی لێدێت، نەخاتوونێکیش سفرەکەی بۆڕێکبخات، تا لەپێشەوە سوراحییەکی پڕلەوردەسەهۆڵی بۆ دابنێت.

ئەوەیتریان، بزەیەك دەکات، بزەیەك وەك بەچاو پێبکەنێت، دەڵێت:

ــ چۆن زیندان، شێتی نەکردوویت؟. تەنانەت، مێروولەکانیش پێیان ئەستەمە شارایەکییان لێرە بخەن؟مەگەر کوکوختییەکی غەریبیش پێی ئەغزە بە ساپیتەکەتەوە هێلانەیەك چێبکات؟.

## سەعد

شەقامەکەم.. پڕە لە بێدەنگی، نە کۆشکە قوچ بالآکان، تیشکی خۆری لێدەشارنەوە، نەچڵکاوی دوکانداریێکی چەپەڵ، پەڵە لەڕووخساریا بەجێدێڵێت. نە وەردیانەکە بەجنێوەوە، سەمونێکی ڕەقم تێدەگرێت.

گەلێکجار دڵڕەقانە دەڕوانمە ئەوکەسانەی لێرەوە گوزەردەکەن، وەك ئەوەی بەهەڵە هاتبێتنە ئێرە، دەمەوێت ناسنامەی تەواوی یەکەبەیەکەیان بزانم. کێ ئەومۆڵەتەی داونەتێ لێرەوە تێبپەڕن.؟ بڕیارمـــداوە.. ڕۆشـــتن بـــۆ .. زینـــدانیکراو و یاســـاوڵ و... عارەبانچییەکانی بەردەرگای زیندانەکە و.... قەدەغەیە.

شەقامەکەم.. جەنجاڵی پێوە دیارەو..

دەڕوانمە ئەو حەشاماتەی وەك بڵێیت هەربەپێوە لەدایکبوون. لێیان دەڕوانم.. لەناو هەموویاندا دووکەس دەستنیشان دەکەم. دوو کەس ڕووخساریان بە ڕووخساری ئەوان نەچێت!! گوشادم.. ئەوەتا، زۆر بێخەمانە ڕێدەکەن. وەك ئەوەی ئەم شەقامە بۆ هەردوکییان بنیاتنرابێت، دووکەسن، ئاغرئاغر هەنگاو دەنێن و بەپەرۆشەوە لەگەڵیەك دەدوێن. لەسەرەتاوە گریمانەیەك چێ دەکەم: ژن ومێردێك بن و لەمێژبێت مانگی هەنگوینییان فەرامۆشکردبێت، نا... بۆنابێت کیژوکوڕێك بن ولەسەرەتای وادەی دەزگیرانداریاندابن. تەماشایان دەکەم، باسی شتێکی گرنگ دەکەن، وەکچۆن، نەباسی زیندان و یاساوڵ و نە ئازادی و نە ونبوونی خۆربکەن.

هەموو شتێك بۆ گێڕانەوە دەستدەدات، گرنگ گوێلێگرتنە.

ئێستا سەری نەویکردووە، ناکرێت بوترێت ئاخۆ لەگەڵ خەیاڵەکانی دەزگیرانەکەی هەنگاو دەنێت، یان تەنها بەوجەستە ماندووەیەوە کەوتۆتە ئاقاری ئەو کیژەی بۆنی(تەمارە)ی لێدێت!!.

## من و سەعد(وەك خۆی)

ئەمجارەش، (سەعد) لەپێشەوە سلاّو دەكات ودادەنیشن. چاوی بەچاوی (سەراب) ناچێت. لێ.. جوانییەكی ئەفسوناوی تیاكۆبۆتەوە. تەماشای دەكات و بزەیەك دەكات. هەتا پیاڵەچاكەی بەردەمیشی لادەبات، بزەكەی ئاوانەبووە, كتومت ئەو كاتەی پێدەچێت، دایكی لە هیچ وشەیەكی بووكەكەی تێنەگات. ئەمما.. لەو هەموو سۆزەی بێئاگانییە. ئەوەتا جێگەكەی ڕاخستووە و پێیدەڵێت:

ــ ئیتر لێرە دەمێنینەوە؟!.

ــ ئا.. لێرە دەمێنینەوە.

## سوپاس و پێزانین:

* هونەرمەندی ئازیز.. ڕۆستەم ئاغالە، وێڕای تابلۆ ناوازەکانی بەرگی ئەم کتێبە، نەخشەسازییەکەشی لە ئەستۆگرت.

برای دڵسۆزم هاوڕێ هەژار.*